# حزبە سیاسییەکانی میسر

**نووسینگەی دارشتنی بەرنامەو**
**خزمەتگوزاری ڕێنمایی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی**
**کۆماری ئیسلامی ئێران**

## وەرگێڕانیلە فارسییەوە

## ئەژی گۆران
## و
## ئەحمەد قادر سەعید

**سلێمانی** /2003


**عنوانی کتێبەکە بە فارسی**

**احزاب سیاسی مصر**

**دفتر برنامە ریزیو خدمات موزشی وزارت امور خارجە**

**چاپ اول:** 1373

**تعداد:** 2500**جلد**

**حروفچینی، صفحە ارایی، لیتوگرافی، چاپو صحافی:**

**مؤسسە چاپو انتشارات وزارت امور خارجە**

**دفتر مرکزی وفروشگاە شمارە** 2: **تهران، خیابان شهید باهنر، خیابان شهید** آقایی

**صندوق پستی** 19395/4746، **تلفن:** 20-2577019

**نمایشگاە وفروشگاە مرکزی ومرکز پخش: تهران، خیابان** آیت الە طالقانی **بعد از نقاگع بهار، شمارە** 517، **صندوق پستی** 15875/6353 **تلفن:** 768582

**نمایشگاە وفروشگاە شمارە** 1: **انتهای خیابان شهید باهنر، میدان شهید باهتر**



www.pertwk.com

# وەزارەتی رۆشنبیری

## بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان


. orgwww.roshnbiri
khanaywargeran@yahoo.com



- ناوی کتێب: حزبە سیاسییەکانی میسر
- نووسینی: نووسینگەی دارشتنی بەرنامەو خزمەتگوزاری ڕێنمایی
  وەزارەتی کاروباری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران
- وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئەژی گۆران و ئەحمەد قادر سەعید
- تایپو نەخشەسازیی کۆمپیوتەری: بەهرە عیزەدین
- نەخشەسازیی بەرگ: فەرهاد مەلا حەسەن
- زنجیرە: 23

- تیراژ: 1000 دانە
- ژمارەی سپاردنی: 361
- چاپی یەکەم: 2003- سلێمانی



www.pertwk.com

www.pertwk.com

# سەرەتا

ولاّتی میسر کەوتۆتە سەرووی رۆژهەلاّتی کیشوەری ئەفریقیاو، لە رۆژهەلاّتی دەریای سپی ناوەڕاستدایە.

زەوییەکی چوارگۆشەیی بیابانییە، ئەگەر رووباری نیل نەبوایە ژیانی تێدا بەسەر نەدەبرا. بەوتەی}هێرو دوت{:

(( میسر خوانی نیلە))، رووباری نیلو بیابانە پانو پۆڕەکەی بە دیاردە ئاشکراکانی میسر دەژمێردرێت، بەجۆریّ لە مێژووی شەش هەزار ساڵەی پێشودا، ئەم کیشوەرە، رۆڵی گرنگی بووە لە:

1ـ سەپاندنی دەسەلاّت 2ـ کار ئاسانی کاروباری دەسەلاّت

3ـ ئارامیو بەیاساکردنی دەسەلاّت لەنێو کۆمەڵگادا.

میسر لەواقیعدا دەرکەوتووترین کۆمەڵگای هاوبەستەیە بەئاوەوە، کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی رووباری نیلو تۆڕەکانی (ئاودێریو کەناڵەکانو سیستمی لافاوو ئاوبەستەکانو داخورانی زەوی) لەلایەن دەوڵەتی ناوەندەوە، کاری چاودێریو کۆنترۆڵکردنی ئەوسەر زەمینە بەشێوەیەکی





رێژەیی ئاسان دەکات، تەواوکردنی کاری بیناسازی بەربەستی(ئەسوان) لەساڵی 1971 دا بۆ والاّکردنی زەمینەی کشتوکاڵی بوو، هەروەها بۆ پەرەپێدانی چەندین جۆری بەرهەمو، بەرهەمهێنانو ئامێر ساز کردنی کشتوکاڵ لە بواری چاندنی لۆکەو گەنمو برنجو قامیشی شەکرو، گەنمەشامیدا پەرەی پێدا. ئەمە لەکاتێکدا کە دانیشتوانی میسر (60٪)کالاّی خۆراکیان لە دەرەوە دەهێننو، رادەی بژێوی زۆربەی دانیشتوانی ئەو ولاّتە لەخوار گوزەرانی پێویستدانو، کۆچکردن لەدێهاتەوە بۆ شار بۆتە هۆی بەرزبونەوەی رادەی بێکاری لە شارەکاندا.

بەشی پیشەسازی پێگەیشتوکە لە 30٪ هێزی کاری خستۆتە گەڕ، بەشێوەیەکی سەرەکی لە کاری رستنو چنینو، پیشەسازی بەرهەمە کشتوکاڵییەکاندا کۆبۆتەوە.

دەرهێنانی نەوتی بیابانی سینا، میسری گەیاندۆتە رادەی هەناردنی نەوت بۆ دەرەوەو لەهەمانکاتدا کەوتنەوە گەڕی}کەناڵی سویس{ کە ئەنجامی جەنگی ساڵی 1967 هەتا ساڵی 1975 گیرابوو ئابووری میسری لەپوکاندنەوە رزگار کرد. لەنێوان ساڵی 1979 تا ناوەڕاستی ساڵی 1983 بەهای

www.pertwk.com

داهاتی ناوخۆ 9٪ بوو، لەم ساڵانەی دوایشدا ئابووری میسر بەهۆی زۆر هۆکارەوە رووی لەنابووتی کردوە.

بارودۆخی نەچەسپاوی نرخی نەوتو کەم بوونەوەی دەرامەتی میسرو، شەڕی(کەنداوی) عێراق ئێران بووە هۆی کەم کردنەوەی داهات. ئەو میسریانەش لە دەوروبەری (کەنداو)دا دەژیانو، جەنگ بوو بەهۆی وەستانی ناردنەوەی دەستکەوتەکانیانو، پیشەسازی گەشتو گوزار کە }گرنگ ترین سەرچاوەی داهاتی میسر{ە بەهۆی نائاسایشو نائارامی ناوخۆو ناوچەکەوە، ئەمانە هەمووی بوونە هۆی هێنانەدی بارودۆخێکی ناڕێکی ئابووری ئەو وڵاتەو، هاوکات لەگەڵ بەرز بوونەوەی نرخی کاڵاو، نەمانی پشتگیری نرخی بازاڕ ((دعم)) کاری کردۆتە سەر بێزار بوونی رای گشتی.

زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان }بەپێوانەی نزیکی یەك ملیۆن کەس لەنۆ مانگدا.{ ئەمانەو باری بیروکراتی کە نزیکەی 12 ملیۆن فەرمانبەر دەگرێتەوە. سەرەرای قەرزاری دەرەوە، کە لە 40 ملیار دۆلار زیاترە } ئەمانە هەموو لە کێشە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتەن{.



میسر بەو ژمارەی دانیشتوانەیەوە کە لە50 ملیۆن کەس تێپەڕیووەو، بە گەورەترین وڵاتی عەرەبی دەژمێرێ لەرووی ژمارەی دانیشتوانییەوە، لە 99٪ی دانیشتوانی لەسەر3/5 رووبەری خاکە کەیدا نیشتەجێن.

کۆبوونەوەی دانیشتوان لە دەوروبەری دۆڵی نیلدا لە پارچە زەوییەکی یەك میل چوارگۆشەدا، شەش هەزار کەس دەبێ. زمانی رەسمی خەڵکی میسر زمانی عەرەبییەو، لە 92٪ی دانیشتوانی موسڵمانی سونی مەزهەبنو بەشەکەی تریان فەلەی قیبتین. سەبارەت بەلێکۆڵینەوەی سیاسیو سیستمی دەوڵەت لەمیسرداو، پەیوەندییەکانی دەرەوەی، پێویستە دەورانی سیستمی حوکمی بیانییەکان بەشێوەیەکی تایبەتی رەچاو بکەین. ئەنجامی کۆتایی دەسەڵاتو داگیرکردنی بیانیەکان، هاندەری ئەو هەستەی خەڵکی میسر بوون، کە هەمیشە نێوان خۆیانو بیانییەکان بە بەربەستێکی جیاکەرەوە بزانن.

لەدرێژەی مێژووی شەش هەزار ساڵەی میسردا،یەك بەدوای یەك لەلایەن ئیرانییەکانو یۆنانییەکانو رۆمەکانو عەرەبەکان داگیر کراوە. تا سەرەتای چەرخی شانزەهەم،

www.pertwk.com

عەرەب زنجیرەیەك شالاوی یەك لەدوای یەكی كردە سەر میسر، لەوانەش كە ئەتوانرێ ئاماژەی پێ بكرێ،( فاطمی)یەكان و (ئەیوبییەكان)و (مەمالیكەكان)بوون.

دەسەلاتی عوسمانییەكانیش ساڵی 1517 دەستی پێكرد، بۆ ماوەیەكی كەم } 1798– 1801{ كەوتە ژێر دەستی فەرەنساییەكانەوە، تا جارێكی دی لەساڵی 1802 گەڕایەوە ژێر دەسەلاتی عوسمانییەكان .7

لەنێوان ساڵانی }1841–1882{ فەرماندەیەكی ناوخۆیی بەناوی (خدیوی)یەوە لەژێر فەرماندەیی عوسمانییەكان كاروباری میسری بەڕێوە دەبرد.ساڵی 1882 ئینگلیزەكان میسریان داگیر كردو، لەئەنجامدا دەسەلاتیی خۆیان بەسەردا سەپاند.

ساڵی 1914 بەریتانیا میسری خستە ژێر (ئینتداب)ی خۆی و، خدیوی لە دەسەلات لابرد چونكە لایەنگیری ئەلمانیا بوو.

لەساڵی 1922 (فؤاد)كە سەر بەئینگلیز بوو، كرا بە پادشای میسر، وبەپێی رێكەوتننامەی ساڵی 1936 لەنێوان میسرو بەریتانیا حوكمرانی میسر دانی پێدانرا. بەلام مافی بنكەی كەناڵی سویس و، هەردوو بەندەری (پۆرت سەعید)و



(ئەسكەندەرییە) وەك بنكەیەكی دەریایی لەژێر دەسەلاتی بەریتانیادا مانەوە، هەروەها مافی راگواستن و لەشكر كێشی بۆخۆی بڕیاردا، هەركاتێ لە دژی بەریتانیادا هەرەشەی جەنگ كرا.

ئەم رێكەوتننامەیە، لای میسرییەكان پەسەند نەبوو، چونكە ئەوان نەفرەتیان لەبێگانە دەكردو، رۆژ بەرۆژیش بێزارییان پەرەی دەسەند. 8

دوای جەنگی جیهانی دووهەم بەرهەڵست كاری دژی داگیركەرو، بێزاری خراپی باری ئابووری و رەفتاری ناپەسەندی دەوڵەت بوون بەهاوتای یەك بەرپابوونی شۆڕشی 23/تەممووزی/1952 كەچەند ئەفسەرێك بەناوی } ئەفسەرانی ئازاد{ەوە، سەركەوتن و توانیان رژێمی پاشایەتی (فؤاد) لەنێوبەرن و، ناونیشانی پاشایەتی كە لەگەڵ دیموكراتییەتدا گونجاو نەبوو وەلا بنێن و حكومەتە یانزەمانگەی (ئەحمەد فؤاد)ی دووەم كوڕی مێر منداڵی ئەویان روخاند.

لەرووی داراییەوە، بۆ چارەسەركردنی ناتەواوی بودجە (عجز المیزانیة) هەوڵدرا! (چاكسازی كشتوكاڵی زەوی) سەری هەڵدا، كە بەهۆیەوە دەتوانرا هەر جوتیارێ لەسنوورێكدا پارچە زەوییەكی لەدەستدا بێت.

www.pertwk.com

ئەنجومەن پەرەپێدانی بەرهەمی نیشتمانی لەپێناو پەرەسەندنی بەرهەم هێنانو ئەنجام دانی پیشەسازی بەبڕشت هێنایەکایەوە، سەرەڕای ئەوەش سزادانی بەرهەڵست کاران لەناو کۆمەڵگادا لەبەرچاو گیرا. نەخشەی دروست کردنی بەربەستی ئەسوان دارێژرا، خزمەت گوزاریو خۆش گوزەرانی کۆمەڵایەتی فراوان تربوو، جگە لەوەش جموجوڵی( اخوان المسلمین)ەکان قەدەغە کراو هەڵوەشێنرایەوە. دانوستاندن سەبارەت بە کەنداوی سویس لەگەڵ ئینگلیزەکان ئەنجام درا، لەساڵی 1954 ماوەی پەیمانیساڵی 1936 کۆتایی هاتو، بڕیاردرا کە هێزەکانی بەریتانیا تا ساڵی 1956 ناوچەکە بەجێبهێڵن.

جەرناڵ( نەجیب)کە بەرواڵەت رابەری ئەفسەرە ئازادەکانی پێسپێردرابوو، لە (حوزەیرانی)ساڵی 1953 حکومەتی کۆماری میسری راگەیاند، هەر خۆشی تا ساڵی 1954 سەرۆك کۆمار بوو. لەوساڵەدا تاوانی ئەوەی خرایە پاڵ کە نابەجێ کەڵکی لە دەسەڵات وەرگرتوەو، لە سەرۆکایەتی لابراو، دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆماری دران بە ئەنجومەنی وەزیران.


9



عەقید (جەمال عبدولناسر) رۆڵی سەرەکی لەبەئاکام گەیاندنی شۆڕش 1953 دا هەبوو، بوو بەسەرۆکی وەزیرانو، ساڵی 1954دا بوو بەسەرۆك کۆمار.

جێگیربوونی حکومەتی سەربازی لەمیسردا، دەست پێکی شۆڕشێك بوو لەرووی ئابووریو کۆمەڵایەتیو، گوشار خستنە سەر کۆتایی پیکهاتنی دەسەڵاتی ئینگلیزو، بیانیەکانو هەروەها هەوڵێکیش بوو بۆ یەك خستنی عەرەبەکان بەڕابەری میسر لەبەرامبەر ئیسرائیلدا.

میسر لەسەردەمی حوکمڕانی ناسردا، بایەخێکی جیهانی تازەو باشی بۆ پەیدا بوو، ئەوەش لەسێ روەوە: رابەری گەلانی عەرەبی لەبەرامبەر ئیسرائیلدا، لەجیهانی ئیسلامو ئەفریقیادا، هەروەها هاوبەشی کردن لەکۆنگرەی ولاتانی بێلایەن کەلەباندونگ ساڵی 1955 بەسترا، ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی کەولاتانی بێلایەن زیاتر لێی نزیك ببنەوە.

میسر لەئۆکتۆبەری 1955دا، لەگەڵ سوریاو عەرەبستان، پەیمانی بەرگری بەست، لەنیسانی 1956 پەیمانێکی سەربازی لەنێوان میسرو عەرەبستانو، یەمەندا مۆرکرا.


10

www.pertwk.com

ئیسرائیل روو لەقەیرانێکی دژواردابوو، هێرشی سەربازی لەسەر سنووری غەززدا پەرەی سەند.

میسر کەخۆی بەسەرکەوتوو دەزانیو بەئارەزووی خۆی چەکی وڵاتانی رۆژئاوای دەسکەوت، لەساڵی 1955یشدا یارمەتی سەربازی (سۆڤیەتی جارانی) قبوڵکردو، لەگەڵ چیکۆسلۆڤاکیادا، رەزامەندی کڕینی چەکی مۆرکرد.

لەساڵی 1956دا، کەرۆژئاوا نەیان ویست لە دروست کردنی ئاوبەستی (ئەسوان)دا، هاوکاری میسر بکەن ئەویش خۆماڵیکردنی کەناڵی سویسی راگەیاندو، داهاتەکانی ئەو کەناڵەی کۆنترۆڵ کرد. زلهێزەکانی دەرەوە، ئەوانیش بەنۆرەی خۆیان کەوتنە تۆڵە سەندنەوە ولەئەنجامدا، شەڕی کەناڵی سوێس هەڵگیرسا کە لەئۆکتۆبەر تا نۆڤەمبەری 1956 درێژەی کێشا.

هێزەکانی بەریتانیاو فەرەنساو، ئیسرائیل هێرشیان کردە سەر میسر، بەڵام لەژێر گوشاری (سۆڤیەتی جاران)و نەتەوە یەکگرتووەکان دا، پاشە کشەیان کرد، هەر لەوساڵەدا میسر جەنگێکی سەرنەکەوتوانەی بەرامبەر ئیسرائیل بەرپاکرد.





لە سەرەتای ((شوباتی)) 1958، بەنیازی دروست کردنی ((کۆماری یەکگرتوی عەرەبی)) بەسەرۆکایەتی سەرۆك (عەبدولناسر) کۆماری میسر لەگەڵ سوریا یەکگرتنیان راگەیاند، هەرچەندە سوریا لە ئەیلولی 1961 جیابووەوە، بەڵام میسر تا ساڵی 1971 هەر بەناونیشانی (کۆماری یەکگرتوی عەرەبی) مایەوە، تا دوایی ناونیشانی ((کۆماری عەرەبی میسر))ی، بۆخۆی هەڵبژارد. (میسر لە ساڵی 1958 دا لەگەڵ یەمەنی باکوور یەکی گرتو، ویلایەتی یەکگرتووی عەرەبی دامەزراندو یەکگرتنی ناوبراویش لە ساڵی 1961 هەڵوەشایەوە.)

میسر لەشەڕی شەش رۆژەی نێوان عەرەبو ئیسرائیلدا،لەساڵی 1967 دوچاری زیانێکی گەورە بووە، کە لەئەنجامدا رێی کەنداوی سوێس گیراو،نیوە دورگەی سیناش کەوتە ژێر دەستی ئیسرائیلەوە، ئەمەش وای لەمیسر کرد کە لەرووی ئابووریو سەربازییەوە روو لە سۆڤیەت بکات.

ئەم جەنگە بۆ ناسیونالیزمی عەرەب، شکستێکی گەورە بوو، بوو بەهۆی ئەوەی کە شەپۆلی ناسیونالیزم بەرە بەرە هێور بێتەوە، خەڵکی عەرەبیش زیاتر روو لە ئیسلام بکەن،



www.pertwk.com

لەئەنجامدا هەوڵیان بۆ ئەوە دەدا، کە لە خۆبای بوونو یەکێتی لەدەست چوویان، بە بەهاکانی ئیسلامەوە ببەستنەوە،جگە لەوەش هەوڵی ئەوەیان دا کە چارەسەری گیروگرفتەکانیان لەڕێی یاساکانی ئیسلام تاوتوێ بکەن.

ناڕەزایی گشتی، سەبارەت بەچاکسازی پێك هاتەی حکومەتو، کایەکانی یەکێتی سوسیالیست عەرەب (ASU)، تاکە حزبی یاسایی کشوەر، کارلێکەری ئەو واقیعە بوو.

مردنی ناسر لەساڵی 1970دا، وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لەمێژووی نوێی میسردا. بەدوای ئەوەدا دەسەڵات کەوتە دەست ئەنوەر سادات کە جێگری ناسر بوو. سادات توانی خۆی لەو قەیرانە بپارێزێ، کە (عەلی سەبری)و چەند کەسانێکی سەربەو، بەنیازی سەرنگون کردنی بوون، ئەگەرچی بەدوای ئەو رووداوەدا گۆڕانکارییەکی سەرتاسەری لەحزبو دەوڵەتدا رویداو، سەرۆك کۆماری بۆ سادات لەکۆنگرەی یەکێتی سوسیالیستی عەرەبدا کە لەمانگی تەممووزدا بەسترا پەسەند کرا، جیپێی سادات پتەو بوو، .

هاوکات لەگەڵ هەواداری گروپەکەی (عەلی سەبری) کەبەلایەنگرانی بۆ سۆڤیەت دەناسرانو لەگەڵ هەڵکشانی





پشت تێکردنی مۆسکۆ لەبارەی دابینکردنی چەكو چۆڵەوە، بووبە هۆی زیادبوونی گرژیو نالەباری لە پەیوەندییەکانی سۆڤیەتو میسردا. هەموو ئەو هۆکارانەو نارەزایی سۆڤیەت لەپشت بەستن بە ئەمریکا، لەرووی گرتنەوەی ئەو شوێنانەی کە ئیسرائیل داگیری کردبوون، ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە (17000) حەڤدە هەزار کارمەندی روسی لەناوەڕاستی 1972دا دەربکرێن.

لەرووی نارازاییەوە (نیکسون) سەرکۆماری ئەوکاتەی ئەمریکا،ساداتی لەوە ئاگادار کردەوە، ئەمریکا دەست دەخاتە ئەو جەنگەوە کە بەرامبەر ئیسرائیل لە ئۆکتۆبەری 1971دا هەڵایسا، بۆیە جارێکی دی سادات رووی کردەوە سۆڤیەت.

دوای شەڕێکی 18 رۆژە، بەچاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان شەڕیان وەستاندو، هێنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی ئەمریکا، دانوستاندنێکی بۆ رێکەوتن سازدا، کە بەپاشەکشەی هێزەکانی میسرو ئیسرائیل لە کەنداوی سوێس بەئەنجام گەیشت.

بەپێی رێکەوتننامەیەك کە لە 4 ئەیلوولی 1975دا مۆرکرا ئیسرائیل لە دۆڵو دەریاچەکانی خۆرئاوای سینا کشایەوە.



www.pertwk.com

سادات لە 19– تشرینی دووەمی 1977دا، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ سەردانێکی چاوەڕوان نەکراوی بۆ ((بیت المقدس)) دەست پێکردو، وتارێکی لەبەردەم پەرلمانی ئیسرائیلدا پێشکەش کرد، ئەم سەردانەی سادات لەمێژووی عەرەبداو بەناونیشانی کرانەوە بەرووی ئیسرائیلدا هاتە ئاراوە، بەدوای ئەوەشدا لەلایەن ئەو لایەنانەوە کە هاوکێشەی سەرەکین لەقەیرانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستداو، ئەو هێزانەی کە پشتگیریان لێ دەکەن، خواستی کارکردن کەوتە ئاراوەو بۆ ئامادەکردنی پێشەکیەکانی بەستنی کۆنفرانسی ((ژنێڤ)) تا بەنیازی ئاشتی کۆبوونەوەکانیان ئەنجام بدەن.

((مەناحیم بیگن)) سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتەی ئیسرائیل، وەڵامێکی ئیجابی دایەوەو، لە 5/کانوونی دووەمدا–(میسر لەگەڵ (5) وڵاتی عەرەبی پەیوەندی بچڕاند: ئەوانیش

15

(جەزائیر، عێراق، لیبیا، سوریا، یەمەنی باشوور) بوون. بەیەك گەیشتنی بیگن و سادات لە 26/کانوونی یەکەمی (لە ئیسماعیلیە) سەرەتاکانی ئەگەری ڕەزامەندی لەنێوانیاندا سەبارەت بە بیابانی سینا پەیداکرد، سەرەرای ئەوەش درێژە پێدانی گفتوگۆکان لەسەر ئاستی وەزیرەکان لە ئورشەلیم





سەبارەت بە کاروباری سیاسی و، کۆبونەوەکانی قاهیرەش بۆ کاروباری سەربازی دەستی پێکرد. لە ئەیلوولی (1978)دا لە کامپ دیڤیدی ویلایەتی میریلاند، کۆنفرانسێکی دە ڕۆژەی سەرکردەکان بەچاودێری (جیمی کارتەر) بەسترا.

ئەنجامی ئەم کۆبوونەوانە، دوو بەڵگەنامە کە بریتیبوون لە (پەیمانی ئاشتی نێوان میسرو ئیسرائیل)و (ئاشتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست). کرانە ناونیشان و هەردو پەیماننامەکە رۆژی 17/ ئەیلوول لە کۆشکی سپی لەنێوان سادات و بیگندا مۆرکران.

لەناوەڕاستی شوباتدا لەنێوان نوێنەرانی ئیسرائیل و میسردا، پەیمانێکی ئاشتی و سێ پاشکۆ بەهەموو وردەکارییەکانیەوە بڕیاری لەسەردا. دواجاریش ئەو پەیماننامەیە لە واشنتۆن لە 16/ئازارو 25/ نیساندا لەلایەن

16

بیگن و ساداتەوە مۆرکرا.

بەو پێیە جەنگی 31ساڵەی نێوان ئیسرائیل و میسر کۆتایی هات، لە 25/ مایسیشدا یەکەم دەستە لەهێزەکانی ئیسرائیل بیابانی سینایان بەجێهێشت و،وتو وێژی ئوتۆنۆمی کەرتی غەززەو، بەری ڕۆژئاوای }ڕووباری ئۆردن{ دەستی



www.pertwk.com

پێکرد. بەدوای ئەم هەنگاوانە کاردانەوەیەکی خێراو، پەرچ دانەوەیەکی زۆری عەرەبەکانی بەدوادا هات.

کۆبونەوەی یەکێتی وڵاتە عەرەبییەکان، کە لەکۆتایی مانگی مایسدا ئەنجام درا بڕیارێکیان پەسەند کرد کە داوای دەکرد میسر لەرووی سیاسی و ئابوورییەوە کەنارگیر بکرێ، ئەوە وایکرد تا ساڵی 1978، جگە لە (عمان، سۆمال، سودان) هەموو وڵاتە عەرەبییەکانی‌تر پەیوەندی خۆیان لەگەڵ میسر بپچڕێنن، ئەندامێتی میسریان لەچەند یەکێتییەکی عەرەبی، وەکو کۆمەڵەی یەکێتی عەرەب و، سندوقی دراوی عەرەبی، لەگەڵ دەستکاری هەناردەی نەوتی عەرەبی، هەڵپەسارد. ئەم رووداوانە، رابوونی ئیسلامی لە میسردا گەیاندە لوتکە، ئەوەش لەو روداوەدا بەدەرکەوت کەلە مانگی تشرینی یەکەمدا روویدا ئەوە بوو کە دەستەیەك لە موسڵمانانی هەڵمەت بەر، لەرێو رەسمی پێشاندانێکی هێزە سەربازییەکاندا هەڵمەتیان کردە سەر سادات و کوشتیان ئەوانەشی بەو کارە هەستان سەربە رێکخراوی ((الجهاد)) بون.

پەرلەمانی میسر (محەمەد حوسنی موبارەك)ی بەجێنشینی سادات داناو، ئەویش (فواد محیێدین)ی کردە





جێگری یەکەمی سەرۆك وەزیران. حزبی دیموکراتی میللی لە هەڵبژاردنی ئازاری 1984دا زۆرینەی دەنگی بەدەست هێناو، (حزبی راسترەوی وەفدی نوێ) 8٪ ی دەنگەکانی بەدەست هێنا کە ئەویش رێژەیەکی پێویست بوو، بۆ بەشداریکردن لە پەرلەماندا.

بەڵام بێزاری پەرەی سەندو ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە نەیارەکان، بەتۆمەتی نانەوەی نائارامی تاوانبارکران و خرانە زیندانەوە، هەروەها ئیسلامیەکان بۆ پیادەکردنی یاسای ئیسلام، تاڕادەیەك بەلای توندرەویدا دایانشکاند ، ئەمەش شالاوێکی نوێی راونان و گرتنی لێپەیدابوو، لەناوەڕاستی 1985 بەدواوە گرتن و راونان پەرەی سەند، لە ساڵی 1986دا (20/000) بیست هەزار کەس لەقاهیردا راپەڕینێکیان بەرپاکرد، کە بووە هۆی لەناوچونی سەد کەسێك.

پەیوەندی نێوانی زۆربەی وڵاتانی عەرەب، لەسایەی سەرۆکایەتی موبارەکدا، گۆڕانکاری بەخۆیەوەدی، بەهۆی ئەوەشەوە کە ساڵی 1982، بەبۆنەی سنوور بەزاندنی ئیسرائیل لە لوبناندا میسر پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئیسرائیلدا بەشێوەیەکی کاتی هەڵپەسارد، بەلای کەمەوە لەناو



www.pertwk.com

میان رەوەکانی عەرەبدا جێپێی خۆی گرت، هەرچەندە لەگەڵ وڵاتێکی توندرەوی وەکو لیبیادا بەلاتەریکی مایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا میسر لەو گۆشە گیرییەی بەهۆی ساداتەوە توشی هاتبوو رزگاری بووو، گەڕایەوە ناو ریزەکانی وڵاتانی عەرەب. دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی بڵێین، جگە لەوەی کە لە وڵاتانی بێلایەن نزیك بووەوە، چوار قۆناغیشی تێپەڕاند.

1- قۆناغی لایەنگیری رۆژئاوا لەسەردەمی ئیمپریالیزم پاشایەتیدا.
2- قۆناغی دژ بەرۆژئاوا، ولایەنگیری سۆڤیەت لەساڵی 1955دا.
3- قۆناغی هەڵگەڕانەوە کە بەدەرکردنی هێزەکانی سۆڤیەت لە 1972دا دەستی پێکرد.
4- قۆناغی پەنابردنەوە بۆ رۆژئاواو بەتایبەتی ئەمریکا دوای ئەوەی میسر لەلایەن زۆربەی وڵاتانی عەرەب‌و کۆمۆنیستەوە سەرزەنشت کرا.

حزبە سیاسیەکانی ئەم وڵاتە کە لەمێژووی سیستمی سیاسی دەسەڵات کەوتبووەوەو، هەموو هەورازو نشێوەکانیان بڕیبوو، بۆیە لێکۆڵینەوەو بەدەستهێنانی ناسینێکی قووڵ لەسەریان





پێویستە، چونکە کاریگەری زۆریان لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگەی میسردا هەبووە. حزبە سیاسییە کۆنەکان لەگەڵ داڕمانی رژێمی پاشایەتیدا لە ساڵی (1953)دا تێکڕا هەڵوەشانەوە.

هەوڵ‌و تەقەلای ناسر بەزۆری لەوەدا کۆکرابۆوە کە یەك حزب پێك بێت، تا دەوڵەت‌و سیاسەتی خۆی بپارێزێ.

دوای دوو ئەزمونی سەرنەکەوتوو وەکو (( دەزگای ئازادیخوازی نەتەوەیی‌و، یەکێتی گەل..)) یەکێتی سۆسیالیستی عەرەب،لە ساڵی 1962دا وەك تاکە حزب پێك هات. دوای شەڕی شەش رۆژەی عەرەب ئیسرائیل لە ساڵی 1967دا، لەگەڵ خیانەتکردنی (عەلی سەبری) لەساڵی 1971دا، چەند جارێ سەرکردایەتی ئەم حزبە، بەپێی مەرجی یاسایی‌و دەستووری کە لە ساڵی 1971 پەسەند کرابوو، نوی کرایەوە.

کۆماری عەرەبی میسر سیستمێکی فرە حزبیی سنوورداری هەیە. لەم وڵاتەدا ئەنجومەنی گەل }مجلس الشعب{ لەکۆی 468 ئەندام 458 ئەندامی بەهەڵبژاردن دەست نیشانە دەکرێ‌و 10 ئەندامیش سەرۆك کۆمار دایان دەنێ.



www.pertwk.com

پێش هەڵبژاردنی ئۆکتۆبەری 1976، سادات لەناو (أتحادی اشتراکی)دا، سێ باڵی بەرەسمی راگەیاند- باڵی چەپی پێشکەوتن خواز- دەستەی سۆسیالیستی عەرەبی میسر- دەستەی سۆسیالیستی راست رەوی ئازاد- کە ئەمانە لیستی جیاوازی تایبەت بەخۆیان راگەیاند.

لەئەنجامی هەڵبژاردندا سادات توانی کەبەم باڵ‌و دەستە خوازییە، ئەوە رابگەیەنی کە ئەمانە حزب‌و تاقمی جیاوازن، ئەگەر چی }اتحاد عربی اشتراکی{ لەسەرو هەموانەوە بوو.

سادات لە ساڵی 1978دا هەڵوەشاندنەوەی ((اتحادی ئیشتراکی عەرەبی)) راگەیاندو کۆمیتەی ناوەندییەکەی بە بەشورای راپرسی کە هەموو ساڵێك یەك جار لەیادی ساڵڕۆژی شۆڕشی 1952دا، کۆدەبێتەوەو لەئەنجامدا دامەزراندنی حزبێکی نوێی بەناوی (حزب الشعب الدیمقراطی) راگەیاند.

لەراپرسێکی ساڵی 1979دا یاسایەکی تر پەسەند کرا بۆ دەرگا کردنەوە، لەسەر دروستبوونی حزبی تازە، لە ساڵی 1980دا بەپێی ئەو یاسا پەسەند کراوە جگە لەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی بەدەست }أتحاد أشتراكي عربي{یەوە، دەبێت، چەند حزبێك بەرەسمی ناسران.





لە مانگی تەمموزی ساڵی 1983دا ئەنجومەنی میسر مەرجێکی دانا، بەپێی بڕیارێك پێویستە هەر حزبێ بۆ بەشداربوونی لە ئەنجومەن لە 8٪ گشتی دەنگەکان بۆخۆی مسۆگەر بکات.

دوای یەك مانگ حزبی وفدی نوێ بڕیاریدا، چالاکی خۆی رابگەیەنێ لە ساڵی 1984دا تەنها حزبی دیموکراتی گەل‌و، حزبی وەفدی نوێ کورسیەکانی هەڵبژاردنیان بەدەست هێنا.

حزبی دیموکراتی گەل بەجیاوازی 6-1 بەرامبەر حزبی وەفد پێشکەوتنی بەدەست هێناو، لەساڵی 1987دا، حزبی دیموکراتی گەل بەرێژەی }77.2٪{ زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی گرت‌و، پاشماوەی کورسیەکان لەنێوان حزبی وەفدی نوێ‌و ئیئتیلافی سۆسیالیستی کار لەگەڵ حزبی لیبڕاڵی سوسیالیست‌و، ئیسلامیەکان بە نوێنەرایەتی ((اخوان))ەکان کورسیەکانیان بەرکەوت. لە میسردا لەهەژدە ساڵ بەرەو ژوورەوە بۆیان هەیە دەنگ بدەن‌و، بۆ پیاوانیش مەرجە کەدەبێ بەشداری دەنگ دان بکەن.

لەبەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا سەربوردەی چالاکییە حزبییەکان لەمیسرداو، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی چەند حزبێك



www.pertwk.com

لە سەردەمی ساداتدا- هەروەها گۆڕانکارییەکانی ناو ئەو حزبانە جێی سەرنج راکێشانن.

بەشی دووهەمی ئەم کتێبەش لێکدانەوەیە سەبارەت بەحزبی دیموکراتی گەل لەرووی چۆنیەتی و پێك هاتەیەوەو لەرووی مێژووییەوە، هەروەها تەوەرەکانی کارکردن لەهەڵبژاردنە کانداو، کاریگەری لەناو میللەتدا، وەك هۆکاری سیاسی باسکراون.

بەشی سێهەمیش تەرخان کراوە بۆ حزبی کاری سۆسیالیست ((العمل الآشتراکی))سەربوردەیەك لەبارەی دروست بونییەوە، هەروەها بۆ بەرنامەو کاری سیاسی و، ئەرکە پەرلەمانییەکانە، تا دەگا بەو ئاڵوگۆڕەی کە لەنێوان ئەوان و ساداتداو لەگەڵ ئەو ناتەباییانەی هاتنە کایەوە.

لەسەردەمی موبارەکدا ئاوێتەکاری ئیسلامی و (ئیئتیلاف)، بالاۆکردنی ئیسلام خوازی سەبارەت بە ( رووبەروو بوونەوەکانی) ناو حزب و، دواجاریش ئیئتیلاف لەگەڵ ((أخوان المسلمین))دا. هەموو ئەمانە لێکۆڵینەوەی ئەم بەشەن.

بەشی چوارهەمیش تایبەتە بە ((حزب التجمع)) وەکو: بەرنامەو پرۆگرامیان/ کێشەی لایەنگیری/ بلاۆکراوەی





سیاسی/ لەگەڵ بۆچوونەکانیانداو، چەند بابەتی تریش بەرچاو خراون.

بەشی پێنجەم / بۆ حزبی سۆسیالیستی ئازاد }الحزب الآشتراکی الحر{ تەرخان کراوە سەبارەت بە بەرنامەو سەرکردەکانیان و دواجار چوونە ناو ئیئتیلافی ئیسلامییەوە وپەیوەندیانە لەگەڵ دەسەلاتدا.

لە بەشی شەشەمدا، رەچاوکردنی لایەنی جۆراو جۆری حزب (( الأتحاد الدیمقراطی)) ((مصر القناة)) بایەخی پێدراوە بەهەمان شێوەو مەبەست لە بەشەکانی حەوت و هەشت و نۆ بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ ئەو حزبانە تەرخان کراون کە لەمیسردا هەن: حزبی ناصری / (حزبی الامة) / (حزبی الخضر) / (حزبی الوفد)

لەکۆتاییدا ئومێدەوارین ئەم کتێبە سوودبەخش بێت بۆ ئەوانەی لە زانستی سیاسیدا لێکۆڵینەوەیان مەبەستەو لەبارو دۆخی میسردا دەکۆڵنەوە.



www.pertwk.com

نوسینگەی بەرنامە ڕێژیو خزمەت گوزاری
پەروەردە لە وەزارەتی دەرەوەی ئێراندا
تاران/ 1373



# بەشی یەکەم
# مێژووی چالاکی حزبایەتی لە میسردا

www.pertwk.com

حزبە سیاسییەکانی میسر

### 1ـ دامەزراندنی حزبەکان لە میسردا

لەم کاتەدا، ئەزمونی دامەزراندنی حزب لە حکومەتی تازەی میسردا بە سێهەمین ئەزمون دەژمێردرێت. یەکەمین قۆناغی دامەزراندنی ئەو حزبانەیە کە لەنێوان 1922 تا ساڵی 1953 دروست بوون. بەوپێیەی ئەو دەمە ئیستعماری ئینگلیزی دەسەلاتی بەسەر بارودۆخەکەدا گرتبوو، بەشێوەیەکی گشتی بیروڕای حزبایەتی جێی سەرنج بوو، میللەتیش و ئەوانەش کە دەسەلاتیان گرتە دەست، لەدوای 1952وە وە، سەبارەت بە بیروڕای حزبایەتی بەگومان بوون، حکومەتی ناسرو ئەنجومەنی شۆڕش، زیاتر لە هۆکارەکانی دی، بوونە هۆی کۆتایی پێهێنانی حزبایەتی.

لەم مێژووەوە تا ناوەڕاستی سەردەمی دەسەلاتی سادات، چالاکییەکی حزبی بەدی نەدەکرا. لەسەرەتادا سادات بەتوندی بەرهەڵستی ئازادی حزبایەتی دەکرد. لە ئۆکتۆبەری 1974دا لەبلاو کراوەیەکدا، کەسایەتی خۆی تێدا ئاشکرا کردو، بەراشکاوی ئەوەی راگەیاند کە دروست بوونی حزبایەتی یەکێتی گەل لەناو دەبات.

سادات جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە میسر پێویستی بەیەك حکومەتی ناوەندی بەتواناو ویەك رابەری کاریگەری باش ویەك سەرکردایەتی هەیە، تاوەکو بەیەکێتی میللەت و،

رابەرایەتییەكەی، گەل بەئامانجەكانی خۆی بگەیەنێ. تیۆری پێی‌وابوو دروست بوونی دەستووری چەند حزبی، نەك لەگەڵ دەسەڵاتدا كۆك نییە، بەڵكو بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی لەناوبردنی توانای كۆمەڵ.



بەڵام دوای دوو ساڵ، بۆ بووژاندنەوەی ژیانی سیاسی بڕیاری خۆی ئاشكرا كردو، ماوەی دا بەكەسانی نەیارو بیروڕا جیاواز كە هەریەكەیان لەشوێنی خۆیانەوە، سەرلەنوێ بێنەوە سەر گۆڕەپانی سیاسی بەڵام هاوكات لەگەڵ ئەو هەنگاوەدا چەند بڕیارێكی دەركرد كە لەواقیعدا ئەو چالاكییانەی لەشێوەی گەمەی سیاسی دەهێنایە پێشەوەو هەر خۆشی رێنمایی دەكردن.

(( سێهەمین ئەزمونی ژیانی حزبایەتی میسر، لە سەردەمی موبارەكدا دەستی پێكرد، كە تائێستا بەردەوامە)).

***2ـ هۆكارەكانی سەرهەڵدانی سیستمی فرە حزبی لە سەردەمی ساداتدا.***

دەتوانین ئەو هۆكارانە بە دوو هۆكاری (ناوخۆو هۆكاری دەرەكی) دابەش بكەین.



***أـ هۆكاری ناوخۆ***

1ـ یەكێتی سوسیالیستی عەرەب (( یەكەم دامەزراو))[1] نەیتوانی خواستو ویستەكانی بەئەنجام بگەیەنێو، نوشووستی‌بەسەرداهات. هەروەكو (( ئەنجومەنی ئازادی))و(( یەكێتی گەل))، كەئەم دەستەو دامەزراوانە وەك، ئەڵقەیەكی پەیوەندی نێوان گەلو حكومەت، شۆڕش بۆ پشتگیریكردن لە حكومەت پێكە هێنابوون.



لەكاتی دروست بوونی یەكێتی سۆسیالیستی‌عەرەبیدا، ئەوەی كەڕاگەیاندرا، ئەوەبوو، كەئەم یەكێتییە، بزوتنەوەیەكی میللیەو، دەیەوێ هاوبەشی سیاسی لە كاروباری دەوڵەتدا، لەرێی كەسایەتی هاوولاتییەوە ئەنجام بدات، كە لەئاستی هەموو پارێزگاكانو، تەواوی میسردا بێتو، شەرعیەتی دەسەلات لەگەلەوە بەحكومەت بدات.

بەڵام ئەم دەستگایە بەپێچەوانەوە شێوەی گۆڕاو دەستەو دەزگاكانی جاسوسی لەناویدا دروست بوونو پەرەیان سەند.

---

[1] یەكەم دامەزراو: كاتێ ناسر سەرۆكایەتی دەسەڵاتی لەدەستدابوو ئەو دەستگایانەی دروستی كردنو سەركەوتو نەبوون، تا لەساڵی 1962دا } یەكێتی سۆشیالیستی عەرەبی{. وەك تاكە حزب دروست كرد.

www.pertwk.com

کاتێ کەسادات دەسەلاتی گرتە دەست، باڵی چەپی ئەم دەستگایە لەبۆ سەدابوون بۆ ئەوەی لێی هەڵبگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەش کە لە دەستگیر کردنیان سەرکەوتوو نەبوو، لەناوچوونی خۆی لەو ناوەدا کارێکی چاوەڕوان کراوبوو.

سادات پەی بەم کارە برد، کە ناتوانێ چاکسازیو ئاڵوگۆڕ لەم سازمانەدا بکات، بۆیە هەوڵیدا، پارێزگاری لە دەسەلاتی خۆی بکاتو، پێکهاتەیەکی نوێ دروستبکات.

2ـ لایەنگیری بۆ ئەنجامدانی چاکسازی، لەسەردەمی (عەبدولناسر) دا جارێکی دی سەری هەڵدایەوە. خۆنیشاندانەکانی زانکۆکان لە 1968دا یەکێك بوو لەنیشانە ئاشکراکانی ئەم دیاردەیە، ئەگەر چی (عەبدولناسر) کاتی خۆی بەتانكو سەرباز وەلامی دانەوە.

3ـ لەگەڵ دەست پێکردنی دەسەلاتی سادات، چالاکی خۆنیشاندانی زانکۆو سەندیکاکان بەردەوام بوونو، رووناکبیران، لەباڵە جیاجیاکانەوە زیاتر پەیوەندیان پێوە کردن.

سادات بەو نیازەی کە ئەندێشەیەك بخاتە ناوەوە بەوپێیەی ملکەچی ئیرادەی گەلە، نەیویست راستەوخۆ روبەڕویان ببێتەوە، ئەو وای مەبەست بوو کە لەدەرەوەی سنووری دەسەلات، ئەو دەسەلاتەی کە لەناسرەوە بەمیراتی بۆی بەجێ مابوو بچێتە دەرەوەو چوارچێوەی کارێکی سیاسی تازەی تایبەت بەخۆی



بێنێتە کایەوە، ئەم کارە دوای سەرکەوتنی ئۆکتۆبەری 1973، کە لەراستیدا گەورەترین سەرکەوتن بوو بەسەر ئیسرائیل دا ئەم کارە ساداتی کردە پاڵەوانی گەلو نیشتمانو، ئەوەش کەنیازی بوو ئەنجامیدا.

دەستپێکەکانی شەڕی ئۆکتۆبەر، خۆشەویستی نێوان گەلو ساداتی لێکەوتەوە، بوو بەئەڵقەیەکی پەیوەندی لەنێوانیاندا. بەلام چوارچێوەیەکی پتەو کە ئەم پەیوەندییەی خەڵکی بەدەسەلاتەوە ببەستێتەوە لەئارادا نەبوو وبەگۆڕانی بارودۆخەکە، پەیوەندیو ئارەزووی خەڵکی بەرە بەرە، رووی لەکەم بوونەوە کرد. لەبەر ئەوە سادات هەوڵی ئەوەی ئەدا کە خۆشەویستی خۆی لەفەزای سیاسیدا بچەسپێنێ، بەلام }ئیتحادی ئیشتراکی{ توانای ئەنجام دانی ئەم کارەی نەبوو.

سادات ئەوەی بۆ دەرکەوت کە، ئەگەر لەفەزای سیاسی ناوخۆی میسردا چاکسازی بەئەنجام بگەیەنێ وریگە بدا بەکەسانی سیاسی لەگروپە جیاجیاکاندا ئازادی دەربڕینیان هەبێت، کار بەو ئاراستەیەدا دەچێت بتوانێت شەرعیەتیحکومەتەکەی بەدەست بێنێ. سادات لەوە دڵنیابوو کە لەو قۆناغەدا توانای هەیەو، باوەری وابوو کە بۆ ئارامیو چەسپاندنی حکومەت مەترسییەك لەئارادا نییە.

4ـ سادات نیازی وابوو بۆ پارێزگاریكردن لە سیاسەتی دەرەوەی بەتایبەتی لەرووی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریكاداو، ئاشتی كردن لەگەڵ ئیسرائیلداپشتگیری پەیدا بكات. ولەرووی ئابووریشەوە، پشتیوانی لێ بكرێت. لەبەر ئەوە بەلای ئەوەدا دەچوو كە ڕێ بەدوژمنە سەربازییەكانی رابردووی بدات. تاوەكو لەگەڵ ڕێبازی نوێیدا هاوئاهەنگی‌بنوێنن.

5ـ ڕەزامەندی وەرگرتن، بەبەخشینی بەشێك لەئازادی كۆنترۆڵكراو بەرۆژنامەكان‌و ئازادكردنی چەند ڕۆژنامەنووسێك كە لەسەردەمی ناسردا بەهۆی هێرشكردنە سەر سیاسەتەكانی ئەو یان ڕووداوەكانی‌تر دەستگیركرابوون.

***ب) هۆكاری دەرەكی:***

1. دووركەوتنەوەی سادات لە سۆڤیەتی (كۆن)، بۆ ئەوە بوو كەرۆژئاوا پارێزگاری لێبكات. لەبەر پێویستی كۆمەكی ئابووری‌و سیاسی ئەمریكاو، بۆ دڵنیایی لە نیاز چاكی سادات، پێویستبوو كەسیستمی دیكتاتۆری بگۆڕێ بە سیستمی دیموكراسی‌و، یەكەم هەنگاوی ئەم ڕێبازە بووبەهۆی سەرهەڵدانی بازاری ئازاد بۆ كێش كردنی سەرمایەی بیانی لەدەرەوە بۆناو میسری لێكەوتەوە.

2. دوای پتەوبوونی پەیوەندی نێوان ئەمریكاو میسر لەدوای شەڕی 1973، زیاتر ڕووی لەوەكرد كە دیموكراتیەت لە



دەستگاكانی حوكمدا بچەسپێ‌و، پێشبینی ئەوەشدەكرا كە سەروەری یاسا لە ئۆرگانەكانی دەوڵەتدا زۆرتر هەستی‌پێبكرێت.

3. هۆكارێكیش ئەوەبوو كە وڵاتانی عەرەب، لەرووی قەیرانی ئابوورییەوەپشتیوانیان لەمیسر نەدەكرد ، چونكە هەڵوێستی ناسرو سادات لەگەڵ عەرەبدا چوون یەك نەبوو، هەر یەكەیان ڕوویەكی جیاوازیان نیشان دەدا. وڵاتانی عەرەب لەئاست ناسردا كە دەستی وەردەدایە كاری ناو خۆیان، زۆر بەگرانی تووشی مەترسی كردبوون. بەڵام سادات جگە لە كاروباری میسر، هیچی دیكەی مەبەست نەبوو، تەنانەت ناوی كۆماری یەكگرتووی عەرەبی بەكۆماری عەرەبی میسر گۆڕی.

4. لەبەر ئەوەی سادات هەوڵی دەدا لەسەرچاوەی جیاجیاوە چەك پەیدا بكات، پێویستی بە پارێزگاری هەموو باڵە جیاوازەكان هەبوو. ئەم كارەش ئەگەر لەرێی ئەوەوە نەبێ كەماوە بدات بەدەسەڵاتە سیاسیەكان، تا هاوبەشی لە دەسەڵاتدا- بكەن، ولەئایندەدا بۆ بەرژەوەندیەكانی سادات كاربكەن، ڕەزامەندی پەیدا نەدەكرد.

5. تێڕوانینی سادات دەربارەی رێككەوتن لەگەڵ ئیسرائیلدا، پێویستی بە پشتگیری ناوخۆ بوو وئەو پشتگیریەش تەنها لەڕێی

ئەو کەسانەوەبوو، کە سادات خۆی ماوەی بۆ رەخساندبوون لەکایەی سیاسیدا دەرکەون، ئەم کارەش بەئەنجام گەیاند.

### 3) *هەنگاونان رووەو فرە حزبی:*

بۆچونی سادات سەبارەت سیستمی فرە حزبی، ئەوەبوو کە سیاسەتی هەنگاو بەهەنگاو پەیرەو بکاتو، پاریزی لێبگرێ.سادات هەمیشە گوێ قوڵاخی زەنگی چالاکی ئەوانەبوو، کەماوەی کارکردنی پێدابوون، بەتوندی چاودێری دەکردن تاوەکو هێرش نەکەنە سەر حکومەتو، بەرپرسیاری لەدەردو چەوساندنەوەی میللەت نەخەنە سەر شانی ئەو، بۆیە لەهەنگاونان بەرەو کاری فرەحزبی زۆر خۆپاریزی دەگرتو، بەئارامی بەرەو پێشەوە دەچوو.

شێوازی سیستمی فرە حزبی لەسەردەمی ساداتدا، بریتیبوو لە دەستەیەك لەکەسانی حزبی نزیك بەیەكو، لەپەیڕەوی جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی حکومەتدا لەکاردابوون.

گرنگ ترین قۆناغەکانی بەفرە حزبی کردنی حکومەت بریتی بوون لە:

1ـ لە بەیاننامەی ئۆکتۆبەرو، لەناوەرۆکی گۆڕانکارییەکانی ((ئیتحادی ئیشتراکی))دا، کە ساڵە 1974 بڵاوبووەو، ئاماژە





بەیاسایی کردنی ئازادی بیروباوەر، لە چوارچێوەی (( ئیتحادی ئیشتراکی))و، لەسایەی دەسەڵاتی رژێمدا درا.

2ـ لە تەمموزی 1975دا، کۆنفرانسی سێهەمی (ئیتحادی ئیشتراکی) بەسترا، تێڕوانینی ساداتی سەبارەت بە پێکهێنانی فراکسیونی سیاسی بۆ دەربڕینی راو بۆچوونی جیاواز لەچوارچێوەی ئامانجەکانی شۆڕشدا ئاشکرا کرا. هۆی ئەمەش ئەوەبوو کە خەڵکی بۆ پارێزگاری یەکێتی ریزەکانی میللەت هانبدرێن، ئەمەش پێویستی بە پشتیوانی گروپە جیاوازەکان بوو، کونفرانسی (ئیتحادی ئیشتراکی) لەوکاتەدا هیچی بۆ فرە حزبی رانەسپارد.

3. سادات رای گەیاند کەئەو چەند فراکسیۆنێك لەناو حزبدا پێك دەهێنێ. لەماوەی 14 مانگدا زیاتر لە 400 گروپ لەتێکڕای باڵە سیاسیەکانی میسردا، ئامادەیی خۆیان بۆ دامەزراندنی فراکسیۆن لەوجۆرە نیشان دا. ئەم کارە بەدڵی سادات نەبوو، نەی دەزانی کە خولیای خەڵکی بۆ ئاسۆی ئازادی ئەوەندە لەسەر پێیە، لەبەر ئەوە پاشەکشەی لەو بڕیارە کرد، تاوەکو جارێکی دی چاوی پێدا بگێڕێتەوەو، لەچوارچێوەی بیرۆکەیەکی تازەدا کاربکات، ئەم روداوە لایەنێکی کەی خستەروو، وئاشکرای کرد کە، سادات دژ بە دروست بوونی فرە حزبییە، چونکە بەلای ئەوەوە هۆکاری پەرت کردنیمیللەتی لێدەکەوتەوە.



www.pertwk.com

4ــ لیژنەیــەك بــۆ تــاوتوێکردنی ئــەم کــارە پێــك هــاتو لەدەرەنجامی راو بۆچوونی ئەم لیژنەیە، سادات بڕیاری لەسەر دروســـت کردنـــی 3 فراکســـیۆن دا، لەشـــێوەی ســـێ لایەندا، میانەڕەوو، راستڕەو چەپڕەو، گوتی: ((ئەمە ڕێو شوێنێکە کە ئێمە دەگەیەنێتە دیموکراسی واقیعو بەرپرسیار. دیموکراسییە تێك کە نەکەوێتە ژێر کاریگەری هۆکاری نەشیاوەوە، وبڵکو یاریدەدەری بێت. ئامانجی ئەو فراکسیۆنانە کارکردنە لە چوارچێوەی یەکێتی سۆسیالیستیداو بە دابینکردنی ئازادیو کارکردن دێتە دی، بەمەرجێك ئەو لێکۆڵینەوانەی پێویستیان بەکۆدەنگی هەیە، نەخرێنە لاوە. لەنێوان سالآنی 1975 هەتا 1978دا بلاوکراوەکانی یەکێتی سوسیالیستی عەرەبی وەك پەیڕەوێکی سیاسی خۆی لەچالاکی فراکسیۆنەکان دوور دەخستەوە.

***أ ـ دامەزراندنی فراکسیۆنی هەمەجۆر:***

1ـ فراکسیۆنی سوسیالیستی عەرەبی میسر باڵی میانەڕەو بوو، راستەوخۆ بە نمایندەی حکومەت دەناسرا. ((مەمدوح سالم)) سەرۆکی ئەوباڵەو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش بووو، زۆربەی ئەندامانی یەکێتی سۆسیالیستو فەرمانبەرەکانی دەوڵەت ئەندامی ئەو فراکسیۆنەبوون.





2. فراکسیۆنی سۆسیالیستی ئازادیخوازان باڵی راستبووو، ((مستەفا کامیل موراد)) سەرۆکیبوو، ئەویش یەکێك بوو لەسەرکردەکانی ئەفسەرە ئازادەکانی میسرو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی یەکێتی سۆسیالیستیبوو.

3. فراکسیۆنی کۆمەڵەی میللی دیموکراسی، باڵی چەپ بوو، ئەمیش لەناسرییەکانو مارکسییەکان پێکهاتبوو وسەرۆکەکەشیان (( خالید محیّدین)) بوو کەیەکێك بوو لە ئەندامانی ئەنجومەنی بالآی شۆڕش. ئەم فراکسیۆنانە لەهەڵبژاردنی ساڵی 1976دا بۆ بەدەست هێنانی ((350)) کورسی ئەنجومەن کەوتنە ململانێی یەکتری، بەم شێوەیەی خوارەوە:

– فراکسیۆنی میانەڕەو ((280)) دووسەدو هەشتا کورسی بەدەست هێنا واتە (80٪) رای دەنگدەرانی وەرگرت.

– فراکسیۆنی راست تەنیا ((12)) کورسی بەدەست هێنا، یەکێك لەو کورسیانە بەر (مستەفا کامیل موراد) کەوت کەرابەری ئەو گروپەبوو.

– فراکسیۆنی چەپ ((4)) کورسی بەدەست هێنا یەکێکیان بەر (خالید محیّدین)) کەوت.

پالێوراوانی سەربەخۆ دوای پالێوراوانی دەوڵەت زۆرترین دەنگیان لە پەرلەمانی ساڵی 1976دا بەدەست هێنا.



www.pertwk.com

لەم هەڵبژاردنەدا زۆربەی کورسییەکان بەر لایەنگرانی سادات کەوتن، بۆ ئەو بوون بەمایەی پشت بەخۆبەستن و بۆی دەرکەوت ئەم ئەزموونە جێگیری حکومەت نیشان دەداو لە مەترسی رووبەروو بوونەوە دوورەو، دەبێتە هۆی بەدەست هێنانی هەلێکی زیاترو نوێ بۆ مانەوەی لەسەر حوکم. لەئەنجامدا لە 11/ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1976 فراکسیۆنەکان گۆڕان بەحزبی سیاسی و لەهەموو کەناڵەکاندا ئاگاداریان بۆکراو میسرییەکان ئازادکران کەبچنە ناو یەکێك لەو حزبە سیاسیانەوەو، بڕیاردرا کە هەریەکێکیان رۆژنامەیەك بۆخۆیان دەربکەن و بڵاوبکەنەوە. لەساڵی 1977دا کاتێك کەخۆپیشاندانی خەڵك دژ بە بەرز بوونەوەی نرخ بەرپابوو لەرێرەوی چالاکی ئەو حزبانەدا جۆرێك پشێوی دروست بوو، چونکە سادات (( حزبی تەجەمموعی)) تاوانبارکرد بەوەی کەهانی خەڵکی داوە، بۆیە چالاکییەکانی ئەو حزبە راگیراو رۆژنامەکەیان داخراو، گەلێك لە ئەندامانی حزبیتریش درانە دادگا. لەبیستی حوزەیرانی 1977دا یاسایی پێکهاتنی حزب بڕیاری لەسەردا وبەپێی ئەو یاسایە کە لەپێکهاتنی هەر حزبێکدا پێویستە رەزامەندی یاسایی وەربگیرێت. ئەو لیژنەیەی کە بەتایبەتی بۆ ئەم کارە لە کارمەندانی دەوڵەت پێك هاتبوو. لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1977دا گروپێك لەئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی رایانگەیاند بەپێی





ئەو یاسایەی سەرەوە ( حزبی وەفد) پێك دەهێنن. ئەم حزبە یەکێکە لەحزبە دێرینەکانی میسر. لە شوباتی ساڵی 1978دا (( حزبی وەفدی تازە)) هاتە سەر گۆڕەپانی کاری سیاسییەوەو، لەماوە ((24 سەعات))دا گۆڕا بەگەورەترین حزبی ئۆپۆزسیۆن.

### ب- دامەزراندنی حزبی دیموکراسی گەل

لەناو رووداوەکانی (مانگی تەممووزی ساڵی 1977)دا، تاوانبارکردنی حزبە چەپەکان و سەرکەوتنی حزبی وەفد وەك نەیارێکی گەورە بوو، بەهۆی ناڕەزایی سادات، بۆیە ئەویش لەساڵی 1978دا بڕیاریدا حزبی دیموکراتی گەلی بەسەرۆکایەتی خۆی دابمەزرێنی. ئاشکرایە ئەو حزبەش دەبێتە حزبی دەسەڵاتدار. دوای ئەوە کە حزبی میسر بەسەرۆکایەتی (جەمال رەبیع) وەك حزبێکی بچووکی پاشماوەی حزبە هەڵوەشێنراوەکانیتر مایەوەو،حزبی دیموکراتی گەل بەتەنیا گۆڕابە حزبی زۆرینە.

### ج) حزبی سۆسیالیستی کار

دوای یەك مانگ لەدامەزراندنی حزبی دیموکراتی گەل بەهۆی ساداتەوە. (ئیبراهیم شوکری) ئەندازیاریش، کە ئەندامی یەکێتی سۆسیالیست و ئەندامی فراکسیۆنی میانەڕەوی حزبی میسر بوو داوایەکی پێشکەش کرد بۆ دامەزراندنی حزبی سۆسیالیستی



www.pertwk.com

كار. بۆ ئەم كارەش نوێنەرانی ئەنجومەنی نیشتمانی پشتیوانییان لێكرد، بەپێی ئەو یاسایەی كە ئەوكاتە هەبوو، دەبوایە بۆ پێك هێنانی حزبێك بیست ئەندامی ئەنجومەنی لەگەڵدا بێت. (ئیبراهیم شوكری) پۆستی وەزارەتی كشتوكاڵی بەدەستەوەو بوو، دوای ئەوەی كە جێگەی (مستەفا كامیل موراد)ی گرتەوە. حزبی كار لەسەرەتاوە، هاوتا لەگەڵ سیاسەتەكانی سادات و حكومەت یەك هەڵوێست بوو، بۆ دەركردنی چەپەكانی ناو حزبی (تەجەمموع)و دژایەتیكردنی چالاكییەكانی حزبی وەفد.

سادات گوتی: ((بەهیوای ئەوەم كە سیستمی دیموكراسی لە میسردا وەكو سیستمی ئەمریكا بێ و دوو حزب كە بریتین لە حزبی میللی (گەلی)و حزبیكار دەسەڵاتیان لەدەستدا بێ.))

لەماوەی نێوان مایسی 1978 هەتا مایسی 1979دا لەسیستمی چەند حزبیدا سەردەمی خامۆشی ومتبوون بوو، لەم سەردەمەدا یاسای دەوڵەت چالاكیی حزبەكانی سنووردار كرد، لەو ماوەیەدا سادات، دەساوردی یاسایی و ئیداری توندی هێنایە كایەوە، كەبوو بەهۆی وەستانی چالاكییەكانی حزبی وەفدو لە حوزەیرانی ساڵی 1987دا (حزب تەجەمموع)یش بەر زەبرو زەنگ كەوت.

***4- سەرلەنوێ كاراتربوونەوەی كاری حزبەكان:***





دوای وەستانی حزبایەتی لە تەمموزی ساڵی 1979دا، جارێكیتر سادات ئەم كارەی هێنایەوە پێشەوەو ئەمەش بەسێ‌هەمین كایەكانی سەردەمی حزبی لە میسردا دەناسرێت، دوای ئەوەی سادات ئەنجومەنی نیشتمانی لە نیسانی 1979دا هەڵوەشاندەوە، هەڵبژاردنێكی تازەی پەرلەمانی ئەنجامدا كە ئەنجامەكانی بەم شێوەیە بوو:

- حزبی دیموكراتی گەل ((330)) كورسی لەكۆی ((392)) كورسی.
- حزبی كار ((29)) كورسی.
- حزبیسۆسیالیستی ئازادیخواز ((3)) كورسی.
- پاشماوەی كورسییەكانیتر بەر سەربەخۆیەكان كەوت.

ئەم هەڵبژاردنە لەدوای ئیمزاكردنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا ئەنجامدراو، لەبەرئەوە زۆربەی پالێوراوەكان كە دژ بەئاشتی نێوان سادات و ئیسرائیل بوون جگە لەیەكێكیان كەسیان هەڵنەبژێردران، ئەویش (مومتاز نەسسار) بوو، ئەم هەڵبژاردنە بەدڵی هەموو لایەك نەبووو، نەیارەكانیش دەیانگوت تەزویری تێدا كراوە، لەسەرەتاوە حزبی كار ڕێككەوتنی ئاشتی لاپەسەند بوو، بەڵام لەدوا ڕۆژەكانی حكومەتی سادات رای بەپێچەوانەوە گۆڕاو، پەیوەندییەكی نزیكی لەگەڵ نەیارەكان، لەدەرەوەی پەرلەماندا پەیداكرد، بەڵام لەبەرئەوەی بەحزبێكی



www.pertwk.com

سەر بەحکومەت دەناسراو، هەوڵی دەدا کە ئەو وێنەیە لەسەرخۆی بسڕێتەوەو رەخنەی لەسیاسەتی ناوەوەو دەرەوەی سادات دەگرت، کەئەو رەخنەگرتنەش بوو بەهۆی رق هەستانی سادات، تاوای لە سادات کرد لەدژی ئەزموونی پێکهێنانی حزبەکان هەڵگەڕێتەوە.

لەسەرەتای ساڵی (1981)ەوە بەتوندی لەقەوارەی حزبەکانی داو لەماوەی چەند رۆژێکدا (1500) کەسی لەنەیارەکانی خستە زیندانەوەو رۆژنامەکانیشیانی وەستاندو دەستپێشخەری ئیداریو یاسایی بۆ سەرکوتکردنی نەیارەکان (بەجێهێنا) سادات واینیشاندەدا، کەحزبەکانی هەڵنەوەشاندۆتەوەو، سیستمی دیموکراسی نەوەستاوە. بەڵام دەتوانین بڵێین چالاکی حزبەکانی دوچاری ئیفلیجی کرد.

ئەگەرچی سادات، حزبەکانو کەسانی نەیاری بەتوندی کۆنترۆڵکردبوو، تەنانەت ئەو نەیارانەشی گرتەوە کەلەپەرلەماندا خۆی رێی پێدابوون، ونەخشەی بۆ کێشابوون، لەسەردەمی ساداتدا هەتا کاتی تیرۆرکردنیشیو، تەنانەت لەسەردەمی پێکهێنانی فراکسیۆنەکانیشداو، گۆڕینیشیان بەحزبەکان، (بەتایبەت کاتێ حزبی تایبەت بەخۆشی دروستکرد) لەسەردەمی ئەودا تەوەری سەرەکی ئەزموونی حزبایەتی پەرەی سەندو،





لەسەردەمی ( حوسنی موبارەك)دا گۆڕانکارییەکی زۆر لەچالاکی حزبەکان هاتە ئاراوە.

حزبی وەفد سەر لەنوێ کەوتەوە سەر گۆڕەپانی سیاسیو چالاکی خۆی دەستپێکردەوە، لەساڵی 1982 بەپێی دەستورێکی تازە هەڵبژاردنێك ئەنجام درا، کەدەبووایە پاڵێوراوەکان سەر بەحزبەکان بنو پاڵێوراوی سەربەخۆ رێی پێنەدرا بەشداری بکات، لەئەنجامدا حزبی دیموکراسی گەل (3.7) ملیۆن دەنگی بەدەستهێنا، لەبەرامبەر (778.000) هەزار دەنگ کەدرابوو بە ئیئتیلافی حزبی وەفدو ئیخوان، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە بەم شێوەیە بوو:

(364) هەزار دەنگ بەر حزبی کار کەوت.

(214) هەزار دەنگ بەر حزبی تەجەمموع کەوت.

(23) هەزار دەنگ بەر حزبی (احرار) کەوتو حزبی (الامە) بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا نەکرد، بەوپێیە لەم هەڵبژاردنەدا حزبی دیموکراتی گەل (390) کورسی بەدەست هێنا کەلەوانە (30) کورسی بەر ژنان کەوت. وحزبی وەفد (57) کورسی بەدەست هێنا، یەکێ لەکورسییەکان بۆ ژنان بوو، هەروەها (7) کورسی پەیوەندی بە ئیخوانەوە هەبوو، بەڵام حزبی کارو تەجەمموعو ئەحرار یەك کورسیشیان بەدەست نەهێنا، تەنانەت نەیانتوانی رێژەی (8٪) ی دەنگەکان بەدەست بهێنن.



www.pertwk.com

کەمەرجێکی پێویستبوو بۆ وەدەستهێنانی کورسیییەکی پەرلەمانی.

موبارەکی سەرکۆمار لەنێوان حزبی کاردا چوار کەسی لەئەنجومەندا دامەزراند، کەیەکێك لەوان سەرۆکی حزبی کار بوو، کەئەم کارەش بووە هۆی ناڕەزایی و پەرتبوون لەناو حزبدا. (ئیبراهیم شوکری) لەپێشدا ناڕەزایی خۆی بەرامبەر ئەو کارە دەربڕی بەڵام دوای دەرچوونی فرمانی موبارەك هەڵوێستی خۆی راستکردەوە.

حزبی تەجەمموع سەبارەت بەدامەزراندنی ئەندامانی نەیار رازی نەبوو، بەڵام موبارەك یەکێك لە رابەرەکانی ئەو حزبەی بەناوی (دکتۆر میلاد حەننا) کەمەسیحی بوو بۆ ئەندامێتی بانگهێشت کردو ئەویش پێشوازی لەبڕیارەکە کرد.

(مستەفا کامیل موراد) کەیەکێك بوو لەئەندامانی حزبی ئەحرار، ئەویش دامەزرا، بەو پێیە لەساڵی 1984دا هەموو حزبەکان جگە لە حزبی تەجەمموع توانیان لەڕێی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەوە یان بەهۆی دامەزراندنەوە لەلایەن (حوسنی موبارەك)ەوە بچنە ناو ئەنجومەنەوە (دکتۆر رەفعەت مەحجوب)یش بەئەندامی ئەنجومەن دامەزراو لەدوایشدا بەسەرۆکی ئەنجومەن هەڵبژێردرا، تا ساڵی 1990 کەتێیدا تیرۆرکرا لەو کارەدا مایەوە.





دادگای حزبەکان بڕیاری سەبارەت بەپێکهێنانی چەند حزبێك دەکرد کەناوەکانیان ئەمانەی خوارەوەن:

( دیموکراتی گەل/ حزبی سەوز/ میسری فەتات/ یەکێتی دیموکراتی/ حزبی دیموکراتی عەرەبی/ حزبی ناسری..)



www.pertwk.com

حزبە سیاسییەکانی میسر

# بەشی دووەم
## (( حزبی دیموکراتی گەل))

www.pertwk.com

### یەکەم/ سەرگوزشتەی دامەزراندنی حزبی دیموکراتی گەل.



یەکەمجار پێشنیازی دامەزراندنی حزبی دیموکراتی گەل لە لیژنەی ناوەندی یەکێتی سۆسیالیستی عەرەبی لە تەمموزی ساڵی 1978دا پێشنیاز کرا. یەکێتی سۆسیالیستی عەرەبی لە دیسەمبەری 1962 تەنها حزبی سیاسیبوو، کە لەوکاتەدا دروست بوو. بەڵام بەپێی یاسای (9)ی تەمموزی ساڵی 1977 سێ حزبی سیاسی جێگەی ئەویان گرتەوەو،حزبی سۆسیالیستی عەرەبی لەناو ئەواندا حزبێکی راسترەو بوو، کە پارێزگاری لە دەوڵەت دەکردو بەهێزترین حزبی ناو پارلەمان بوو.

ئەنوەر سادات لەئۆکتۆبەری 1978 حزبی دیموکراتی گەلی دروستکرد، دوای ئەوەی (306) کەس لەکۆی (308) نوێنەری حزبی سۆسیالیستی عەرەبی لەپارلەماندا پەیوەندییان بەو حزبە تازەیەوە کردو، لەهەڵبژاردنی تەمموزی ساڵی 1979دا زۆربەی کورسییەکانی پارلەمانیان بەدەستهێنا، لەدوای تیرۆرکردنی ئەنوەرسادات لەئۆکتۆبەری 1981دا موبارەکی جێگری سەرۆك کۆمار سەرۆکایەتی حزبەکەی گرتە دەست، زۆربەی ئەوانەی کەبەچالاکی سیاسییان لایەنگری دەسەڵاتیان دەکرد، بەوانەوە



بەسترابوون، ئەوانە چالاکی سیاسییان لەدەزگاکانی ئازادیخوازەوە دەستپێکردو، لەدواییدا بەیەکێتیی گەل و لەدواییشدا بەیەکێتیی سۆسیالیستیو، ئینجا بە فراکسیۆنەکانەوە بەتایبەتی فراکسیۆنی میسر، تادەگاتە حزبی دیموکراتی گەلی. ئەمە وادەگەیەنێ کە حزبی دیموکراتی گەلی میراتگری دەزگایەکی لەبارەو ، بیری سیاسی ئەم حزبە لەتیۆرە گشتییەکانی فرە ئاهەنگییەوە تێنەپەڕیوە. هەڵبژاردەی گروپە تازەکانی، لاوان بەهیوای چاکسازی حزب پەیوەندییان پێوەکردبوو، بەڵام کاریگەرییان زۆر کەم بوو، لەڕووی سەرکردەکاندا کەسێك نەبوو پارێزگارییان لێ بکات.

### دووەم/ بنەما سەرەکییەکانی حزب

– پابەندبوون بە بنەمای سۆسیالیزمی دیموکراسییەوە.

– پارێزگاریکردنی کەرتی گشتی لەناوەندی ئابووری میسرداو،پارێزگاریکردن لە کەرتی تایبەت.

– جەخت کردن لەسەر خزمەتگوزاری پێویست وەکو تەندروستیو پەروەردەو خوێندن.

– هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی زەمینەیەکی فراوان بۆ کارکردن.

– حزبی گەل، حزبێکی میانەرەوە و، لایەنگری چەپو راست ناکات.

– پابەنـــدبوون بـــە بنـــەماکانی شۆڕشـــی تـــەمموز ودەستەوتەکانیەتی.

– سەرچاوەگرتن لە ئاینی ئیسلام وەك سەرچاوەیەکی گرنگ لـەکاری یاساییداو پارێزگـاریکردن لەبـەهاو رەوشـتو یـەکێتی گەل.

– حزبی دیموکراتی گەل، حزبی کرێکارو جوتیارانە.



### سێیەم/ بنچینەی تەوەرەکانی حزب لەچالاکی هەڵبژاردندا

ئەگـەر چاوێك بـە بەیاننامـەی حزبـی گەلـدا بخشـێنین کـە لـە هەڵبـژاردنی ساڵی1987دا دەریکـردووە، سێ تـەوەرمان بەرچاو دەکـــەوێت، کـــە بـــریتین لـــە دیموکراســـیو، پێگەیشـــتنو، پەرەسەندو،پێداگری..بەباوەڕی حزب، دیموکراسـی لـە سیستمی فـرە حزبـی ویاسـای هەڵبژاردنـدا، لـەرێی سیسـتمەکانی حزبـەوە توانـــای هەڵبـــژاردن بەشارنشـــینان دەداتو ئـــازادی تـــەواو وبێسنوور بۆ رۆژنامەو گۆڤارە ناودارەکان بەدەست دەهێنێ.

– پێگەیشتنو پەرەسەندنی گشتی: راکێشانی کەرتی تایبـەت بـــۆ بەرنامەیـــەکی چـــالاك لـــەرووی زیـــادکردنی بەرهەمـــەوە، پێگەیشـــتنی چـــۆنیەتی وچـــەندێتی کشـــتوکاڵ، فراوانکردنـــی پیشەسازی، دابینکردنی کار بۆ هاونیشتمانان، یەکسـانی نێـوان ژنو پیاو، پەیداکردنی خانووبەرەی گونجاو. زیادکردنی کارەباو وزە، فراوانکردنـــی پێشـــەی گەشـــتو گـــوزارو پەرەپێـــدانو فێرکردنی تەندروستی بەشێوەیەکی بنەڕەتی.

– ئارامییـــەك کەپشـــت بـــەهێزی ســـوپا ببەســـتێ بـــۆ پارێزگـاریکردنی وڵاتو یـەکێتی گـەل، دوور لەهـەموو شـێوە دەمارگیرییەکی کوێرانە.

سیاسـەتی دەرەوە پێویسـتە هەڵسوکـەوتی هاوتـاو میانـە ڕەوبێت لەگەڵ عەرەبو زۆربەی هێزەکانی نێو دەوڵەتیدا.



### 4- پێگەی سیاسی حزبی گەل

پێگەی سیاسی حزبی گەل لەچوارچێوەی دەسەڵاتدا، زۆربـەی پایەو پوستە گرنگەکانی بەدەستەوەیە، دەشێ حزبێکی وا دەزگا یاســـاییەکانو دەزگاکـــانی جیبـــەجێکردنو دەزگـــای پـــەروەردەکردنو راگەیانـــدنو ، جگـــە لـــە (رۆژنامـــەکانی ئۆپۆزسـیۆن) وکـۆنترۆڵو سەرپەرشـتی ئـەم دامو دەزگایانـەی لەدەسـتتدا بـێ. ئاشـکرایە پەیماننامەکانوسیاسـەتی نـاوخۆو دەرەوەش، هەربەم شێوەیە یە. بـەم پێـیە دەتـوانین بڵـێین کـە ئـەم پێگانـە پێگـەی رەسمـی دەسـەڵاتدارانە، کـە لەئەنجامـدا لەگـەڵ جیاوازی دەسەڵاتدا، حزبی گەل بۆخۆی، کە زۆرینـەی ئەنـدامانی ئەنجومەنی پیچکدەهێنێ، بەڵام، راستەوخۆ پشتیوانی حکومەتی لێنـەکراوە، بـەڵکو راسـتەوخۆ لەسـەرۆك کۆمـارەوە پشـتیوانی

لێدەکرێت. حزبەکە لەکاتی ئاشکرا کردنی دروستبوونییەوە وهەر بەپشتیوانی ئەو بووە سەرکەوتنی ناوخۆو دەرەوەشی هەر بەوەوە ناسراوە. بۆیە حزبی گەل، گۆڕەپانێکی بۆ چالاکییەکانی دەستەی هەڵبژاردە، کەئەوانیش لەڕێی سەرکۆمارەوە دەگەنە دەسەڵات دیاریدەکات، ولەڕاستیشدا پێناسەی حزبەکە، موبارەك و سەرۆکایەتی کۆمارییە. سەرەڕای ئازادی دەرکەوتن و ولایەنگری‌لەناو حزبدا، هەر موبارەکە کە دەتوانێ دواوشە لەشوێنی خۆی دابنێ، هەر لەئاشکرابوونی حزبی گەلەوە رێکخستن و رەخنەو راستکردنەوەو، هەموو کارەکان لەبەشە جیاجیاکانی حزبەوەو هەموو دەوڵەتیش لەژێر دەستی خۆیدایە.

### 5. *حزبی دیموکراتی گەل.((حزبی دەسەلآت))*

حزبی دیموکراتی گەل لەرووی ئایدیۆلۆژییەوە، ئەندامانی هەڵبژاردەی حزب و دەوڵەتە، بەوشێوەیەیە کە کەناڵەکانی پەیوەندی سیاسی لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگادا ببەستێ، وکۆمەڵێك سازمان و دەزگای پێك هێناوە، میراتگری هەموو دەزگا حزبییەکانە کە لەساڵی 1952وەو هەتا ئێستا هەبوون، پیاوانی دەزگاکانی جێبەجێکردن و ئاسایش و گەلێك شوێنی ناو دەوڵەت هەرئەوان بوون کە ئێستاش هەمان بەیاننامەی رەسمی دەوڵەت



جی‌بەجێ دەکەن، ئەرکی سەرشانی حزبی دیموکراتی گەل پارێزگارییە لە دەوڵەت و لەسەر ئەو مەبەستە پێدادەگرێ.

حزبی گەل، لەو حزبانە نییە لەچەپدا یا لەراستدا، یان وەك حزبێکی ئیسلامی خاوەن ئایدولۆژیایەکی تایبەتی نییە، بەڵام لەهەندێ چەمك و بەهای گشتی‌دا یەکلایەنە رەفتار دەکات ئەو حزبە لەسەردەمی دامەزراندنییەوە لەساڵی 1987ەوە هەتا ئێستا گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە، ئامانجە رەسمییەکانی لەوسێ دروشمەدا کۆدەبێتەوە کە بریتین لە (دیموکراسی و، پێداگری، پێگەیشتن).

یەکێك لە هۆکارەکانی‌لاوازبوونی ئەم حزبە لاوازبوونی رێکخراوەکانە لەناو پێکهاتەیەکدا، مەسەلەی کۆمەڵە رێکخراوەکان بەپلەی یەکەم تەنانەت دووەمیش لەسیاسەتی دەوڵەتدا بەرچاو ناکەوێت، ئەمەش لەئایندەی سیاسی میسردا، سەبارەت بەگۆڕانکاری دیموکراسی، تەنها لەحزبی گەلدا نەبێ وەك حزبێکی سەرەکی کە ئەویش بەتاکە حزبی دەسەڵاتدار لەولآتدا دێتەهەژمار، کێشەی گەورە دەهێنێتە کایەوە.

### *6- نزمبوونەوەی شوێنگەی حزبی گەل لەناو خەڵکیدا.*

لەهەڵبژاردنی پارلەمانی ساڵی 1990دا حزب سەرکەوتنی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا. لەگەڵ ئەوەشدا کە(250)کورسی

بەرکەوت کەئەوەش دەکاتە ڕێژەی(57٪). ئەم ئەنجامەش لەبەرامبەر ئەنجامەکانی ساڵی 1987د یە کەحزب لە (75٪)ی کورسییەکانی پارلەمانی بەرکەوتبوو. ئەم بەراوردە، شکستێکی گەورەبووو، لەهەمان کاتیشدا، شەش کەس لە سەرۆکەکانی حزب لە هەڵبژاردەی پارێزگاکاندا سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، ئەوەبوو((789)) ئەندامی حزب لەدەرەوەی لیستی حزب خۆیان کاندید کردبووو، لەمانە تەنها((95)) ئەندام سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

پێش کردنەوەی کۆبوونەوەی دەستپێکردنی ئەنجومەن. حزب لەرێی ئەندامانی بێلایەنەوە کەلە هەڵبژاردندا سەرکەوتبوو. دەسکەوتێکی باشیان بەدەست هێناوە. چونکە ئەوانە چوونە ناو فراکسیۆنی پارلەمانی حزبەوە. کە ئەمەش وایکرد ڕێژەی سەدی بگاتە ((80٪)، لەئەنجامدا بەپێی ئەو ڕێژەیە، سەرۆك كۆمار هەڵبژێردرایەوەو دەسەڵاتی راستکردنەوەی یاسای ئاسایشی نەتەوەیی لەگەڵ پێکهاتەکانی حزبی پێدرا.

ڕووداوەکانی ساڵی 1990 لاوازییەکی زۆری دوچاری حزب کرد. هەر لەو ساڵەدا عێراق هێرشی کردە سەر کوێتو ژمارەیەکی زۆر لە میسرییەکان لەکوێتەوە گەڕانەوە بۆ میسرو، لەئەنجامی گەڕانەوەی ئەو کرێکارانە کێشەیەکی زۆر لەو وڵاتەدا دروست بوو، بەپێی ئاگاداریو ئەو زانیارییانەی کە هەن، حزب هیچ پەیوەستیەکی بەقەیرانی کەنداوەوە نەبووو، لەم ڕووەوە



هیچ دەستپێشخەرییەکی بۆکاری خۆبەخشین پیشان نەدا، ڕەنگە ئەوەش بەهۆی ئەوە بووبێ کە سەرکردەکانی حزب لەسیاسەتی دەرەوەدا هەموو شتێکیان بەسەرۆك كۆمار سپاردبێ. لەبەراوردکردنی چالاکییەکانی حزب لەبواری خۆبەخشینی خەڵکیدا هیچی نەکرد، قەیرانی کەنداو، بەئاشکرا ئەم لاوازییەی دەرخست. لەوانەیە بەڵگەی سەرەکی ئەوەش سروشتی ئەندامێتی ناو حزب بووبێ کەهیچ مەرجێکی تایبەتی لەرووی ئایدیۆلۆژییەوە ویا لەرووی کۆمەڵایەتییەوە دیاری نەکردووە.

حزب لە ڕوونکردنەوە سیاسیەکانی خۆیدا هەمیشە پشتی بەدەوڵەت بەستووە، بەشێوەیەك کە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی سیاسی لەگەڵ ئەوانەی دەوڵەتدا جیاوازی نەبووەو هیچ سەربەخۆیەکی بەخۆیەوە نەدیووە، کە ئەوەش قەیرانەکانی ناو حزبی دەخستە ڕوو. حزبی گەل بەپێی چۆنییەتی سیستمی سیاسی میسر، لەکەشو هەوایەکی سیاسی تایبەتدا جێگیربووە، کارێکی ئاسایشە کە ئەو حزبە لەململانێدا بێ، ئەوەش لەحاڵێکدایە کە تەنیا حزب بێ لەرووخساری دەوڵەتدا ڕەهابووبێو، بووبێتە مایەی ئارامی دەوڵەتوخۆشگوزەرانی کۆمەڵو کۆنترۆڵی سیاسی ولەهەوڵدانیشدابێ. ململانێکەش ئەوە دەگەیەنێ کە لەبنیادنانی حزبدا، ئەو بارودۆخەی کە لەواقیعدا بەسەری دەبەن بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ لاوازی حزب لەرووی ئامادەکردنی پێداویستیەکانی خەڵکەوە.

لەساڵی 1990 و1991 بێتوانایی حزبی گەلی لەرووی ئامادەبوونی لەسەر گۆڕەپەناکەدا نیشاندەدا ، بەناونیشانی

www.pertwk.com

حزبێکی سیاسی واقیعیو ئەوەش وایکرد، نەتوانی حزبەکە بەحزبێکی دیموکراتی میللی بگۆڕێو ژیانی دیموکراسیشی لە میسردا خستە بەرباری مەترسییەوە.

چالاکییەکانی حزبی گەل لەنێوان ساڵی 1987و1991دا ئەوەی چەسپاند کە ناتوانێ ئەرکەکانی حزبیو حکومەتی بەجێ بهێنێ. رەنگە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1990 سەرەتای وریابوونەوەی سەرانی حزبەکە بووبێو هەستیان بەوەمەترسییە کردبێ، بەوەی کە سەربەخۆییەکی رێژەیی جیا لەدەوڵەت کارێکی پێویستە.





# بەشی سێیەم

# ((حزبی سۆسیالیستی کار))



www.pertwk.com

### 1ـ مێژووی پێکهاتنی حزبی سۆسیالیستی کار:



ئەنوەر سادات لە دووەمین قۆناغی ڕێبازی دیموکراسیدا، لەدامەزراندنی حزبی سۆسیالیستی کار دوودڵبوو، سەرەڕای ئەوەی (محەممەد ئەبو وافییە) کە ئاوەڵ زاوای سادات بوو، کەسانی دیکەشی لەسەرانی حزبەکان، کەلەناویاندا ((میسری فەتات)) یەکێکیان بوو سەرۆکەکانیان لە سەرۆکایەتی ئەو حزبەدا جێگیربوون.



حزبی (میسر فەتات) یەکێك بوو لەو حزبانەی کە لەسەردەمی پاشایەتیدا دروست بوو بوو، هەرچەند لەو سەردەمەدا سادات بەسەردەمی حزبی گەندەڵ ناوی دەبردن، بەڵام دوو حزبی لەو گەندەڵانە دەبوارد، یەکەمیان حزبی گەل_ کە سادات بەناوی حزبی دیموکراتی گەل درێژەی پێدا.

دووەم حزب، حزبی(میسر فەتات) بوو، کە حزبی کار درێژە پێدەری بووو، (ئیبراهیم شوکری) کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی پێشووی حزبی میسر فەتات، ولەساڵانی دواییدا جێگری سەرۆکی حزب بوو وبەهۆی دیدگای نیشتمانیو رای باشیەوە، کە لەپێش ساڵی 1952 دەریدەبڕی، بەلای ساداتەوە پەسەندبوو. بەهۆی دروستبوونی ئەم حزبە تازەیەوە کەسایەتی لەباڵەکانی میانەڕەوو ناسرییەکانەوە لەهاتنە سەر گۆڕەپانی سیاسیو دەرکەوتن. ئامانج لە دروستبوونی ئەو حزبە، ئەوەبوو پێشڕەوایەتی گەل بگرێتە دەست. لەم بارەیەوە سادات، بەخۆشحاڵییەوە ستایشی ئەوەی دەکرد کەئەم حزبە دەبێتە هۆی جێگیربوونی پایەکانی سیستمی دیموکراسی لە میسرداو، ئەوەشی بڵاو کردەوە کە بەزۆرینەی دەسەڵات هاوکاری ئەنجام داوە، لەکاتێکدا کە حزب بەرنامەو ڕێبازی خۆی، بڵاوکردەوە هیچ جۆرە خاڵێکی ململانێ لەبەرامبەر حکومەتدا نەدەبینرا.

### 2ـ سەرچاوەی بنچینەو بەرنامەکانی حزبی سۆسیالیستی کار

www.pertwk.com

ئیبراهیم شوكری رۆژی 9/ سێپتەمبەری 1978 لە بەیاننامەیەكدا دامەزراندنی حزبەكەی راگەیاندو ئاشكرای كرد: (( دروستكردنی ئەو حزبە لەواقیعدا درێژە پێدەرانی ئەو خەباتەیە كە ساڵی (1933) حزبی میسری فەتات دەستی پێكردووە)) لەبەردەوامی قسەكاندا دەڵێت: ((كە فەتات پێشینەیەكی بۆ شۆڕشی تەمموزی 1952 ئامادەكردبوو وحزبی كار. لە 10/ مایسی ساڵی 1971 كاتێك كە سادات بەچاكسازیو گۆڕانكاری دژ بەباڵی ناسرییەكان هەستا، پشتگیری لەسادات كرد)). لە بەرنامەكانی حزبدا دروشمی بۆ گەلو لەپێناو جێگیركردنی دیموكراسیداو بەهێزكردنی سەروەری یاساو بەرەو باشتر چوونو پاكیو رەزامەندی خودا، كران بەپەیڕەو.

لەبەرنامەی ئابووریدا حزب پێی لەسەر ئەم خاڵانە داگرت:

- پێویستی بەرنامە رێژی زانستیانە لەرووی بەرزكردنەوەو فراوانكردنی ئاستی گەل.
- قەدەغەكردنی قەرزی دەرەوە.
- بەرنامەرێژی زانستیانە بەپێی ژمارەو ئامار.
- گرنگیدان بەو پرۆژانەی كەبنچینەو پایەی ئابووری میللەتن.
- پارێزگاریكردن لە كەرتی گشتیو چاكسازی بەڕێوبەرێتیەكەی بەشێوەیەك كە پەیڕەوی رابەری ئابووری هەبێ.





- رەخساندنی ئازادی بۆ كەرتی تایبەتی لەچوارچێوەی دەستكەوتی میللەتدا بەشێوەیەك دووربێ لەخراپ بەكارهێنانو قازانجی تاكە كەسی.
- دۆزینەوەی جوانكاری ئابووریو گەشەكردنی لەرووی بەرهەمەوە نەك دابەشكردن.
- زیادكردنی چەندێتیو چۆنێتی لەبەرهەمهێنانی كشتوكاڵیداو لەزەمینەی جۆراوجۆردا.
- دابەشكردنی داهات بەشێوەیەك كە عەدالەتی كۆمەڵایەتی تێدا بەدی هاتبێ.

لەرووی كێشەی عەرەبو جوولەكەوە. پێویستە لەرێی ئاشتییەوە كێشەكان یەكلایی بكرێنەوە، ئەگەر وانەبوو لەرێی سەربازییەوە.

- پێویستە سەرباری ئەوەش یەكێتی میسرو سۆدانو یەكێتی عەرەب، لەئاسۆی دووردا لەبەرچاو بگیرێ، كە پێشكەوتنی ئابووری یەكێكە لەو جەنگانەی كە پارێزگاری لە یەكێتی عەرەب دەكات.
- دەستەبەركردنی یەكسانی پەیوەندی لەگەڵ زلهێزەكانی جیهاندا، بەمەرجێ نەبێتە هۆی ژێر دەستەیی یەكێك لەو دەسەڵاتانە.



www.pertwk.com

هەوڵدان بۆ هاوکاریگشت وڵاتە لاوازەکانی ئاسیاو ئەفەریقیاو ئەمریکای لاتینی دژی دەسەڵاتی وڵاتە زلهێزەکان. ئەم کارە بۆ ئەوەیە کە کارە پێویست بوو بەئاگادارییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا بکات بەتایبەت ئەمریکا کە پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە. لەبەرنامەی پێکهاتنی حزبی کاردا هاتووە، کە ئاینی ئیسلام سەرچاوەی یاسادانان بێتو نابێ هیچ یاسایەك بەپێچەوانەی شەرعەوە بێت.

حزب پشتگیری لە دەستپێشخەرییەکانی سادات بۆ مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا کرد، بەڵام لەسەردەمێکی کورتدا تەنگو چەڵەمەیەکی تووند کەوتە نێوان حزبو ساداتەوە چونکە سادات حزبی لەوە دوورخستبۆوە کە لەکاری سیاسیدا رۆڵ ببینێ لەبەر ئەوە ناکۆکی نێوانیان دەستی پێکرد.

### *3ـ گۆڕانکارییەکانی حزب لەدوای دەرکەوتنی ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئەنوەر ساداتدا*

لەساڵی 1980دا ئەو کەسایەتیانەی سەر بەحکومەت بوون وپارێزگارییان لە حزبی کار دەکرد وەك (محەمەد ئەبو وافییە)و





کەسانی تریش کە پەنا بردنیان بۆلای حکومەت پێباشتربوو لە جیابوونەوەیان لە سەردەمێکدا کە ژمارەیەك لە رەخنەگرانی حکومەتو گەلێك لەبڕیارو کەسایەتی گرنگی حزبی وەفد کە (ئەو دەمە چالاکییان وەستابوو) لەناو ئەوانەدا بەرچاو دەکەوتن، وپەیوەندییان بەحزبی کارەوە کرد، لەناویاندا(دکتۆر محەممەد حلمیموراد)کە لەرابردوودا جێگری سەرۆکی حزبی وەفد بوو، پەیوەندیکرد بە حزبی کارەوەو کرا بەجێگری سەرۆکی حزب.

حزبی سۆسیالیستی کاری نوی بەناونیشانی حزبی ئۆپۆزسیۆنی سەرەکی هاتە کایەوەو. رۆژنامەی حزب بەناوی ((الشعب)) کە (حامید زێدان)ی سۆسیالیست سەرۆکایەتی دەکرد لەچاپدراو، گرنگترین هۆ بوو بۆ نیشاندانی ململانێ. لەساڵی 1981 تیراژی ئەو رۆژنامەیە دەگەیشتە نزیکەی (100) هەزار ژمارە. نەیارەکانی دەسەڵات کە هەرچەند بەرەسمی لەگەڵ ئەو حزبەدا نەبوون، بەڵام لەهەموو باڵە جیاجیاکانەوە پەیوەندییان بەم رۆژنامەیەوە کرد، کە رکەبەرایەتی لەگەڵ حکومەتدا دەستی پێکرد، زۆرتر ئیسلامییەکان بە کۆمەڵێك نووسینو وتارەوە پەیوەندییان لەگەڵ ئەو رۆژنامەیەدا بەست. رۆژنامەی(الشعب) لەچەندین راوبۆچوونی ئۆپۆزسیۆندا رەنگی دەدایەوە، دیارەئەوان لەسەر یەك پلانی جێبەجێکردنیو کاریگەر هاورانەبوون بەڵام لەنبەرەتدا هەموویان لەسەریەك



www.pertwk.com

بنچینەی هاوبەش ركەبەرایەتی، هەڵس‌وكەوتەكانی دەوڵەت بوو.

لەساڵی 1980 هەتا 1981 لەنێوان حزبی سۆسیالیستی كارو حزبی (تجمع الطلیعة)دا دان‌وستاندنێك سەبارەت بە پێكهێنانی یەكێتییەك پێك هات. حزبی كار ڕێگای بەوتەبێژەكانی حزبی راست‌و حزبی وەفدی نوێدا كە لەرۆژنامەی حزبیدا، بۆ بیروراكانی خۆیان، كەڵك وەربگرن.

لەسەرەتاكانی ساڵی 1980دا حزبی كار هەڵویستی خۆی لە بەرامبەر پەیماننامەی كامپ دیڤیددا گۆڕی. ئەوەبوو لەسەرەتادا پشتگیری لەو پەیماننامەیە دەكرد، بەڵام لەدواییدا بەئاشكرا كەوتە رەخنە لێگرتنی. حزبی كار لەناڕەزایی دەربڕینەكانی میللەتدا بەشداری كردو ئاساییكردنەوەی پەیوەندییەكانی نێوان ئیسرائیل‌و میسریان رەتكردەوە. لەنۆڤەمبەری ساڵی 1980دا (دكتۆر محەممەد حلمی موراد) جێگری حزبی كار سكالایەكی دژ بەسادات لەدادگا تۆماركرد لەسەر ئەوەی كە سادات بەئاشكرا لەوتارێكیدا سووكایەتی پێكردبوو.

هەروەك چاوەڕوان دەكرا. دادگا سكالاكەی پەسەند نەكرد، بەڵام تەنها بەرزكردنەوەی ئەو سكالانامەیە بۆ ئەوسەردەمە سەركەوتنێكی گەورە بوو.

لەنۆڤەمبەری 1980دا سیانزە كەس كە ئەندامی پەرلەمان بوون لەئەندامێتی حزب كشانەوە ئەوەی ئاشكرایە هۆی ئەوەش





گوشاری دەوڵەت بوو بەبیانووی ئەوەی كە حزب لەو سنوورە دەرچووە كەبۆی دیاریكراوە.

لەسێپتەمبەری 1981دا سادات بڕیاریدا بەچۆنیەتییەكی گونجاو، هەڵس‌و كەوتی سیاسی بگەڕێنێتەوە بۆ دواوە. هەرچەندە لەو رێرەوەدا هیچ حزبێكی هەڵنەوەشاندەوەو حزبەكانی وەك خۆی هێشتنەوەو، سەرەرای ئەو چالاكییانەی كەدژ بەو دەكران، (ئیبراهیم شوكری) سەرۆكی حزبەكەی نەگرت، بەڵام (محەممەد حلمی موراد) كە سەرنووسەری رۆژنامەی (الشعب)بوو لەگەڵ (حامید زێدان)و چەند سەركردەیەك كە لەناو حزبدا دەستیان دەرۆیشت زیندانی كران.

### 4- گۆڕانكارییەكانی حزب لەسەردەمی موبارەك دا

كاتێك كە موبارەك دەسەڵاتی میسری گرتە دەست، ئەوەی ئاشكرا كرد كە هەمیشە دەستبەری دیموكراسی دەبێ، زیندانە سیاسییەكانی ئازاد كردو بۆ یەكەمجار بەئامادەبوونی حزبی كار، چالاكییەكانی ئەنجومەنی تا ساڵی 1984 درێژە پێدا. لەیەكەمین هەڵبژاردنی پارلەمانیدا حزبی كار نەیتوانی (8٪)ی دەنگ بەدەست بهێنێ كە ئەوەش مەرجێك بوو بۆ چوونە ناو ئەنجومەنەوە.



www.pertwk.com

دە کورسی لەناو ئەنجومەندا تایبەت بوو بەسەرۆك کۆمار تالەکاتی پێویستیدا بۆ هاوسەنگی کەڵکی لێوەربگیری، دوای شکستی حزبی کار لەهەڵبژاردندا، موبارەك چوار کورسی لەو دە کورسییە دابەحزبی کار. کەیەکێك لەوانە( ئیبراهیم شوکری)بوو، هەرچەندە حزبی کار لەسەرەتادا بەمە رازی نەبوو، بەڵام لەدوایشداکە پەسەندیکرد. نوێنەرایەتی حزبی کار لە ئەنجومەندا وەکو ((دیارییەکی)) سەرۆکایەتی بەرچاو دەکەوت. ئەوەش لەئەنجامدا بوو بەهۆی لاوازکردنی ئەرکی پارلەمانییان. حکومەت لەوکاتەدا پێی باشبوو کەحزبەکە بگەڕێتەوە باوەشی خۆی، تا لە رکەبەرایەتی حزبی وەفددا هاوکاری بکات کە لەهەڵبژاردندا سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو وسەرۆکایەتی ئۆپۆزسیۆنی کەوتبووە دەست.

لەوکاتەدا دووەمین کەرتبوون لەناو حزبدا خۆی نواندو گەلێك لەنەیارە سەرسەختەکان لەبەر رەزامەندی دانانی (ئیبراهیم شوکری) لەپارلەماندا، لە حزب چوونە دەرەوە. هەرچەندە شوکری هۆیەکانی پەسەندکردنی چوونە ناو پەرلەمانییەوەی بەفراوانی ئاشکراکرد. لە کۆنفراسی سێیەمی حزبی کاردا کار بەبنچینەی دەنگدان کرا ئەو بنچینەیەش بەزۆرینەی دەنگ بەرێژەی 284 دەنگ بەرامبەر 224 دەنگ بۆ پەسەندکردنی ئەندامانی حزبی دەربڕی، ئەم ئەنجامە نیشانەی ئەوەبوو کە





ململانێیەکی زۆر لەناو ئەندامانی حزبدا هەیەو هەروەها زایەڵەی دیموکراسی کەلەناو حزبدا بەرگوی دەکەوت، هاتە دی. ئەوەبوو لە هەڵبژاردندا، دەستەی تازەو لاوان هەڵبژێردران‌و بەشێك لە رابەرە کۆنەکان شوێنەکانی خۆیان لەدەست دا.

لەکاتێکدا کەدەستەی لاوان هاتنە سەر کار ، بیروڕاو بۆچوونی تازەش کەوتە بەرلێکۆڵینەوە. نەیارەکانی حزب (میسری فەتات) لەکاتی پێکهێنانی سێیەمین کۆنفراسدا دەسەڵاتی خۆیان سەپاندبوو، لەئەنجامی ئەم کۆنفرانسەدا دوو دەزگا ئاشکرا کران، یەکێك بەناوی یەکێتیی لاوانی کارەوە، بەسەرۆکایەی (مەجدی ئەحمەد حسێن)و دەزگایەکی‌تر بەناوی یەکێتیی ژنانی حزب.

رۆژنامەی (الشعب) لە 3ی دیسەمبەری 1985دا بەسەرنووسەری (عادل حسێن) چالاکی خۆی دەستپێکرد،و هەموو هەوڵ تەقەلایەکی بەو ئاراستەیە خستەکار کەهێڵی ئیسلامگەرایی پێ بەهێز بکات، ئەو رۆژنامەیە گومانی لەکارەکانی حکومەت دەکرد لەجێبەجێکردنی یاسا ئیسلامییەکانداو لۆمەشی دەکردن‌و جەختی لەسەرەئەوە کردەوە کەلە یەکەمین ژمارەوە ئایینی ئیسلام تەوەری کارەکانی بووە، لەساڵی 1987دا چوارەمین هەڵبژاردنی پارلەمانی لەسایەی سیستمی فرە حزبیدا ئەنجامدرا، ولە 16/ نیسانی/1987دا

www.pertwk.com

کۆتایی پێهات بەپێی یاسای نوێی هەڵبژاردن کاندیدانی سەربەخۆ ڕێگایان پێدرا، بەشداری بکەن. دەوڵەت هەوڵێکی فراوانیدا بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکە بەپاکی و بێ (فروفێڵ)و بەشێوەیەکی ئاسایی ئەنجام بدرێت و ئەنجومەنی نوێ دەبوایە، بۆ جاری دووەم موبارەك بۆ سەرۆکایەتی کۆماری دەستنیشان بکات بۆیە ڕێگەی بەهیچ کەسێك نەدا، بەیاسایی بوونی ئەم ئەنجومەنە بخاتە ژێرباری ڕەخنەوە.



***5ـ ئیئتیلافی ئیسلامی.***

حزبی کار لەچوارچێوەی ئیئتیلافێکی تازەدا لەگەڵ ئیخوانولمسلمین و حزبی ئەحراردا لە هەڵبژاردندا بەشدارییان کردو بەرنامەی هەڵبژاردنی ئەوان بەئاشکرا دیاربوو، کەلایەنگری ڕێڕەوی ئیسلامین، بەناونیشانی (ئیسلام ڕێگەچارەیە). گەوهەری لێکدانەوەی حزب لەبڵاوکراوەکانیدا ڕەنگی دەدایەوە، بەوەی کەیاسای ئیسلامی یاسایەکەلەلای خواوە هاتووەو بێ خەوش و هەڵەیەو، هیچ لارییەك وەك لەدەزگاکانی تردا بەدی دەکرێ لەودانییە، لەبەرئەوەش ئەو کێشەو وێرانییەی کۆمەڵ تێی کەوتووە، تەنیا ئیسلام ڕێگەچارەی پێیە. ئەگەر چاوێك بەبەرنامەی هەڵبژاردنی ئیسلامیدا بخشێنین کە لەساڵی 1987دا ئەنجامدرا ئەو چەند خاڵانە دەبینین:



ا . یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ئیئتیلافی ئیسلامی ئەوەبوو، کەحزبەکانی تربەبەرنامەی خۆیانەوە هاتنە ناو گۆڕەپانەکەوە، بەڵام بەرنامەکانی ئیئتیلاف بەبەرنامەی حزبی کار، بەشدارییان کرد کەلەهەڵبژاردنی 1984دا ئامادەیکردبووو، ئەمەش لەگەڵ هەموو بەرنامەکانی تردا جیاوازی زۆری هەبوو.



ب . ئەم بەرنامەیەلە دووبەندی گرنگدا دووربینانە دەیڕوانی:

یەکەم: جێبەجێکردنی یاسایی ئیسلام (کەبەشێوەیەکی زۆر کورت بەرنامەکە  دیارکراوە)و لەبەرنامەی نیوەی دووەمی ساڵی 1984دا، لەناوەڕۆکی باسەکەدا دەستنیشانی ئەوە کراوە کەچارەسەی کێشە سەرەکییەکان بکرێت.

ج  . سەرنج بدرێتە گۆڕانکاری و پێشخستنی بابەتەکان و، لەهەموویان ئاشکراتر بابەتی چاکسازی و لاوازی ئابوورییە، کەئەمە لەبەرنامەی ساڵی 1984دا بەناونیشانی یەکەم دەستپێشکەری و لەبەرنامەی حزبیشدا، بەدووەم ئاماژەی پێکرابوو.

بەڵام لەهەڵبژاردنی ساڵێ 1987 بەپلەی شەشەم پێش دوا بڕگە ئاماژەی پێکرابووو، لەسەروو هەموو بەندەکانەوە چاکسازی سیستمی حکومەت و دوای ئەویش جێبەجێکردنی یاسای ئیسلامی جێی بەندی پێشوویان گرتبۆوە. لەبەرنامەی تازەدا چاکسازی سیاسی، لەپێناو چاکسازی ئابووری

www.pertwk.com

بەمەرجێکی سەرەکی دادەنرێت. سەرەڕای ئەوە بەندی سێیەمی بەرنامەی حزب بریتیبوو لە بڵاوکردنەوەی چاکەو داخستنی دەرگاکانی گەندەڵیو خراپەکاری. ئەمەش وادەگەیەنێ کە ئەگەر باوەڕو ڕەوشتی باش لەناو کۆمەڵگادا هەبێ، کێشەی ئابووریش چارەسەر دەکرێت. ئەوەش لێرەدا بەو واتایە دێ کە چاکسازی ڕەوشتو بەها دەبێتە هۆی ئەوەی دەرگایەك لەبەردەم چاکسازی ئابووریدا بکرێتەوەو ببێتە خاڵێکی گرنگو پێشەنگ.

د- یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکان سەرەکیو گرنگی بەرنامەکە، بابەتی ئایینی ئیسلامە، بەپێی ئەو بەرنامەیە ئەگەر کار بەیاسای ئیسلامی بکرێت، کە ئەرکی ئایینیو پێداویستیەکی نەتەوەییە، ئەواپێویست ناکات باس لەڕەزامەندیو نارەزامەندی بکرێت بەڵکو هەرتاکێك موسڵمانییەتی لەسەر پێویستە، وپێویستیشە دەستووری خوداو جێبەجێکردنی ببنە، وەڵامێك بۆ ئەو حوکمانەی کە پێویستن. ئەم بەرنامەیە بۆ دروستکردنی حکومەتی ئیسلامی چەند باسێکی ئاشکرا کردووە، ئەویش ئەوەیە، کە (ئەهلی کتاب) وەك هەموو هاونیشتمانییەك وانو، ئەوەی بۆ موسڵمان ڕێی پێدراوە بۆ ئەوانیش ڕێی پێدەدرێو ئەوەش لە موسڵمان قەدەغە کراوە لەوانیش قەدەغە دەکرێت.


69



ئەگەر چاوێك بەو خاڵانەدا بگێڕینەوە دەبینین کار کردن بەیاسای ئاینی ئیسلام بۆتە ناونیشانێكو سەرنج دەدەین لەبەرنامەی کاری 1984دا. بانگهێشت کراوە بۆ گەڕانەوەی مەزهەبو سەپاندنی بەسەر هەموو کۆمەڵگادا، کە ئەمەش حوکمەکانی ئایینی ئیسلام دەگرێتەوە، هەروەك لەبەرنامەی گشتی حزبیشدا شتێك باسدەکرێت کەنابێ یاسایەك لەکایەدا هەبێ کە دژی ئاینی ئیسلام بێ. بۆیە دەتوانین بڵێین بەرنامەی ئیئتیلافی 1987 لە ریشەو بنەچەوە، بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕانەبوو، بەپێی بیرو بۆچوونەکانی ئیسلام بەڕێوە چووە.

هـ.بەڵام لەبابەت پێگەی گشتی سیاسەتی دەرەوە، سەبارەت بەرەتکردنەوەی پەیماننامەکانی کامپ دیڤید وپچڕانی پەیوەندییەکانی میسر لەگەڵ عەرەبدا، کە زۆربەی حزبەکان پێی رازی بوون بەڵام ئەو ئیئتیلافە بەدیدێکی تایبەتو جیاواز لەحزبەکانیتر جیادەکرایەوە. لە بەیاننامەکەیاندا ئاماژەیان کردبوو کە: (کە ناتوانین بەبی سەربەخۆیی سیاسیو سەربازی، بەرنامەی رابوونی ئیسلامی بەجێ بهێنین. سەربەخۆیی ئێمە لەقووڵایی ئیمانماندا سەرچاوەی لە (لاالە الا اللە) وەرگرتووە، لەم بڕوایەوە ڕێگەی سەربەخۆیی لەهەموو لایەنەکانەوە ڕەچاو دەکەین.)


70

www.pertwk.com

لەهەڵبژاردنی ساڵی 1987 ئیئتیلافی ئیسلامی (60) کورسی بەدەست هێنا. ئیخوان 24 کورسی کار 22 کورسی ئەحرار 4 کورسییان بەرکەوت.

### 6. فرمانەکانی پارلەمانی

یەکەم بابەت کە نوێنەرەکانی ئیئتیلاف لەپەرلەماندا لەسەری دوان بابەتی، ئەشکەنجەدانی ئیسلامییە گیراوەکان بوو، وەدیانویست حوکمەکانی ئیسلام بەجێ بهێنن. نوێنەرانی ئیئتیلافی ئیسلامی ئەو دەسەڵاتە یاساییەی کە بەسەرۆك کۆمار درابوو وەك دەست کراوەیی یاسایی لەدەسەڵاتی داراییدا لەبەرامبەر ئەوانەو گەلێك شتی تردا نارەزاییان نیشاندا، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەڵبژاردنەوەی سەرلەنوێی موبارەك بەسەرۆك کۆمار رازی بوون. ئیبراهیم شوکری لەو بارەیەوە نیشانیداو گوتی:

((ئێمە لەگەڵ قەدرزانین و سوپاسی خۆماندا، بۆ حکومەت کەوا رۆژ بەرۆژ لەبواری دیموکراسیدا کاری ولآت بەرێوە دەبات، بۆ هەڵبژاردنی بەرێز موبارەك بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری رەزامەندیمان نیشانداو ئومێدەوارین رۆژ لەدوای رۆژ ئارامی و ئاسایش بەردەوام بێ و خواستەکانی گەل بێنە دی و قەیرانەکانی ئابووری بەسەرکەوتوویی تێبپەڕێ و یاسای پیرۆزی ئیسلام وەك((بەردی بناغەبێت)) بۆ چاکسازی سیاسی و ئابووری.))





گرنگترین ململانێی ناو پەرلەمانی ئیئتیلافی مەسەلەی پشتیوانیکردنی نوێنەری سوسیالیست بوو. ئیئتیلاف بەپشت بەستن بەو کارە، ناو براوی بەتاوانی درۆ هەڵدەبەستن تاوانبار کردبوو وئەویش ئەو تاوانەی رەتدەکردەوە. حزبی کار بەدرێژە پێدانی یاسای حاڵەتی نایاسایی 1988 نارەزایی دەربڕی و، بەرێکەوتن لەگەڵ هەموو حزبەکانیتردا جگە لە حزبی ((أمة)) بەشداری هەڵبژاردنیان نەکرد.

### 7. پەرەسەندنی مەبەستە ئیسلامییەکان لەبەرنامەکانی حزبدا.

حزبی کار بۆ راکێشانی هێزی موسڵمانان بەلای بیرو بۆچوون و دروشمەکانیدا، لایەنی ئیسلامی گرت و، دەستدانە سیاسەتێکی ئاواش، دووربینی لەوەدا بوو کەناوەرۆکی ئایینی و رەوشتی لەدوو لاوە گرنگی بەگەشەی حزب دەدا:

1. لەلایەك لاوان و خوێنکارانی زانکۆکانەوە، کە کەوتبوونە ژێر کاریگەری بیروڕای ئیسلامی سەردەمەوە، ئەوانەی بەلای خۆیدا رادەکێشا.

2. ئەم کارە لەرووی رەسەنی فەرهەنگی میسرەوە کە رێزێکی زۆری بۆ ئایین دانا هاوجووتە.

حزبی کار بەدەرچوونی (ئیخوان و لمسلمین)لە ئیئتیلافەکەیاندا، ترسێکی زۆری لێنیشت، هەروەکو ئەو کارە شێوە ئیسلامییەکەی حزبی لەناو دەبرد، لەبەر ئەوە حزب



www.pertwk.com

بڕیاریدا لەبری ئەو دابڕانە بەرگێکی ئیسلامی بکاتە بەر کارەکانیو ئەو گروپە ئیسلامیانە لەناو ریزەکانیدا ڕێکبخات کە لەگەڵ ئیخواندا ناکۆك بوون.

### 8ـ ناکۆکییەکانی ناو حزب.

گرووپێك کە لەسەردەمێکی مێژووییدا پەیوەندییان بەداب و نەریتەکانی حزبی ((میسری فەتاتەوە))هەبوو وئەوانیش میراتگری ((ئەحمەد حسێن))بوون، لەئەنجامی جیابوونەوەی ئیخوانولمسلمین لە حزبی کار وسەرکەوتنی لەرووی یاساییەوە، توانیان حزبی میسری فەتات بنیادبنێن. (ئەحمەد موجاهید) جێگری سەرۆکی حزبی کار بەهۆی ئیئتیلافی ئیبراهیم شوکری لەگەڵ ئیخوانو لموسلمینەوە لە حزب جیابۆوەوە تاوەکو بەرەی سۆسیالیستەکان، کەنەیاری ئیبراهیم شوکری بوون، بەڕێوە بەرێت وبۆخۆشی ببێت بەسەرۆکی حزبی کار، لەیەکێك لەئۆرگانەکانی حزبدا دەسەڵاتی تەواوی پەیداکرد، ڕۆژنامەیەکی بەناوی ((مقاوەمەت))ەوە بڵاوکردەوە، لەحزبەکەدا کە (ئەحمەد موجاهید) رابەری دەکردن باڵێکی تریش جیابۆوە، بەسەرۆکایەتی ((عادل ئەلوالی)) کە جێگری سەرۆکی بەرەی سۆسیالیست بوو، بڕیاریدا کە حزبێکی تازە دروست بکات بەناوی حزبی سۆسیالیستی میسر.





هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر بۆ پێکهاتنەوەی شوکریو موجاهید درا بەڵام پێداگرتنی (شوکری) لەسەر درێژەپێدانی ئیئتیلافی لەگەڵ ئیخواندا وسووربوونی لەسەر ئەو بەرنامە ئیسلامییەی کە لەمارسی 1989دا بڵاوکرایەوە هەموو هەوڵ و تەقەلاکانی شکست پێهێنا. حزبی سۆسیالیستی کار بۆ حزبێکی سەرەکیو دووباڵ جیابۆوە، کەلەنێوەندی سیاسیدا دیاربوون. رابەری حزبی سەرەکی ئەندازیار ئیبراهیم شوکری بوو، لەدوو باڵەکەی تریشدا، رابەری باڵی یەکەم (ئەحمەد موجاهید)و رابەری باڵی دووەمیش (عادل ئەلوالی)بوو. دەتوانین بڵێین کە عادل ئەلوالی کاری یاسایی دروستبوونی حزبەکەی بەئەنجام گەیاندبوو.

لەناو حزبەکەدا دوو کۆمەڵی رکەبەر بەیەك هەبوون. دەستەی یەکەمیان باوەڕیان بە پەیوەندی نێوان خۆیان و هێزە ئیسلامییەکان هەبوو، لایەنگری لایەنە ئیسلامییەکانیان چ لەرووی دروشمەوە یان لەرووی ئایدیۆلۆژیکەوە تەنیا بۆ مەبەستی هەڵبژاردن بوو. بەڵام دەستەی دووەم سەرەڕای هەموو گیروگرفتەکان رکەبەرایەتی دەستەی یەکەمیان دەکرد ولەناو شارەکان (پارێزگاکان) کەدا لایەنگریان زۆربوو، سەرۆکی حزب، هەوڵی هاوسەنگی ئەو دوولایەی دەدا، ئەگەرچی بایەخی زیاتری بەلایەنە ئیسلامییەکە دابوو. لەساڵی 1989دا حزبی کار



www.pertwk.com

پێنجەمین کۆنگرەی خۆی بەستو کۆمیتەی ناوەندی تازەی هەڵبژاردو دەستەیباڵای حزبی کار دروشمی چاکسازی بنەڕەتی لەسەر ڕێنمایی ئیسلام خوازی ئاشکرا کرد، کە پێنج کەس لەئەندامان دژایەتیان کرد. هەر لەسەرەتای کۆبوونەوەکانی کۆمیتەوە، ناکۆکی لەناویاندا دەرکەوتو گروپە جیاخوازییەکان هەستان بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە، لەو بەیاننامانەدا، ڕابەری مێژوویی وباڵی ئیسلامی وئیئتیلاف لەگەڵ ئیخواندا هێرشیان کرابووە سەر. سەرکردایەتی حزب وای ڕادەگەیاند کە هۆکاری بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامانە ئەوەیە کە ئەوان لە حزب دەرکراون وجگە لەمەش ئەوانە پەیوەندییان بەکاری سیخووڕیکردن بەسەر وڵاتەوە هەیەو ئەو پیلانە بەجی دەهێنن کە دەبێتە هۆی تێکدانی حزب. سەرەڕای ئەو دروشمە سەرەکیانەی باسکران. چەند دروشمێکی تریش لەناو کۆنفرانسدا بەرزکرانەوە، بریتیبوون لەمانە: "ئیسلام ڕێگەچارەیە" "ڕێگەچارەی ئیسلامی بێکاریو گرانیو گیروگرفتی نیشتەجێکردن کۆتایی پێ دەهێنێ"، "ڕێگە چارەی ئیسلامی وەرگرتنی قەرزی وڵاتانی بێگانە ڕەتدەکاتەوە" "ڕێگەی چارەی ئیسلامی بنەمای باڵاکردنو فراوانبوونی دوا ڕۆژە" "ئیسلام باوەڕی ئێمەیە" "نەکۆمۆنیستو نەئیمپریالیزم"


75

حزبە سیاسییەکانی میسر

"دروشمی ئێمە خواو میللەتو چاکسازییە لەسەر بنەما ئیسلامییەکانو پشتیوانی کردنی ئیئتیلافی ئیسلامی"یە

لەئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ناوخۆدا، زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی باڵی سۆسیالیست دوور خرانەوە، لەم ڕووەوە ئیبراهیم شوکری وتی: ئەمە نیشانەی دیموکراسییەتی ناوحزبەو، هەر لەم ڕوەوە باڵی ئیسلامی لەناو حزبدا زیاتر پشتگیریان لێکراو ئەندامانی حزب دروشمە ئیسلامییەکانیان پەسەند کرد، گروپە جیا خوازییەکانی ناوحزب، لەپارێزگاکاندا ناتەواوی هەڵبژاردەکانیان ئاماژە پێکردو گومانیان لەپاکی هەڵبژاردنەکەدا هەبوو، ئەحمەد موجاهیدو هاوڕێکانی، کۆنفراسێکیان پێکهێناو ڕایانگەیان کەئەم کۆنفرانسە تەواو کەری کۆنفرانسی پێنجەمەو ئەحمەد موجاهید بەسەرۆکایەتی حزبی سۆسیالیستی کار هەڵبژێردرا، پێنج کەس لەنوێنەرانی حزب لەئەنجومەنی گەلدا، پشتگیریی جیابوونەوەکانیان کردو خۆشیان بەنوێنەری باڵی (ئەحمەد موجاهید) ناساند، بەڵام (محەممەد حیلمی موراد) گومانی لەم هەڵوێستە دەربڕی، لەبەرئەوەی ئەو نوێنەرانە سەرکەوتبوون کەپێیان وابوو ئیسلام ڕێگا چارەیە.


76

www.pertwk.com

حزبی کار ژمارەیەك لەئەندامانی لەحزب دەرکردبوو لەوانە (ئەحمەد موجاهید، عادل ئەلوالیوشەوقی خالید) بە بەڵگەی ئەوەی کەئەوانە لەسەر ڕێبازی حزب لایانداوە.

### 9- لێکدانەوە لەسەر ئیئتیلافی حزبی کارو ئیخوانولسلمین

لێکدانەوەی مێژوویی لە حزبی(میسرو لفەتات)دا نەخشەیەکی سەرەکی هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان حزبی کار کەدرێژە پێدەری حزبی (میسرو لفەتات)ە لەگەڵ (ئیخوان ولموسلمین)داو کە دەشێت ئەمە هەستی پێ بکرێت، چونکە زۆرتر ئەو نووسیانەی کەسەبارەت بەبزووتنەوەی سیاسی میسر نووسرابوون، ئاماژە بەوە دەکەن کەئەم خاڵە بۆ (میسرو لفەتات) نیشانەی ئەوەیە، کە زۆر خۆی دەگۆڕێ یان فرە ڕووە، بەهۆی ئەوەی کەهەر جارەی ئایدۆلۆژییەك لەخۆ دەگرێ ئەوەتا جارێك فاشیزمەو جاری وا هەیە ڕەنگی ئایدیلۆژی ئیسلامی لەخۆ دەگرێ یان وەك سوسیالیزم خۆی دەنوێنێ، ئەنجامی ئەم خۆ گۆڕینە وا پێناسە کراوە:

"ئەم بزووتنەوەیە کۆمەڵێك ئایدیۆلۆژیای دژ بەیەك لەخۆ دەگرێ بەپێی واقیعی سیاسی خاوەنی تیۆرێکی سیاسی چەسپاو نییە"

(میسرو لفەتات) هەوڵی ئەوەی دەدا کەهاوسەنگییەك لەبیری خۆیدا پێکبێنێ بۆیە ئامانجی لەدەستگرتن بەسۆسیالیستەوە"





بۆ ئەم مەبەستە بوو، هەتا لەنێوان ڕاستڕەوەکان و ئیسلامییەکاندا وەك کۆکردنەوەی دژەکان لەنێو یەکتریدا، ڕۆڵی خۆی هەبێ.

لایەنگرانی (میسرو لفەتات) وایان دەبینی کەکۆمۆنیست مێژوو لەبەرچاو ناگرێ لەبەرئەوە لەبەرامبەر بزووتنەوەی ئیسلامیدا بەدوژمنی سەرەکییان دەزانی، ئەوەش لەڕێڕەوی ئیخوانولمسلیمیندا زیاتر دەردەکەوت چونکە لەبەرامبەر بزووتنەوە ئیسلامییەکانی تردا خۆیان بەپێشڕەوو شۆڕشگێڕ دەزانی دژ بە ئیمپریالیزم و گەندەڵی ئیداری.

لەزەمینەی کۆمەڵایەتیدا، ئیسلام (سووی) بەحەرام دەزانی، بەو پێیە قازانجی بانکەکانی بەبنەمای سەرمادارییان لێکدەدایەوە و سەرمایەداریشیان بەحەرام لەقەڵەم دەدا، لەم ڕووەوە دەگونجا ئیسلام لەگەڵ سۆسیالیزمدا لەبەرامبەر سەرمایەداریدا تێڕوانینێکی هاوبەشییان هەبێ، بۆیە بەرنامەکانی حزب لەم ئاستەدا ئەم شێوە هزرەی دەچەسپاند کە نەبەتەواوەتی سۆسیالیزم بێ و نەبەتەواوەتی سەرمایەداری بێ، بەڵکو لەیەکدا کۆیان بکاتەوەو ڕووپۆشێکی ئیسلامی بەسەردا بدەن، بۆیە دەشێ ئەو کارە هۆی سستی ئیئتیلافی ئیخوانولمسلمین و حزبی کار بوو بێ.

لەسەرەتاکانی دەیەی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا کەدوایی ناوی حزبەکە گۆڕا بەحزبی سۆسیالیستی میسر، بێ ئارامییەکی



www.pertwk.com

تێکەوتو ئەوەش بەهۆی ئەو لایەنگرییە فکریانەوە بوو، کەرووبەڕووی بوونەوە. چالاکییە سیاسییەکانیشی کەم بوونەوەو دابەزین، تەوژمی حزبی وەفد سەرلەنوێ بەهاوکاری هەموو حزبەکان تاوی سەندەوە، بەتایبەتی حزبی گەلی پێشوو، رکەبەرایەتی خۆیان بەرامبەری حزبی میسرو لفەتات ئاشکرا کرد، لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوودا حزبی سۆسیالیستی میسر، زیاتر لەهەر حزبێکی تر بیری لەوە دەکردەوە کەبەرەیەکی یەکگرتوو لەهەموو حزبو دەزگا سیاسییەکان پێکبهێنێ، لەساڵی 1951 لەلایەن هەموو گروپە راستڕەوەکانە، داوا لەحزبی گەلو ئیخوانو المسلمین کرا. تا بەرەیەك بەناوی ((بەرەی گەل)) دروست بکەنو لەچوارچێوەیەدا رێکەوتنامەی هەڵوەشاندنەوەی ئیخوانەکان بخرێتەوە داواوەو چالاکییە سیاسییەو ئاشکراو یاساییەکانی ئیخوان بەرەسمی بناسرێتەوەو هێرشیشیان کردە سەر ئەو یاسا دەوڵەتییەی کە سنووری بۆ ئازادییەکانی ئیخوان لەپێش تازەبوونەوەی چالاکییەکانیدا دانابوو. هەموو ئەو هەولانە بێبەرهەم بوونو نەیانتوانی رەزامەندی ئیخوانەکان بەدەست بهێننو ئەوان پێیان لەسەر سەربەخۆیی خۆیاندا گرت. خاڵی هاوبەش لەنێوان حزبی کارو ئیخوانو لموسلمین دا هەبوو، لەرابردوودا هەولی زۆریاندا بۆ ئەوەی لەناو خۆیاندا هاوکاری بکەن. لەبەر ئەوە ئەو بابەتە





لەنێوانیاندا بەشتێکی تازە نەدەزانرا. ژمارەیەکی زۆر لەوانەی کەلەو باوەڕداربوون، بەیەك شێوە بیریان دەکردەوەو کە ئەوەشیان هەر لە ((میسرو فەتات))ەوە بۆ جێماوە ئەوانەشی کە لەدەیەی سەدەی رابردوودا پەیوەندییان بەحزبی کارەوە دەکرد بنەمای بیروباوەڕی حزبییان لەسەر بنچینەی سۆسیالیزمی دامەزرابوو. لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا بۆ کەڵك وەرگرتن لە خۆشەویستیو گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی لە میسرداو لەناوچەکەدا بەگشتی. شێوەی بیروباوەڕی حزبییان لەباوەڕی رەوشتیو ئاینی ئیسلام نزیك کردەوە. لەدوای ئەوەشدا لەساڵی 1987دا ئیئتیلافیان لەگەل ئیخوانو لموسلمیندا ئەنجام دا، ئیتر لەوکاتەوە ئایین شێوەیەکی رەواجی لە بەیاننامەکانی حزبدا پەیداکرد. لەبەر ئەوەی کە ژیانی کۆمەڵایەتی حزب پشتی بەبیروباوەڕی سیاسی ئیسلامی بەستبوو، بۆیە بەتەواوەتی حزب رووێکی رەوشتیو چاکسازی بەخۆیەوە گرت. چینەکانی ناوەڕاست لەکۆمەڵگادا ولەناوچە هەژار نشینەکاندا چینە هەژارەکانی بۆلای خۆی راکێشا. یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی پێکهاتەی ئیسلامی حزبی کار ئەوەبوو، لەکاتێکدا ئەگەر ئیخوان لەحزب دەرچێ، ئەوا حزب دوچاری شکستییەکی گەورە دەبێ، چونکە حزب کۆمەڵو گروپی ئیسلامی ئەوتۆی نییە کە باوەڕیان بەحزبو نەخشەی ئەو هەبی. حزب لەئامادەکردنی خەڵکیدا



www.pertwk.com

دوچاری شکست بوو، لەسەردەمی قەیرانی کەنداودا کەحزب پشتگیری لەسەدام حوسێن کرد. تواناى نەبوو کۆنفراسێك یان ڕێبازێکی دیاریکراو پێکبهێنێ وبەرچاوترین کۆبوونەوە کەتوانی پێکی بهێنێ لەبارەگای خۆیدا، ئەو کۆبوونەوەیە بوو کەنزیکەی بیست کەس لەڕابەرەکانی ئامادەبوون. لە هەڵبژاردنی پارلەمانی ساڵی 1990دا ئیئتیلافی حزبی کار لەگەڵ ئەحرارو ئیخوانولمسلمیندا بەشداریان نەکرد. لەبەر ئەوەی بەپێی یاسایەکی تازە، بەناوی حزبەوە خۆکاندیدکردن نەبوو، بەڵکو هەرکەسە دەبوو سەربەخۆ خۆی کاندید بکات.

### 10ـ کورتەیەك دەربارەی ژیان و بەسەرهاتی ئیبراهیم شوکری

لەکۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا، کەچالاکی حزبی میسرو وفەتات ئاشکرابوو، ئیبراهیم شوکری بەسکرتێری حزب هەڵبژێردرا. بەڵام لەساڵی 1948دا بەناونیشانی جێگری سەرۆکی حزب دیاریکرا. لە پارلەمانی ساڵی 1950دا بەیەکەم نوێنەری سۆسیالیست هەڵبژێردرا. لەپێش شۆڕشی تەمموزی ساڵی 1952دا لەرووی چاکسازی کشتوکاڵییەوە یاسایەکی کشتوکاڵی پێشنیاز کرد کە موڵکداری دەبێ هەتا سنووری (150) فەدان بێ. پێشنیازی پارێزگاری لە کرێکاران و دروستکردنی سەندیکا کرد، و یاسای لابردنی پلەو پایەو





نازناوی لە ئەنجومەندا پێشکەش کرد. دوای نەمانی ڕۆژنامەی سۆسیالیستی (میسرو لفەتات) هەفتەنامەیەکی تازەی بەناوی (گەل)ەوە چاپ و بڵاوکردەوە.

بەتۆمەتی سوکایەتی کردن بەپاشای میسر لەیەکێك لەوتارەکانیدا، هەتا شۆڕشی تەمموزی ساڵی 1952 لەزینداندا بەندکرا، و دوای بەرپابوونی شۆڕش جگە لە ئەندامێتی ئەنجومەنی گەل بەناونیشانی سەرۆکی یەکێتی سۆسیالیستی شاری ((دەقهەلبیە)) هەڵبژێردرا. لەمایسی 1974دا بەناونیشانی پارێزگاری ((وادی الجدید)). لەساڵی 1976دا لەم پۆستە دەستی کێشایەوەو دووبارە چووەوە ناو پارلەمان و دوای ئەوە بەوەزیری کشتوکاڵ دامەزرا، کەدوایی بوو بەوەزیری ((چاککردنی زەوی)) دامەزرا لەسەرەتادا ئەندامی فراکسیۆنی میانڕەوەکان بوو، دوایش بوو بەئەندامی حزبی میسرو ئینجا حزبی کاری پێکهێنا. لەئەنجومەنی گەلدا لەچەند خولێکییدا ڕابەری گروپی ئۆپۆزسیۆن بوو.



www.pertwk.com

حزبە سیاسییەکانی میسر

# بەشی چوارەم

## حزبی تەجەمموع

www.pertwk.com

### 1. مێژووی پێکهاتەی حزب.

سادات حزبی پێشڕەوی تەجەمموعی[83]، بۆ رووکەشکردنی رووی دیموکراتیەت پێك هێنابوو، ئەم حزبە لەفراکسیۆنی چەپ بوو، رابەرەکەیان لەسەرەتاوە هەتائێستا کۆنە مارکسیەکە، کەناوی ((خالید محیّدینە))ە ئەویش یەکێکە بوو لەسەرکردەکانی شۆڕشی سالّی 1952. کەسایەتییە مارکسی و کۆمۆنیستەکان چوونە ناو ئەو حزبەوە. لە تەنیشت ئەوانیشەوە ناسریەکان بانگەوازی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕانەو بیرو بۆچوونی نەتەوەیی، کە حکومەتەکەی (جەمال عەبدولناسر) بانگەوازی بۆ دەکرد، سەریان هەلّدا.

کەسایەتی گرنگ کەبەوحزبەوە پەیوەندییان هەبوو بریتی بوون لە ((لوتفی ئەلخوولی و محەممەد سەیید ئەحمەدو ئیسماعیل سەبری عەبدوللاّو ئەحمەد حەمروی کوڕی رەفعەت سەعید.))

چەپڕەوەکان پەیوەندییان بەحزبی تەجەمموعەوە نەکرد بەلّکو رێکخستنی کۆمۆنیستیان بەشێوەی نهێنی و بچووك لەناو دەولّەتدا دروستکردو، بەشێوەی ئاشکراش لەدەرەوەی دەولّەتدا چالاکییان دەنواند. زۆربەی ئەندامانی حزب لەکەسانی چینی

حزبە سیاسییەکانی میسر

ناوەڕاست پێك هاتبوون، وەك رووناکبیران و خوێندەواران و، خوێندکارانی زانکۆو کرێکاران. ئەمانە پارێزگارییان لە ئایدیۆلۆژیای شۆڕش دەکرد، کاتێك کەسادات لە ئایدیۆلۆژیای شۆڕش دوورکەوتەوە، زۆر لێی بەرقدا چوون.

تەجەمموع بەتوندی سیستمی نادیموکراسیانەی رژێمیان رەتدەکردەوەو، فەلسەفەی کۆمەلاّیەتی و ئابووری کە لەسیاسەتی دەرگا کراوەکاندا بایەخدان بە پەیوەندی لەگەلّ بلۆکی رۆژئاوای ئیمپریالیزمی و پشتگوێخستنی نەتەوەی عەرەب و ململانێکانی و سەرنجامی گفتوگۆکانیان، کە لەگەلّ ئیسرائیلدا رەنگی دایەوە ئەمانەیان هەموو مەحکوم دەکرد.

حزب لەلایەن حکومەتەوە کەوتە ژێر چاودێرییەوە، بۆ ئەمەش، بەناونیشانی کۆمۆنیستی و لادان لەئایین وکافری لەناو خەلّکیدا ناویان زڕاو بەلەناوبردنی سەرکردەکانیان وتووندکردنیان لەزیندانەدا لەگەلّ لێپێچینەوەیەکی زۆر توندو تیژ بەرەو روویان بووەوەو، رۆژنامەکەیان کەناوی (( ئەلئەهالی)) بوو داخرا، لەئەنجامی ئەم هەلّس وکەوتانە، توانای حزبە چەپەکان سنووردار کرا، بایەخی بنەڕەتی حزب لەوەدابوو کەیەك رێگەی سیاسی و لەدەزگایەکی یەکگرتوودا بە نەیاری حکومەت دەناسرا، لە ناو دیدی سیاسیدا ئایدۆلۆژییەکی سەربەخۆی هەبوو، تایبەت مەندییەکی شۆڕشگێڕانەشی هەبوو، بۆیە

www.pertwk.com

(تەجەمموع) لەدیدی حکومەت دا، حزبێکی مەترسیدار بوو، بۆیە دەبوایە بەرنامەی لەناوبردنی دانێ. هەر بۆ ئەو مەبەستەبوو سادات لەرێی ئیبراهیم شوکرییەوە، بۆ دروستکردنی حزبی سۆسیالیستی کار دەستپێشکەری کردو ئامانجیشی لەوکارە ئەوەبوو کە کەسانی سۆسیالیست ومارکسییە میانەڕەوەکان بەلای خۆیدا رابکێشێت.

کەئەم کارەش لەسەرەنجامدا نوشوستی هێنا. سەرەڕای ئەوەی کە حزبی تەجەمموع تەنها حزبی چەپڕەوی یاسایی بووو، مارکسییەکان و لیبرالیستەکان و ناسرییەکان و رووناکبیرە مەزهەبییەکانی وەك ( نەزیر شیخ مستەفا عاسی) کەخوێندکاری زانکۆی ئەزهەربوو لەپلەی ئەندامیەتیدابوون. بەلام بەشێکی زۆری بزوتنەوە کۆمۆنیستەکان لەحزبی کۆمۆنیستی میسردا جێگیربوون و حزبە بچووکەکانی تریش وەکو یەکێتی کرێکارانی کۆمۆنیستو حزبی کاری سۆسیالیستی گەل و وحزبی دیموکراتی کۆمۆنیست. ئەمانەش تازە دروست دەبوون، کە کۆمەڵێ، لایەنگرانی شۆڕشیان بەلای خۆیاندا رادەکێشا، ئەمەش واینەدەگەیاند بڵێین، کە کۆمۆنیستەکان هەموویان لەحزبی تەجەمموع دابوون، هەرچەند گەلێك بڕوایان پێی‌هەبوو. لە پارلەمانی ساڵی 1976دا حزبی تەجەمموع چەند کورسییەکی بەدەستهێناو، لەدوای دەرکردنی یەکێك لەئەندامانیان بەناوی



(عەلی عەبدولخالق جەمیل) کەپشتگیری لەچوونی سادات کرد بۆ قودس لەساڵی 1977دا، چوارکورسییەکەی کەم بووەوە بوو بەسێ کورسی. حزب نەیاری سەرسەختی هەرجۆرە دانوستاندنێك بوو لەگەڵ ئیسرائیلداو نەیاریی خۆی بەرامبەر بەسیاسەتەکانی سادات راگەیاندو هێرشی کردە سەریان، لەدوای مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا، سادات پارلەمانی هەڵوەشاندەوەو هەڵبژاردنێکی تازەی راگەیاند بەمەرجێك کەبەرهەڵستی پەیمانی ئاشتی نەکرێت، لەو سەردەمە هەتا ساڵی 1990 هیچ کەسێك لەحزبی تەجەمموع لەهەڵبژاردندا سەرنەکەوت و نەچووە ناو پارلەمانەوە.

بەلام لەپارلەمانی ساڵی 1990دا (33) کەس خۆیان کاندید کرد لەقۆناغی یەکەمدا (خالید محیّدین) سەرکەوت و لەقۆناغی دووەمدا شەش کەس سەرکەوتن. کەچواریان ناویان (لوتفی واکب و موختار جومعەو محەممەد عەبدولعەزیز شەعبان و بەدری فرغەلی) بوون‌ودەنگی پێویستیان بەدەست هێناو گەیشتنە ئەنجومەن.

حزب لەم هەڵبژاردنەدا (138) هەزار دەنگی بەدەست هێنا کەئەوەش کەمتر بوو لەهەڵبژاردنی ساڵی 1985 . لەهەڵبژاردنی ساڵی 1984 دا کەیەکەم هەڵبژاردنی سەردەمی موبارەك بوو، تەجەمموع نەیتوانی رێژەی پێویست بەدەست بهێنێ و

بەدامەزراندنیش لەڕێی موبارەكەوە رازی نەبوون لەم هەڵبژاردنە تەجەمموع (214) هەزار دەنگی بەدەست هێناو.

لەساڵی 1987دا دوای ئەوەی كەچەند ناكۆكییەك لەناو حزبدا بەهۆی بەشداریكردنی لەهەڵبژاردنی ساڵی 1984دا روویاندا، حزبی تەجەمموع لەهەڵبژاردندا بەشداری كردو لەم رووەوە بەیاننامەیەكی بڵاوكردەوەو، هۆی بەشداریكردنی خۆی لەم هەڵبژاردنەدا راگەیاند كە لەپێناو چەند مەبەستێكدا بوو" لەوانە ئەنجامدانی ئاگاداری سیاسی بەرفراوانترو، پەیوەندیكردن بەكۆمەڵانی خەڵكەوەو هەوڵدان بۆ نیشاندانی توانای باڵی چەپ لەناو ئەنجومەنداو بۆ جێگیركردنی پەیوەند نێوان كادرەكانی حزبو كۆمەڵانی خەڵكو راكێشانی ئەندامانی ترو كردنەوەی بارەگای حزب لەشوێنی تازەداو كەڵك وەرگرتن لەئەزموونی هەڵبژادرنی پێشوو، نیشاندانی هەڵوێستی چەپ لەئاست كێشەو گرفتەكانی كۆمەڵدا، وڕووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستی راستڕەوەكانداو وەدەستهێنانی ئەزموونی كردەوەدار لەپێكهێنانی ئیئتیلافی چەپدا.

*2ـ پەیڕەوو پڕۆگرامی سەرەكی حزب*

بەرنامەی سیاسی حزب وادەگەیەنێ: (ئامانجی ئێمە ئازادیو سۆسیالیستو یەكێتییە تاوەكو خزمەت بەمیسری نیشتمانمان





بگەیەنین، حزب بەجیهادی خۆی درێژە بە ڕێبازی شۆڕشگێڕیو دیموكراتیو درێژە بەهەنگاونان بەرەو سۆسیالیستی دەدات).

حزبی تەجەمموع لەبەرنامەی هەڵبژاردنی ساڵێ 1987 بانگەوازێكی بۆ جەماوەری گەل راگەیاند كە هەمیشە پارێزگاری لەچینە هەژارو ناوەندەكان دەكاتو لەم رووەوە لەهەڵبژاردنی ساڵی 1984دا چەند دروشمێكی هاوشێوازی بەكارهێنا، بەڵام لەساڵی 1987دا، ئەو دروشمەی بەرزكردەوە كە بریتیبوو لە رزگاری میسر لەگەندەڵیو شوێن كەوتەی بێگانە، ئەو دروشمە لەساڵی 1984دا خاڵی بەرچاوی هەموو دروشمەكان بوو، بایەخدانی بەرزگاری نیشتمان، لەقەیرانی كۆمەڵایەتی كەبەرەومەترسی گەورەی دەبردو، لەپێناو رزگاری وڵاتدا سیاسەتی دەرگاكراوەكانو زیادكردنی قەبارەی داهاتی، بەپێویست دەزانی.. حزب لەو باوەڕدابوو، كەبەجێهێنانی ئەو بەرنامەیە لەچوارچێوەی كۆمەڵگایەكی سەرمایەداریدا، پێویستییەكی گرنگە، بۆ گەڕانەوەی هاوسەنگی ئابووری میسرو پێشگیری لەكەوتنی وڵات لەهەموو زەمینەكانیـ، سیاسیو كۆمەڵایەتیو ئابووریدا.

لەچوارچێوەی گشتیدا حزب بیروبۆچوونی خۆی بەوشێوەیە ئاشكرا دەكرد. (تێكۆشان بۆ لەناوبردنی قەیرانی ئابووری پێویستی بە(جێبەجێكردنی سیاسەتی دەرگا كراوەكان)



www.pertwk.com

(پارێزگاری لەهەژاران) (جێبەجێکردنی داخوازییەکانی گەل) (رووبەڕووبوونەوەی هەر مەترسییەك کەهەڕەشە لەیەکێتیی گەل بکات و بەدیهێنانی بەرزبوونەوەی ئاستی کەلتووری و دیموکراسی) (خۆئامادەکردن بۆ بەدیهێنانی ئابوورییەکی پشت بەخۆبەستوو) (رووبەڕووبوونەوەی هەموو دەسەڵاتێکی حزبی دەسەڵاتدار ئەویش بەپێشخستنی گۆڕانکارییە دیموکراسییەکان و رێزگرتنی سەربەخۆیی گەل و جەخت کردن لەسەر عەرەبیبوونی میسر) رادەگەیەنن.

ئەم بەرنامەیە راستەوخۆ ئامانجەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری سنووردارنیشان دەدات، لەوانە: بەرەنگاربوونەوەی گرانی کەرۆژانە روو لەبەرزبوونەوەدابوو، دابینکردنی خانووبەرە بۆ چینە هەژارو مام ناوەندەکان. کردنەوەی قوتابخانە بەبێ بەرامبەر بۆ هەموو ئەو کەسانەی کەتەمەنیان لەئاستی خوێندندایە، زیادکردنی مووچەو داهاتی کرێکاران، کارمەندان، جوتیاران، پسپۆڕان.

بەبەراوردکردنێکی گشتی لەنێوان بەرنامەکانی ساڵی 1984و 1987دا لەبارەی هەموو بابەتەکانەوە تێبینی دەکرێت کەبەرنامەی دوایی لەبارەی پارێزگاری و چاکسازی و سیستمی پشتیوانی و پشتگیرییەوە، لەشێوەی ئەو بەرنامەی ساڵی 1984دا وەك ناونیشانێکی دیار جێی خۆی نەگرت، ئەگەر چی



بابەتەکانی وەك گرانی و کەمیخانووبەرەو دەرمان و پەروەردە خرابوونە روو، هەر بۆ نموونە زیادکردنی مووچەو داهاتی کرێکاران و کامەرندان وەك کێشەیەکی گەل جێگای تاوتوێکردن بوو. بەرنامەی هەڵبژاردنی ساڵی 1984 چەشنی بەرنامەی ساڵی 1987 لەبنەڕەتدا وەك بەرنامەی سیاسی و گشتی حزب جیاوازیان هەیە، چونکە ئامانجی سەرەکی حزب، لەپێناو ئارامی و سۆسیالیزم و یەکێتیی بۆ میسرو، لەکۆششی ئەوەدا بوو کەوڵات لەقەیرانی پەرەسەندووی ئابووری رزگاری بکات.

ناتوانرێت بگوترێت جیاوازی نێوان بەرنامەی سیاسیی گشتی حزب کە لەساڵی 1980دا خرابووەڕوو، لەگەڵ بەرنامەی هەڵبژاردنەکانی ساڵەکانی 1984، 1987، 1990دا لەناتەبایی، نێوان بەگشتی بوونیبەرنامە گشتییەکان یا بەتایبەت بوونیان، یا بە قۆناغ گەری بەرنامەکانی هەڵبژاردندا بووبێت، بەڵکو ئەم جیاوازییە لەگۆڕانکارییەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەوە سەرچاوەیان گرتبوو، کەکۆمەڵگای میسری دووچاری ئەو واقیعە کردبوو، لەئەنجامدا پێویست بوو واقعبینانە، رووبەروویان ببنەوە.

سەرەڕای ئەو پڕوپاگەندانەی کە پەیوەندی بەتوانای کاری دەزگایی حزبەکەوەهەیە، رابەری حزب جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە کێشەی حزب بەپلەی یەکەم کێشەی

www.pertwk.com

بەدەزگابوونییەتی و، دیارترین نیشانەی ئەوەش ئەوەیە كە رووبەری دەزگایەتیەكی تەواوی نەبووە، وئەو گروپانەی كە هەوڵی بەدەزگابوونی حزب دەدەن بێتوانابوون و ئەوەش بێبەشبوونی حزب لەپەیوەندی لەنێوان گەل و كۆمەڵانی سیاسی لێكەوتەوە. لە چوارچێوەی چاكسازی پێكهاتەی حزبدا بۆ سەركەوتن بەسەر كێشەو قەیرانەكاندا، كەمایەتیەك لەخاوەن دەسەڵاتەكان، بەپێی ئەو شكستەی كە حزبە كۆمۆنیستەكانی ئەوروپای رۆژهەڵات دوچاری بوون، شێوەی كاریان لەشێوەی كاری حزبی تەجەمموعدا دەبینرا، خوازیاری ئەوەبوون، كە چاو بەبارودۆخ و شێوەی كاركردن و هەوڵی نوێكردنەوەی بدەن. بەڵام زۆرینەیەك باوەڕیان وابوو كەشكستی ئەوان لەرووی كارو كردەوەوە بووە، نەك سەرەتاكانی بیرو باوەڕو بنەمای بە دەزگابوون، چونكە لەو وڵاتاندا وابەرچاو دەكەویٚ دەستەی دەزگاو دروستكردنی حزب و بەشەكانی بەدەزگابوونیان، زیاتر لەژمارەی ئەندامانی حزب وتواناى كاری ئەوانەوە رەچاو دەكرا، سەرەڕای ئەوەش ژمارەیەكی زۆر لەو گروپانە تونایەكی ماڵی گونجاویان نەبوو، لەبەرئەوە روو لەكەمبوونەوە یان دوچاری هەڵوەشاندنەوە دەبوونەوە.

### 3ـ كێشەی لایەنگیری:



سەرەڕای مەرجە تایبەتییەكانی پێكهاتنی حزبی تەجەمموع و ئەو سنووردارییەی كە پێكهاتنەكەی لەخۆ دەگرت، رابەری حزب جەختی لەسەر ئەوە دەكردەوە كەئەمان پێشڕەو ونوێنەری گروپە چەپەكانن، بەڵام بەشێكی زۆر لە ئەندامەكانیان لایەنگر یان دۆستی كۆمەڵە نایاساییەكان بوون. ئەو حزبانەو كۆمەڵەكانیش بۆ دەسەڵاتگرتنە دەستی حزب، یان كاریگەری لەسەر سیاسەتیان، لەپێناو وەستانی چالاكی و كەمكردنەوەی بایەخی كارەكانیان، هەمیشە لەناو خۆیاندا ناكۆك بوون، بەهۆی ئەو ناكۆكییە مێژووییانەی كەهەیان بوو. رای گشتی لەناو حزبی تەجەمموع دا، لایەنگیری ئەوە دەكرا، كە حزبی كۆمۆنیستی میسر بەرێژەی تواناى خۆی و بەپێ‌ی مەرجە تایبەتییەكانی حزبی تەجەمموع، رابەری ئەم حزبە بگرێتە دەست. مەرجەكانی ناوەندی حزب هۆكاری لێك جابوونەوەو گروپ و گروپ كاری لێكەوتەوە و لەئەنجامیشدا دوچاری رووداوی بەرفراوان و نارێك بوونەوە، كە خۆیان لە ناسریەكان و، ماركسییەكان و، لەچەندین ئەندامانی حزبی كرێكارانی كۆمۆنیستی میسر پێكیان هێنابوو بینییەوە. ئەم رووداوە لەبەشێك پێكهاتەكانی حزبیدا جێگیربوو، وبووبە، رابەرییەكی دوژمنكارانەو ئەمانەش بەڕاسترەوی بەوە تاوانبار دەكران. دوای ئەوەی كە چەند كەسێك لە حزبی كۆمۆنیستی میسر جیاببوونەوەو پەیوەندییان بەو رووداوانەوە

www.pertwk.com

کردو لەساڵی 1989دا دەسەلاٌتو توانایان زیاد بوو وپەرەی سەند.

ئەم رووداو ودەرگیریانە بوون بەهۆی رووداني سێیەم رووداو کە بەرووداوی ((تەجەموع گەراییەکان)) ناوبانگیان دەرکرد. ئەندامانی ئەم رووداوانە لە کەسانێك پێکهاتبوون کە لەفرمانو دەستوورەکانی لایەنە راستگەراییەکانی فرمانڕەوا سەپێچیان دەکردو پشتگیری ئەوانیان لێ سەندرابۆوە. لەدواییدا ئارەزوویان بەلای ((تەجەموع)) دا گەڕایەوەو بەنیازی یارمەتیدانیان لەپێناو تێپەڕاندنی گیروگرفتی مێژووی چەپ، پەیوەندی یان بەکۆمەڵانی خەڵکەوە کرد. ئەوەی تێبینی دەکرێ کەسانێکی دیار ئەم رووداوانەدا لەو نەوەکۆنانەن کە لەچلەکانی سەدەی رابردوودا چالاکی سیاسییان لەگروپە مارکسییەکاندا هەبوو. سەرەڕای ئەوەش ژمارەیەك لەمانەش لەبەرەی ناسرییەکان بوون. کەسانێك کەلەم رووداوانەدا لەپۆستی سەرکردایەتی تەجەمموع دابوون وپشتگیری سەرۆکی حزبیان دەکرد، کەسانو ئەندامانێکی زۆریان هەبوو بەلاٌم چالاك نەبوونو. یەکەمجار بوو کەلەرێگای حزبەوە دەست بخەنە کاری سیاسییەوە، وتەنها حزبێك کەلایەنگیری ئەمانی دەکرد پێکهاتەکانی حزبی تەجەمموع بوو چونکە لەئەنجامدا پێکهاتنی حزبی ناسریو کۆمۆنیست سەری نەگرت، ئەم رووداوە تەنها ناونیشانێکی هەبێ ئەوەیە کە





جێگۆڕکێو مانەوەی چالاکییەکانی حزبی تەجەمموع بەرچاو دەخات.

### 4. بلاٌوکراوە سیاسییەکانی حزب

یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی بلاٌوکراوەکانی حزبی تەجەمموع، لەگەڵ ئەوەی کە چالاکییەکان لەناو هێزە سیاسیو رووناکبیرییەکاندا سنوورداربووو، لەگەڵ کەمی چالاکییەکانی خەڵکی لەو کاتەدا کە بەهۆکارێك لەگۆڕانکاری دروستبوونی بونیادی حزبدا هەژمار دەکرێت، وەکو، بەڵگەی مێژوویی سیاسی، ئایینی، وپێکهاتەی کادرەکانی حزبو چالاکی راگەیاندنی سیاسیو، جەماوەرییان، جۆرێك لەسنووورداری پێوە دیاربووو، لەگەڵ هەندێ خۆپارێزی لەناو جەماوەردا لەئاستی چالاکی حزبیدا، ئەمانە هەمووهۆکاری سەرەکی بوون، کەئەم بارودۆخەی دروست کردو پەرەی پێدا. لەپێشەکی بلاٌوکراوەی سیاسیی تەجەمموعدا پێ لەسەر چالاکییەکی سیاسی هێمن دادەگیرا. لەرووی چارەسەرکردنی کێشەی ئابووریو کۆمەلایەتیشەوە، چەند رایەك پێشنیار کرا، ئەمانە سەرەکیترینیان بوون: (( بەرز بوونەوەی نرخ، کەمبوونەوەی کاری خزمەتگوزاری، بێکاری، فرۆشتنی بەشە کۆمپانیاکانی دەوڵەتو کەم بوونەوەی بەرهەم، بلاٌوبوونەوەی گەندەڵی



www.pertwk.com

کۆمەڵایــەتی و ڕەوشــتی. بڵاوبوونــەوەی چــەندین جــۆر لــە تاوانباریتری، ناوبرد)).

لەسەر بنچینەی بەیانەکانی حزب، ئەو گیروگرفتانە لەسەر پێداگری حزبی گەل و رابەرەکەی لەپێناو بەردەوامی حکومەت و خۆلادان لەسیاسەتی ڕەونەقی ئابووری دێتەدی. کە لەدیدی حزبیدا ئەم ڕەونەقە واتە پەیوەندیکردن بەئابوورییەکانەوەو، سەردانەواندنە لەبەرامبەر سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی و کەم تەرخەمییە لەبەدەست هێنانی مافی زۆرینەو وپشتگیری دەسکەوتی کەمینەکان و، ئەوەی کە لەیارمەتییەکانی دەرەوەدا دەهات.

بەیاننامەی حزبی تەجەمموع جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە چارەسەری کێشەکان بەو شێوەیە دەبێت:

_ پشت بەخۆبەستن _ پاککردنەوەی ناوەندەکانی گەندەڵی لەناو حکومەت و لە شوێنەکانیتردا، بەرەو ڕووبوونەوە لەمەسەلەی ئابووریدا_ ڕەتکردنەوەی (ئیمتیازات) لە بەخشینی پارەو پول و بەخشینی گومرگیدا- ئامادەکردنی خزمەت گوزاری و پێویستیەکانی خەڵك بەنرخێکی گونجاو، چارەسەری کێشەی کۆمپانیا گشتییەکان، پلانێکی ستراتیژی تۆ کمە بۆ فراوانکردنی پشتبەستن بە نەخشەدانانی بەشی گشتی، ودابینکردنی نەخشەی بەرهەمهێنان بۆ بەشی تایبەت.





سەبارەت بەفراوانکردنی دیموکراسی و ئازادی گشتی، کە لەخاڵی سێهەمی بەیاننامەی تەجەمموع دا هاتووە بۆ ئەوەیە یاساکانی عورفی هەڵبوەشێنرێتەوە ، جەختێکی زۆریشی لەسەر بکرێ، چونکە ئەم یاسایانە لەدەست سەرکردە سەربازییەکاندا بوون، بەهۆی ڕووداوەکانی پەیوەست بەمانگرتنی کرێکارانی هێڵی ئاسنەوە دەرکرابوون، ئەو حوکمی بەرائەتە یاساییەی پەسەند نەکرد، کە سەبارەت بە دەزگای ڕێککەوتنی ناسری و حزبی کۆمۆنیستی میسر درابوو. هەروەها داخوازییەکانی ئەم بەیاننامەیە، ئەوەبوو کە پارێزگاری یاسایی هەبێت و یاسا عورفییەکان هەڵبوەشێنرێنەوەو ئینجا سنووورداری دەرچوونی ڕۆژنامەو پێکهاتنی حزبی نەمێنێ و مافی مانگرتن بدرێت و هەموو ئەو کارانە بوەستێنرێ کە دژ بەمافی مرۆڤن و، حزب داواکاری ئەوەشی هەبوو کەیاسای سەرەکی (دەستوور) بگۆردرێت بێ ئەوەی زیان بەدەستکەوتەکانی مافی کرێکاران و جوتیاران بگەیەنێ.

سەبارەت بەکاروباری سیاسەتی دەرەوە، کەلەخاڵی چوارەمی بەیاننامەکەدا بوو، لەوخاڵەدا باسی شەڕی عەرەب و ئیسرائیل بایەخی پێدرابوو وپشتگیری خۆی بۆ (ڕاپەڕین) دەربڕیبوو، وجەختی لەسەر ئەوەش کردبووەوە کە دامەزراوەی ئازادی بەخشی فەلەستین تەنها ڕابەری خەڵکی فەلەستینە, لەم



www.pertwk.com

بەیاننامەیەدا، لەمیسرو دەوڵەت عەرەبییەکانی داواکردبوو کە پارێزگاری لەخەڵکی فەلەستین بکەن‌و، پێی لەسەر پێشکەوتنی ئابووری‌و دروستبوونی یەکێتی‌ی عەرەب داگرتبوو. لەم بەیاننامەیەدا ئاماژە بە رووداوەکانی ئەفغانستان‌و هەڵبژاردنی هێزو هەندی کاروباری پەیوەست بەئەفریقیاو گۆڕانکارییەکانی قەیرانی لوبنان کرابوو، ولەگەڵ داواکاری چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکانی عەرەبەکان خۆیان.

### ***5. دیدو بۆ چوونەکانی حزب لەکۆنفرانسی سێیەمدا.***

لەنێوان مانگی حوزەیران‌و تەمموزی، لەساڵی 1990دا، دان‌وستاندنێکی سیاسی لەسەر بەستنی کۆنفرانسی حزب هاتە ئاراوەو لەرۆژی (28–29/ی تەمموزی 1990دا کۆنفرانسەکە گرێدرا. گفتوگۆکان تیشکدانەوەی ناکۆکییەکانی ناو حزب بووو، داواشکرا کەناوی حزب بگۆڕدرێت بە تەجەمموعی سۆسیالیستی، وئەندامان قەناعەتیان بەوە هێنا کەپێویستە حزب بەرنامەیەکی سیاسی هەبێت‌و خاوەن بنەمایەکی تایبەت بەخۆی بێ، تا لەبەرەی راسترەوەکان دەربچێت‌و، زۆربەی ئەندامانی حزب ئەو بیروڕایەیان رەتکردەوە کە میسر بگەڕێتەوە بۆناو یەکێتی عەرەبی‌و ئەوەشیان بەوە لێکدایەوە کە دەبێتە نیشانەی پشتگیری کردن لە پەیماننامەی کامپ دیڤید،





سەرەڕای ئەوەی کەمیسر دەسەلاتی ئەوەی نەبوو خۆی لە پەیماننامەی کامپ دیڤید کەنارگیری بکات‌و، بەناچاری ئیمزای‌کرد بەلام توانی فەلەستینییەکان لەپەیماننامەی کامپ دیڤید لابدات.

لەناو ولاتداهەڵوێستی حزب لەبەرامبەر دەوڵەتدا باسی لێدەکرا. حزب لەم بارەیەوە لێکدانەوەیەکی وردو رێبازێکی بۆ فراوانکردنی سەربەخۆیی خۆی لەهەڵوێستێکی دیاریکراودانەبوو، حزب پارێزگاریکردنی لەکۆمەلانی خەڵك وخەبات لەپێناوی جێگیرکردنی دیموکراسییدا، بەپێشدەستی خۆی دەزانی‌و هەول‌و تەقەلاکانی خۆشی بۆ چارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکان تۆکمەتر دەکردو خەباتی نوێی لەپێناوی رابەریکردنداو کۆتایی هێنان بەگۆشەگیری حزبی درێژە پێدەدا.

ئەندامانی حزب مەترسییان لەدروستبوونی ئیخوانو لمسلمین یان هەر حزبێك کە لەسەر بنچینەی ئایین درووستبووبێ کرد، بۆیە توانای حزب بەرگریکردن بوو لەدەوڵەتی عەیلمانی‌و، داوای جیابوونەوەی ئایینی لەدەوڵەتداکرد.

زۆربەی ئەندامانی حزب دروستبوونی حزبێك بۆ راسترەوەکانیان رەتکردەوە کەلەسێیەمین کۆنفراسدا داواکرابوو. پاساویشیان بۆ ئەمە ئەوەبوو کە زۆربوونی حزب هەڵوێستێکی ئاشکرایە بۆ ئەوەی کەباڵی چەپ لەناو کۆمەلانی خەڵکدا هێز



www.pertwk.com

پەیداکاتو، لەئەنجامی گفتوگۆکانیشدا ئەنجامێکی وابەدەست هات کە قەیرانی حزب لەوەدا نییە کەناتوانێ پێشڕەوی بکات، بەڵکو بەهۆی ئەوەوەیە کە کادرەکانی حزب بێ توانانو، پەیوەندییان بەکۆمەلانی خەڵکەوە پتەو نییەو سەرەڕای ئەوەش هەندێ کێشەی تریش لەناو حزبیش هەبوون. دەربارەی کێشەی دیموکراسیش کە لەناو حزبدا هەبوو بڕیاردرا چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە.

ئاڵوگۆڕەکانی ئەوروپای رۆژهەلاتو، یەکێتی سۆڤیەتی جاران، بوونە هۆی جێسەرنجی ئەندامانی حزب. تەجەمموع لەرووی سەپاندنی هاوتایی خۆی لەگەڵ ئەم کێشانەدا، لەهەندێ جاردا بۆ سوود وەرگرتن لێیان توانایەکی زۆری خستەگەڕ، لەروویێکی کەشەوە، ئەم ئاڵوگۆڕانە بوونە هۆی کەم کردنەوەی کارامەیی و نەمانی توندوتۆڵی ئەندامەکانی و ئەوەش کاریکردەسەر هەڵوێستی سیاسی زۆرێك لەئەندامانی حزب.





# بەشی پێنجەم
# حزبی سۆسیالیستی ئەحرار



www.pertwk.com

***1. مێژووی پێکهاتنی حزب:***

حزبی سۆسیالیستی ئەحرار یەکێکە لەحزبەکانی سەر بەدەوڵەت، کە بەهۆی ئەنوەر ساداتەوە وەکو نموونەیەکی





بەرگری دامەزرا، رابەری ئۆپۆزسیۆن لە ئەنجومەنی گەلدا کەناوی (مستەفا کامیل موراد) بوو بەسەرۆکی حزب دانرا، لەڕاستیدا ئەم حزبە درێژە پێدەری حزبی ((الحقوقین الاحرار)) بوو. ئەم حزبەش لەسەردەمی پاشایەتیدا دامەزرابوو، رابەرەکانی بریتیبوون لە کارمەندان و سەرمایەداران و کەسانێك لە بازاڕی ئازاددا ئیشیان دەکردو چالاکی سیاسیشیان راستەوخۆ پەیوەندی بەچالاکی ئابووری خۆیانەوە هەبوو.

((مستەفا کامیل موراد)) سەرۆکی ئەم حزبە یەکێك بوو، لەئەفسەرە ئازادەکانی شۆڕشی تەمموزی ساڵی 1952 هەر لەو کاتەشەوە کەوتەڕوو، دوای ئەوەی ئەفسەرانی ئازاد لەخزمەتکردندا کەنارگیرکران. (موراد) لەپۆستی سەرۆکی شورای بەڕێوەبەرێتی گەلێك لەکۆمپانیاکان کاری کردو لەهەموویان گرنگتر کۆمپانیای لۆکەی میسر بوو، لەئەنجامی کارکردنی لەو شوێنەدا، بەدزینی چەندین ملیۆن جونەیهی میسری لەداهاتی ئەو کۆمپانیایەدا تاوانبارکرا.

(مستەفا کامیل) سەرۆکی کۆمسیۆنی ئابووری میسر بوو، لەسایەی خۆپارێزی (حصانە) پارلەمانی، چالاکی سیاسی ئەنجام دەداو، یەکەمین سیاستمەداری میسری بوو کەدەربارەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا پشتگیری لە سادات کرد، لەبەرئەوە، کە لەگەڵ ساداتدا چوو بۆ قودس کارێکی سەرسوڕهێنەرنەبوو،



www.pertwk.com

تاساڵی 1987 لەکاتی ئیئتیلافیدا لەگەڵ حزبی کارو ئیخواندا هەڵوێستی خۆی نەگۆڕی، (موراد) لەڕووی ئابوورییەوە لایەنگیری سیاسەتی دەرگا کراوەکانی دەکرد ، بەڵام وەکو کەسێکی لەسەرخۆ دەردەکەوت، بۆیە لەم رووەوە رەخنەی لێدەگیرا. ئەم حزبە نەبوو بەهۆی نیگەرانی سادات، بۆیە لەکاتێکدا رۆژنامەکانی ئۆپۆزسیۆن، داخران، رۆژنامەی (الاحرار) لەدەرچوون نەکەوت و قەدەغەنەکرا. ئەم حزبە لەکاتی سەرکوتکردنی نەیارەکانیشدا پشتیوانی خۆی بۆ سادات نیشاندەدا سەرەڕای ئەوەش هەربەهۆی یارمەتی ساداتەوە بارەگایان لەشارەکان زۆر بوو، هیچ کاتێك و بەهیچ شێوەیەك پشتیوانی خەڵکیان نەدەکرد، لەهەڵبژاردنی پارلەمانی ساڵی 1984دا حزبی ئەحرار (33) هەزار دەنگی بەدەستهێنا لەکاتێکدا حزبی گەل (3) ملیۆن و حەوت سەد هەزار دەنگی بەدەستهێنا بوو، حزبی (وەفدی جەدید) (778) هەزار دەنگی بەدەست هێنابووو، حزبی کار (364) هەزار دەنگ و حزبی تەجەمموع (214) هەزار دەنگ، ئەوەش نیشانەی لاوازی حزبی ئەحراری دەگەیاند، لێرەدا خاڵێك هەیە کەپێویستە سەرنجی بدرێتێ، (مستەفا کامیل موراد) لەسەردەمی مەرگی ساداتەوە هەتا ئەم کاتە نەیتوانیوە لەڕێگای هەڵبژاردنەوە، بچێتە پارلەمانەوە، ئەوە نەبێ کەبەفەرمانی سەرۆك کۆمارەوەو لەڕێگای ئەوەوە

حزبە سیاسییەکانی میسر

دامەزراوە. لەسەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی پارلەماندا حزبی ئەحرار وریا بۆوەو بەپێویستی زانی داخوازی ئەندامەکانی بەجێبهێنێ و درێژە بەچالاکیی سیاسی بدات و، لەناو ریزەکانیدا دەستبکات بەچاکسازی و نوێخوازی، بۆیە چەند دەستەیەکی خستەناو کاری پێکهێنانی دەزگاکانەوە.

***2ـ چوونە ناو ئیئتیلافی ئیسلامییەوە.***

لەهەڵبژاردنی پارلەمانی ساڵی 1987دا حزبی ئەحرار لەگەڵ حزبی کارو ئیخواندا ئیئتیلافێکی پێکهێناو بەرلەوەش لەهەمان ساڵدا، بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری گەل، دەرگاکانی خۆی بەڕووی ئیسلامییەکاندا کردەوە، (حەمزە دەعبس) نوێنەری حزب و یەکێك لە ئیسلامییەکان لە(جەماعەتی تەبلیغ) لەڕێی رۆژنامەی ئیسلامی (النور)ەوە کەیەکێکە لەرۆژنامەکانی حزبی (ئەحرار) بانگەوازیان بۆ ئەم کارە کرد، ئەم بانگەوازە لەناو میسردا دەنگدانەوەیەکی گشتی پەیدا کرد. ژمارەیەك کەسایەتی دیارو بەرچاو پەیوەندییان بەحزبەوە کرد، لەناویاندا (شێخ سەلاح ئەبو ئیسماعیل) کەبەجێگری سەرۆکی حزب دانراو (شێخ یوسف ئەلبەدری) بەناونیشانی نوێنەری حزب دانرا.

بەڵام لایەنگران و ئەندامانی بزووتنەوەی ئیسلامی ئەم بانگەوازەیان بەپیلانێکی دەوڵەت دەزانی بۆ لاوازکردنی هێزی

www.pertwk.com

ئیسلامو ئەمەشیان بەدەرچوونێك لەریبازی خۆیان دەزانی، چونکە حزبی ئەحرار حزبێکی سەر بەحکومەت بوو.

(مستەفا کامیل) بۆ ئەوەی حزبی ئەحرار وەکو حزبێکی ئیسلامی پێش بخاتو بۆ ئەوەی رواڵەتی ئیسلامی لەخۆ بگرێ، لەبارەگای حزبەکەی خۆیاندا نوێژیان بە کۆمەڵ ( جەماعەت) دەکردو، یەکێك لەسەرکردە سیاسیەکان پێش نوێژی بۆ نوێژ خوێنان ئەنجام دەدا، لەبەر ئەوە ئیئتیلافی ئیسلامییان پێك هێنا تا رووی ئیسلامی زیاتر بەحزبەوە ببینرێ، بەڵام حزب نەیتوانی لەو کارانەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێو هەتا نەشیتوانی رووی ئیسلامی خۆی بپارێزێ، بەشێوەیەك کەدوای ئیئتیلاف هەموو خەڵکە ئیسلامییەکان جگە لە (مستەفا دەعبس) لە حزب چوونە دەرەوە.

لەهەڵبژاردنی ساڵی 1987 حزبی ئەحرار لەرێی لیستی هەڵبژاردنی ئیئتیلافیەوە چوار کورسی بەدەست هێنا لەکاتێکدا حزبیکار (22) کورسیو ئیخوان (34) کورسییان بۆ خۆیان دابین کرد. بەم پێیە ئەحرار (7٪) ئیئتیلافی کورسیەکانی بەدەست هێنا.

لە بەیاننامەی سیاسی کە حزبی ئەحرار بڵاوی کردەوە، یەکگیری نێوان دروشمەکانی ئیسلامیو شێوەی جێبەجێکردنی





حزب سەبارەت بەئازادکردنی ئابووریو هەلرەخساندن بۆ بەشی تایبەت لەهەموو زەمینەکاندا رەنگی دایەوە.

حزبی ئەحرار تایبەتمەندییەکی خۆی هەبوو کە حزبەکانیتر لێی بێبەش بوون، ئەو هەموو رۆژنامانەی بڵاویکردنەوە، کە بریتیبوون لە (الاحرار) هەموو دووشەممەیەك بەتیراژی (115) هەزار دانە بڵاو دەبۆوە. (النور) کە هەموو شەممەیەك بەتیراژی (10) هەزار دانە بڵاو دەبۆوە. (الحقیقە) هەموو شەممەیەك بەتیراژی (15) هەزارو هەروەها رۆژنامەی (العروبە) کەسێ شەممان بڵاو دەبۆوە، ئەم رۆژنامانە بەشێوەیەکی رێكوپێك چاپ دەکران. هەروەها گەلێك رۆژنامەیتری هەبوو کە بەشێوەی جیاجیا دەردەچوون وەکو (شباب الاحرار) (العامل المصری) (الفلاح المصری) (الجمهور المصری)و (الاسرة العربیە) خەرجی ئەم رۆژنامانە جگە لەرۆژنامەی (الاحرار) کە لەئەستۆیحزبی ((الاحرار))دا بوو، دەنا رۆژنامەکانیتر خەرجییان لەسەر ئەو نەبوو، بۆ نموونە خەرجی رۆژنامەی (النور) لەسەر (حەمزە دەعبس) ورۆژنامەی (الحقیقە) لەسەر (محەمەد عامر) بوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەحزب مافی ئیمتیازی خۆی بەوان داوە لە بەرامبەر بڵاوکردنەوەی تیۆرو بیرو بۆچوونەکانی خۆی. لەرووی داراییو خەرجیو داهاتەوە، هیچ کارێکی بەسەر ئەوەوە نەبوو.

www.pertwk.com

### 3ـ گیروگرفتەکانی حزب

گیروگرفتی بنەڕەتی حزبی ئەحرار، ئەوەیە کە لەپێناوی یەك توێژی کۆمەڵایەتیدا کارناکات بەڵکو دروشمەکانی شێوەیەکی گشت کاری گرتۆتە خۆی. وهەر حزبێکی تریش دەتوانێ پابەندی ئەو دروشمانە بێت...



سەرەڕای ئەوە چونکە لەپێکهاتەی رێکخستنەکانی حزبدا کەهەر لەسەرەتاوە لاوازی هەبووو، بەهۆی بوونی ئەو گروپکارییەی کە پێویستە بەرچاوی بخەین و لەبەر ئەوەش کەچینێکی تایبەت سەر بەوحزبە نەبوو، بۆیە دوا تەقەلای ئەو حزبە لەپێناو پەرەسەندنی خۆیدا پێکهێنانی ئەو ئیئتیلافە بوو، کە لەگەڵ گروپە ئیسلامییەکاندا کردی، ئەوەش وەك حزبیکار نەیتوانی کۆمەڵێکی تایبەت بەخۆی پێك بهێنێ.

حزبی کار بەپێچەوانەی ئەحرارەوە، هەلی بۆ هەڵکەوتو کەڵکی لەوە وەرگرت کە بەناونیشانی حزبێکی ئیسلامی خۆی بناسێنێ، بۆ ئەوەی ئەگەر هاتو لەو ئیئتیلافە جیابوونەوە توانای درێژە پێدانی خەباتی خۆی هەبێ.

هەرچەندە حزبی ئەحرار بارەگای زۆری لەسەرانسەری وڵاتدا هەبوو، بەڵام لەبەر کەمی کادری رێکخستن لەزۆربەی پارێزگاکاندا دوچاری هیلاکی دەهات. سەرەڕای ئەوەی کەلاوازی لەبنیادی حزبیدا هەبوو، بەڵام حزب لەناکۆکیو کەرتبوونی



خۆیدا ماندوو دەبوو. (مستەفا کامیل موراد) لەئەزموونی سیاسی خۆیدا چالاکییەکانی بەرفراوان بووو، خۆی سەربەخۆ لەدەرەوەی حزبدا هەندێك چالاکی دەنوواند.

### 4ـ بەرقەراری پەیوەندی نزیك لەگەڵ حکومەتدا.



سەرەڕای ئیئتیلافی ئەحرار لەگەڵ کارو ئیخواندا بەیاننامەی سیاسی حزب لەزەمینەی سیاسەتی دەرەوەدا پشتگیری لە موبارەكو هەڵسو کەوتەکانی دەکرد، بەڵام لە پەیوەندییەکانیدا سەبارەت بەکاری ناوخۆ، حزب داوای زیادکردنی مووچەی گونجاوی دەکرد بەپێی بەرزبوونەوەی نرخو چاکسازی زەویو پەرەپێدانی کشتوکاڵی لۆکەو, کۆتایی هێنان بەکێشەی بێکاری ونەهێشتنی یاسای عورفی. حزبی ئەحرار داوای لە موبارەك دەکرد کەپەیوەندی لەگەڵ حزبە ئۆپۆزسیۆنەکاندا ببەستێ. بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتی دەرەوەی موبارەك بەتایبەتی لەبارەی ئارامیو ئاشتی ناوچەکەوە پشتگیری لێدەکرا. حزبی ئەحرار لەرێی سەرۆکی حزبەکەوە راستەوخۆ بەڕێوە دەبرا. ئەم حزبە لەبەرکەمی کادرەکانی، رێکخستنەکانی لاواز بوون، ورابەرێکیتری وەك (مستەفا کامیل موراد)ی تێدا هەڵنەکەوتبوو. دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1987 ناکۆکی لەناو ئیئتیلافدا روویدا، سەرەڕای ئەوەی کەحزبی ئەحرار بەشێکی بچووك بوو

www.pertwk.com

له‌و ئیئتیلافه‌و, هه‌ڵویسته‌كانی له‌گه‌ڵ هه‌ڵویسته‌كانی حكومه‌تدا له‌یه‌كترییه‌وه نزیك بوون، له‌كاتێكدا كه رۆژنامه‌ی (الشعب) ره‌خنه‌ی له موباره‌ك گرت, رۆژنامه‌ی (ئه‌حرار) به پێچه‌وانه‌وه پشتگیری لێده‌كرد. له هه‌ڵبژاردنی ساڵی 1989دا هه‌رچه‌نده هه‌موو پاڵێوراوه‌كانی ئیئتیلاف لابران چونكه حكومه‌ت تاوانی ساخته‌كاری خسته‌پاڵیان. (مسته‌فا كامیل موراد) ته‌نیا سه‌ركرده‌یه‌كی ئیئتیلاف بوو كه له‌ئه‌نجومه‌نی شوورادا دامه‌زراندنی په‌سه‌ند كرا.



دوای ئه‌وه‌ی كه سیستمی كاندیدكردنی سه‌ربه‌خۆ له‌هه‌ڵبژاردنی ساڵی 1990دا هاته كایه‌وه (حزبی‌كار، ئیخوان، ئه‌حرار، وه‌فدی جه‌دید) له‌و كاندید كردنه خۆیان كه‌نارگیر كرد. سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی كه سه‌رۆكی حزبی ئه‌حرار له كۆنگره‌یه‌كی رۆژنامه‌نووسیدا كه سه‌رۆكه‌كانی ئیئتیلاف به‌شداربوون به‌ڵێنیدابوو كه له‌هه‌ڵبژاردندا به‌شداری ناكات، به‌ڵام حزبی ئه‌حرار به‌شداری كردو هۆی ئه‌وه‌شی خسته‌پاڵ ئه‌وه‌ی كه‌ئه‌مانه به‌شێوه‌ی سه‌ربه‌خۆ به‌شداریان كردووه، نه‌ك له‌لایه‌ن حزبه‌وه كاندید كرابن. به‌ڵام ئه‌م راده‌ربڕینانه جگه له درۆیه‌كی سیاسی شتێكی‌تر نه‌بوون، چونكه رۆژنامه‌كانی حزب‌و هه‌تا حزبه‌كه خۆیشی پارێزگاری لێده‌كردن، به‌ڵام هیچ كام له‌وان له هه‌ڵبژارندا سه‌رنه‌كه‌وتن، سه‌ره‌ڕای ئه‌م هه‌موو كێشانه حزبی ئه‌حرار له



ئیئتیلافه‌كه‌دا مایه‌وه، بۆیه ده‌ڵێن هۆی ده‌رنه‌چوونی له‌م ئیئتیلافه، ئه‌وه‌یه كه رۆڵی جاسوسی حكومه‌ت‌و سیستمه‌كه‌ی له‌ناو ئیئتیلافه‌كه‌دا جی‌به‌جێ ده‌كات.

گرنگترین گۆڕانكاری له‌پێكهاته‌ی حزبی ئه‌حراردا، یه‌كه‌مین كۆنگره‌ی گشتی‌یه كه‌پاش دامه‌زراندنی به‌چوارده ساڵ له‌ساڵی 1990دا به‌سترا. له‌ئه‌نجامی ئه‌م كۆنگره‌یه‌دا، به‌كۆبوونه‌وه‌ی سه‌ركرده كۆنه‌كانی حزب بۆ هه‌ڵبژاردنه‌وه‌ی جارێكی‌تری (مسته‌فا كامیل موراد) بۆ سه‌رۆكایه‌تی بوو و، هه‌ر له‌و كۆنگره‌یه‌شدا سه‌ركرده به‌ناوبانگه‌كانی حزب وه‌كو (دكتور ئه‌حمه‌د ئه‌لسه‌یید) جێگری سه‌رۆك‌و, (عه‌بدولفه‌تتاح شوریجی) به‌سكرتێری گشتی حزب‌و (حه‌مزه ده‌عبس‌و محه‌مه‌د فه‌رید زه‌كه‌ریا) به نوێنه‌رایه‌تی حزب ئاماده‌بوون. به‌شداربوانی ئه‌م كۆنگره‌یه له‌سه‌ر ئه‌وه رێككه‌وتن كه كۆنگره‌ی دووه‌می حزب له‌ساڵی 1993دا ببه‌سترێ وبه‌گشتی هه‌موو بڕیاره‌كان، كه شورای گشتی له‌ماوه‌ی پێشوودا ده‌ریكردبوون په‌سه‌ند كران.

له به‌یاننامه كۆنه‌كانی ئه‌م كۆنگره‌یه‌دا ئه‌وه ده‌ركه‌وت كه‌له‌ناو حزبدا كۆمه‌ڵێك ململانێ هه‌ن، ده‌سته‌یه‌ك له‌وانه پشتگیری له‌سیاسه‌تی پارێزگارانه‌ی حكومه‌ت ده‌كه‌ن، ده‌سته‌یه‌كی‌تر



www.pertwk.com

دەیانەوێ، کە دەزگاکانی دەوڵەت لەکەرتی گشتیدا بفرۆشرێت وبازاری ئازاد پەیڕەو بکرێت. ئەم شێوە کۆنە پارێزییە بووە هۆی ئەوەی کە کۆمیتەیەك بەناوی کۆمیتەی سەرمامداری لەناو حزبدا پێك بێت. لەقەیرانی جەنگی کەنداودا، حزبی ئەحرار پشتگیری لەهەڵوێستی حکومەت کردو هەڵوێستی وەکو هەڵوێستی ئیئتیلاف وابوو سکرتێری گشتی لاوانی حزب لەبارەی بەکارهێنانی چەکی عەرەب دژبە عەرەب ناڕازی بوو و داوای لەعێراق کرد کەلەناوچە داگیرکراوەکانی کوێتدا بکشێتەوەو دەسەڵاتدارانی کوێتیشی بەوە تاوانبارکرد کەهێزی ئەمریکایان هێناوەتە ناوچەکەوە دەستیان خستۆتە ناو هەموو کێشەکانەوە. ئەم  هەڵوێستەیان پڕاوپڕی هەڵوێستی (محەمەد زەکریا)بوو کەسەرۆکی کۆمیتەی لاوانی حزب بوو و، بەعسیش بوو و یەکێك بوو لە بەکرێگیراوەکانی سەددام حوسێن لەناو حزبدا.

### 5ـ سەرکردەکانی حزبی ئەحرار

1ـ (مستەفا کامیل موراد)، لە ئەفسەرانی ئازادە، پەیوەندی بەساداتەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێش شۆڕش. دەزگیرانی جیهان سادات بوو، بەڵام لەدواییدا سادات خواستیو بوو بەهاوسەری





ئەو، مراد گەلێك پۆستی ئابووری وەرگرتووەو لە پارلەمانەکانی میسردا هاوکاریکردووە.

2. محەمەد سەیید دەروێش، جێگری سەرۆکی حزب، وەزیری کۆنی تەندروستیبوو و کەسایەتیەکی کۆنە پاریزبوو، ورۆڵێکی لەناو حزبدا نەبوو. موراد ئەوی بەتایبەتی بۆ ئەوە هێنابوو، تەنها رووی گەشو جوان, وەکو دەمامك بەحزبەکەی بدات.

3ـ عەبدەلفەتتاح شۆریجی– سکرتێری گشتی حزب. یەکێك بوو لە کەسایەتییە میزاجییەکان لەبواری سیاسیدا. وئەندازیارێکی کشتوکاڵیبوو، وپشتیوانی خەڵکی بەلاوە گرنگ نەبوو.

4ـ سەر لەشکر سەلاح ئەلروفاعی: جێگری سەرۆکی حزب بووو, یەکێك بوو لە کەسایەتییە سەربازیەکان. کاتێك لەزیندان ئازادکرا کەوتە چالاکی سیاسی، ولەچەند حزبێکی تریشدا چالاکی سیاسی نواندبوو، تەنانەت بۆ ماوەیەك لەحزبی ئەحرار چووە دەرەوەو پەیوەندی کرد بەحزبی گەلەوە, هەرچەندە لەدواییدا گەڕایەوە ناو حزبی ئەحرارو پەیوەندی پێیانەوە کردەوە.



www.pertwk.com

5. حەمزە دەعبس: یەکێکە لەئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر، رێبازێکی ئیسلامیانەی هەبوو وپشتگیری حکومەتی دەکرد، وهێرشی دەکردە سەر بزوتنەوە ئیسلامییەکان بەڵام، خۆی داوای ئەوەی دەکرد کەیاسای ئیسلامی پەیڕەو بکرێت.

6ـ محەمەد فەرید زەکەریا: لاوێکی تەمەن کەم بوو وسەربەحزبی بەعسی میسر بوو، بەڵام پلەو پایەی نوێنەرایەتی حزبی ئەحراری درابۆیەو، هەمیشە میوانی کۆشکی کۆماری عێراق بوو و, لەکاتی قەیرانی کەنداو سەردانی عیراقی دەکردو، لەمیسردا بانگەوازی بۆ ئەوە دەکرد کەپشتیوانی لەعێراق بکرێت.







www.pertwk.com

# بەشی شەشەم
# حزبی ئیتحادی دیموکراتیو حزبی میسرولفەتات





### *یەکەم - حزبی ئیتحادی دیموکراتی*
### *مێژووی دروستبوونی حزب*

**دوای سێ ساڵ لەبەرهەڵستی کۆمیتەی حزبەکان، لەئەنجامدا حوکمی یاسایی لەبارەی دروستبوونی حزبی ئیتحادی دیموکراتی لە 14/ نیسانی 1990دا دەرچوو.**

**دامەزرێنەری ئەم حزبە ((محەمەد عەبدولمونعیم تورک))ە کە ئەندامی ژووری بازرگانی ئەسکەندەرییەبوو وخاوەنی چەند پەیامێکی ئابووریو بازرگانی تایبەتیبوو، لە 90٪ دامەزرێنەرانی ئەم حزبە بازرگانەکان بوون. بۆ نموونە ((ئەحمەد عەبدولموحسین فەرحان)) کە سکرتێری گشتی حزب بوو،**

www.pertwk.com

خاوەنی کارخانەی پلاستیك بوو لەقاهیرەو ئەسکەندەرییەو، ((ئەنتوان ئەسغەر)) ئەندامی شورای بالآی حزب، سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردنی کومپانیای کائوچووی (رابلاست) بوو. کۆمیتەی حزبەکان لەماوەی سێ ساڵدا بەپێی ئەم بەڵگانەی خوارەوە بەرهەڵستی ئەم دامەزراندنی ئەم حزبەی دەکرد.

1ـ بەرنامەی ئەم حزبە بەهیچ شێوەیەك جیاوازی لەگەڵ بەرنامەی حزبەکانیتردا نییە بەتایبەت حزبی ((وەفدی جەدید)).

2ـ ئەم حزبە لقێکە لەحزبی ئیتحادی دیموکراتی سۆدان. (هەرچەندە سەرۆکی میسر هەندێ جیاوازی نێوان ئەم دوو حزبەی پیشان دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا پشتگیری تەواوی لەحکومەتی سۆدان نەدەکرد، کە ئەوەش بوو بەهۆی توڕەبوونی حزبی ئیتحادی دیموکراتی سودان.

3ـ لەبەرنامەی ئەم حزبەدا ئەوە نیشاندەدرا، کەدژ بەدروستکردنی بەنداوی ئەسوانەو، دەیانویست بەنداوەکە بڕوخێنرێت.

- *ئامانج و بەرنامەکانی حزب.*

ئامانجی حزب لەیەکێتی میسرو سودانا بەرجەستە دەبووو، ئەم باسە لەسەرو هەموو ئامانجەکانی حزبەوە بوو. میسرو سۆدان تا ساڵی 1955 یەك وڵات بوون و لەدوای ئەوساڵەدا کران





بە دوو وڵات. سۆدانییەکان بایەخییان بەم بابەتە زۆر دەداو هەستیان پێدەکرد, بۆیە حزبی ئیتحادی دیموکراتی سۆدان لەپێناوی گەیشتن بە ئامانجی (یەکیەتی میسرو سودان) دروست بوو.

– ئامانجی دووەمی حزب، چارەسەرکردنی کێشەی ئابووری بوو، تاوەکو ئاستی بژێوی تاکەکان بەرزبکانەوە، کە ماوەی چل ساڵبوو ئاستی بژێوی وەکو خۆی مابووەوەو گۆڕانی بەسەردا نەهاتبوو، لەدەیەی سالآنی شەستی سەدەی رابردوودا، چەند سەرچاوەیەکی نابەرامبەر، ئاشکرا کرابوون، کە هیچ جۆرە دەستکەوتێکی ئابووری لێنەدەکەوتەوە, بەڵکو داوای دەکرد، دەرخستنی یەك ستراتیژی ئابووری، کە لەسەر بنەمای لیبرالستی، واتە نەسۆسیالیزم بێت و نەسەرمایەداری، بێتە کایەوە، ولایەنگری ئابووریەکی ئازادبوو. ئەم کارە سەرمایەیەکی زۆری دەویست وسەرەتای جێبەجێکردنی دەبوایە لەمیسرەوە دەست پێبکات و، یاسای عورفی هەڵبگرێت و, یاسای مەدەنی کاری پی بکرێت. میسرییەکان لەدەرەوەی وڵاتدا، چوارسەد ملیار جونەیهیان هەبوو. بۆ گەڕانەوەی ئەو سەرمایە پێویست بوو ئارامییەکی ئابووری لەمیسردا هەبێ. لەلایەکی دیکەوە حزب داوای ئەوەی دەکرد کەپڕۆژە بێسوودەکانی دەوڵەت بفرۆشرێت تا کۆتایی بەو جۆرە



www.pertwk.com

نەخشانە بێنن و لەنێوان كەرتی دەوڵەت و كەرتی تایبەتیدا پێویستە پلانی تۆكمەتر جێبەجێ بكرێت، بۆ ئەوەی هیچ پێشبڕكێیەك نەبێ، بەڵكو لەدیدی حزبدا هەموو پلانەكان لەكەرتی تایبەتی ئابووری میسردا جێبەجی بكرێن.

– بەرنامەی حزب بەچواربەش دابەش دەكرێت:

1ـ مافە سیاسی و تاكە كەسی هاوشارییان، لەدیدی ئازادییەوە، بایەخێكی زۆری پێدەدرا، داواكاری پێكهێنانی یەك ئەنجومەن ئەجومەنی هەڵبژێردراو بوو بۆ گۆڕانكاری یاسا بنەڕەتییەكان بەشێوەیەكی تازە، كەلەوەدا هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمارو جێگری سەرۆك كۆمار بەهەڵبژاردنی راستەوخۆ، ئازاد بێت و، پێویستە دەسەڵاتی یاسادانان و ئابووری لەیەكتر جیابكرێنەوە.

2ـ ئەنجامی یەكبوون و هەماهەنگی نێوان هێزی جێبەجێكردن و لەشكرو پۆلیس، بەنیازی كەمكردنەوەی دەسەڵاتی دەزگاكانی جێبەجێكردن، لەنێوان ئەم ئۆرگانانەدا بەپێویست دەزانێ چونكە ئەم ئۆرگانانە ((پۆلیس، سوپا)) زەمینە بۆ دیكتاتۆرییەت و لەناوبردنی ئازادی و پاوانكردنی دەسەڵات خۆشدەكەن. لەبەر ئەوە باوەڕی حزب وایە كەفەرمانەدەی گشتی هێزە چەكدارەكان نابێ ئەندامی یەكێك لەوەزارەتەكان بێت و یان ژێر دەستەی یەكێك لە وەزیرەكان یان





سەرۆك وەزیران بێت. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە حزبی زۆر پێك بهێنرێن و رۆژنامەی ئازاد بڵاوبكرێتەوەو رۆژنامەكانی دەوڵەتیش لەوانە وەربگیرێنەوە كە ئێستا خاوەنین.

3ـ جەخت كردنەوە لەسەر ئەوەی كەمیسر دەوڵەتێكی ئیسلامییەو پێویستە یاساو داب و نەریتی وەكو رێنماییە ئیسلامییەكان بێت و هاونیشتمانیانی جوولەكەو مەسیحییەكان پێویستە لەپەرستگاو جێبەجێكردنی سرووتەكانی خۆیاندا ئازادبن و رێو رەسمەكان بەرێوە ببەن.

4. حزب لەبارەی پەیوەندییەكانی دەرەوە باوەڕی بەرێزگرتنی هاوتا هەیەو، دەبێ چاودێریكردنی تایبەتمەندی ئیسلامی و ئەفریقیایی و عەرەبی میسر بكات.

5ـ حزب پابەندی خۆی بەپەیمانی كامپ دیڤیدەوە دیار دەكات كەلەرێی ساداتەوە لەگەڵ ئیسرائیلدا مۆری كردو باوەڕی وایە كە ناوبژیكردن و دانوستاندن تەنها چارەیە لەچارەسەركردنی كێشەی فەلەستیندا.

6. لەدیدی حزبدا، یەكێتی سەرانسەری عەرەبی، بەمەرجێكی گرنگ بۆ بەجێهێنانی گەشەكردن و سەرهەڵدانی نەتەوەی عەرەبی و ئیسلامی، دادەنرێت.

***هەڵوێستی سیاسی حزب.***



www.pertwk.com

حزب دەربارەی شەڕی كەنداو، هەڵوێستێكی گشتی نیشانداو، بەم خاڵە رای خۆی دەبڕی:

(( بەهۆی هەڵەی سەدام حوسێنەوە ئەم جەنگە بەرپابووو، یەكییەتی عەرەبی لەناوبرد. حزب ناڕەزایی توندی خۆی بەرامبەر ئەنجامەكانی‌رادەگەیەنێ.))

لەبارەی قەیرانی لیبیاوە، هەڵوێستی حزب، لەئاشكرا كردنێكی (محەمەد عەبدولمونعیم تورك)ی سەرۆكی حزب ئەوە بەرجەستەبوو، كە دەڵێت: ( بەو باوەڕەی كە بەرامبەر یەكێتی عەرەبی و چارەنووسی هاوبەش لەگەڵ لیبیاو سۆداندا هەمە، ئەمە بەیەكەم هەنگاو دەزانم لەپێناو ئەو یەكێتییەداو. لەبارەی ئابلوقەدانی لیبیاوە هاوبەشیكردنی میسرپەسەند ناكەم) لەگەڵ ئەم هەڵوێستەشدا، سەرۆكی حزب، رەزامەندی خۆی لەسەر هەموو كارەكانی موبارەك لەبارەی ئەم كێشەیەوە پیشاندا.

حزب داواكاری چارەسەری ئەم كێشەیەدایە، بەمەرجێ لەگەڵ یاساكانی نێو دەوڵەتیدا ناكۆك نەبێ. حزب لەهەڵبژاردنی پارلەمانی ساڵی 1990دا لەچەند بنكەیەكی شاری ئەسكەندەرییە بەشداری كرد، بەڵام سەركەوتنی بەدەست نەهێنا. ئەندامانی حزب هەتا ئێستا ژمارەیان سنووردارە، ئەگەرچی ژمارەیان لەحزبەكانی وەك (الامة)، (مصر الفتاة) (الخضر)





(الاحرار) زیاترە. حزب بڵاوكراوەیەكی هەفتانەی هەیە، بەناوی (النیل)ەوە بڵاو دەبێتەوە.

***دووەم/ حزبی میسری لاو ((مصر الفتاة))***

***مێژووی دروستبوونی حزب:***

دادگای یاسایی میسر لە 12/ ئۆكتۆبەری1987دا رەزامەندی خۆی لەسەر دامەزراندنی حزبی (مصر الفتاه) راگەیاند. ئەمە لەكاتێكدابوو كە كۆمیتەی حزبەكان سێ‌ساڵ دوای ئەوە پێك هات و، لەسەروو ئەندامانی دامەزرێنەری حزبدا، (عەلییەدین ساڵح) لەگەڵ (مەحمود ملێجی)لە دامەزرێنەری سەرەكی ئەو حزبەبوون. ئەم حزبە هەروەكو دامەزرێنەرەكەی دەڵێت، درێژە پێدەری رێبازی (حزبی مصر الفتاة)ە كە (ئەحمەد حوسێن) لەسەرەتای ساڵانی 1930دا دایمەزراندبوو، كە لەرووی فیكرەوە داوای پێكهاتنی میسرێكی عەرەبی ئیسلامی دەكرد وبانگەوازی بۆ یەكێتی میسرو سۆدان و رابەری ئوممەی ئیسلامی لەلایەن میسرەوە دەكرد. حزب لەساڵی 1948دا، كۆمەڵێك بیروڕای سۆسیالیستی هێنایە ئاراوە لەوانە: یەكسانی كۆمەڵایەتی، چاوخشاندنەوە بەدابەشكردنی داهات، سنووردار كردنی موڵكایەتی، لەناوبردنی جیاوازی چینایەتی، رەتكردنەوەی سەپاندنی سەرمایەداری لەناو حكومەتدا، خۆماڵیكردنی كەناڵی

سـویس. بەشـێوەیەکی گشـتی ئـەم دروشمانـە لەشـێوەی دروشمەکانی شۆڕشی ساڵی 1952دا بوون.

(عەلییـەدین سـاڵح) یـەکێك بـوو لەقوتابیـەکانی (ئەحمـەد حوسێن)و لەحزبی پێشوودا ئەندام بوو،

### *بەرنامەوئامانجەکانی حزب*

بەرنامـەی نوێی حزب چەند خاڵێکی لەخۆگرتبوو، لەسەروو هەموویانـەوە پێشنیازێك بوو سەبارەت بەنیل بۆ جیاکردنـەوەی لقێکی تازە لە رووبارەکە تا بەرەو قوڵایی بیابانی رۆژئاوا بڕوا. کـە ئـەم نەخشـەیە کـاری دەکـردە سـەر چاکسـازی زیـاتر لـە (5 ملیـۆن هێکتـار زەوی بـەیاردا. لـەبارەی پیشـە سـازییەوە، حـزب داواکـاری پارێزگـاری پیشەسـازی خۆمـاڵی و پەرەپێـدانی بـوو، بـەهۆی کـەڵك وەرگـرتن لەتەکنـەلۆژیای تـازەو، داواکـاری بەربەسـتێکی گومرگیبـوو، بـەونیازەی لـە بەرامبـەر کەرەسـەی بیانیـدا، پارێزگـاری لەپیشەسـازی خۆمـاڵی بکـات، لـەرووی ئابوورییـەوە حـزب داواکـاری پێکهێنـانی شـورای بـاڵابوو، لـە بەرامبەر بەرهەمهێنانەوە. لەدیدی حزبدا ئەم شورایە بایەخێکی تایبەتی هەبوو بۆ بەردەوامی و پارێزگاری کەرتی دەوڵەتو، بۆیە واقعـی ئـەم شـورایە ئـەرکێکی کۆمەڵایەتیشـی هەیـە ئـەویش





بـەگۆڕینی کـەرتی تایبـەت بەکـەرتێکی سـەرمایەداری کەبەرهـەم هێنان کۆنترۆڵ بکات.

لـەبارەی پـەروەردەو تەندروسـتییەوە حـزب بـۆ چارەسـەری گیروگرفتەکانی ئەم دوو پرۆسەیە جەختی لەسەر بەپێشنیازێکی ناسیونالیسـتی پشـت بەسـتووە بـە دەوڵـەت دەکـردەوە، تـاوەکو. کـاری پێبکرێـت. لـەبارەی پەیوەندییـەکانی دەرەوەدا. حـزب داواکاری پێك هێنـانی ولایەتـە یـەکگرتووەکانی عـەرەبی دەکـرد وجەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کـەپێك هـاتنی ئابووریو بـازاری هاوبەشـی عـەرەبی بنـەمای ئـەو یەکێتییەیـە لـەرووی پەیوەندییـە ئیسـلامییەکانەوە حـزب بەرنامـەی خـۆی لـە دەرەوەی سیسـتمی عەرەبیەوە دادەڕشتو بەلایەوە شتێکی بڕاوە بووکـەبوونی میسـر لەگـەڵ دەوڵەتـە ئیسـلامییەکاندا بـوونێکی پێویسـتە. حـزب سودانو ئەفریقیا بە درێژەی سروشتی میسری دەزانیو داوای ئەوەی دەکرد کە کۆمـەڵێك لـەو ولاتانـەی کە کەڵك لە ئاوی نیل وەردەگرن کۆمـەڵێك پێك بهێننو بەشێوەیەکی تایبـەتی جەختی لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵو ئابووری لەنێوان میسرو سۆداندا دەکـرد. هەڵوێسـتی حـزب لەئاسـتی رووداوە سیاسـییەکاندا، بانگەوازی یەکێتی هێزە سیاسیەکانی دەکرد، لـەرووێکی ترەوە لەگـەڵ ناسرییەکاندا پەیوەندییـەکی قـووڵی هـەبوو، وناکۆکیش لـەنێوان داخوازییـەکانی هـەردوو حزبـدا نـەبوو، بەتایبـەتی کـە



www.pertwk.com

(عەبدولناسر) یەكێك بوو لەقوتابیانو سەربازانی (ئەحمەد حوسێن) لەحزبی (مصر الفتاة)ی پێشوودا.

### *پەیوەندی حزب بە رووداوە ئیسلامییەكانەوە.*

دەربارەی پەیوەندییەكانی، تایبەت بەرووداوە ئیسلامییەكانەوە، لەسەرروویانەوە ئیخوانەكان، كەپێش دروستبوونی حزب بەچەندین ساڵ هاتنە كایەوە، حزب جەخت لەسەر ئەوە دەكات كە بەهیچ شێوەیەك لەپێناسەیەكی رەهای ئیسلامیدا خۆی سنووردار ناكات. لەدیدی حزبدا ئیسلام لەسەرووی هەموو حزبێكەوەیە، لەبەر ئەوە زۆر ئاساییە كە موسوڵمانان بەشێك بن لەهەر پێكهاتەیەكی حزبیدا، سەبارەت بە (مصر الفتاة) كەساڵی 1941 ناوی خۆی گۆڕی بەحزبی (میللی ئیسلامی) ئەوەش بەو، واتایە نایە، كە باوەڕیان وابێ كەئایین لە حكومەت جیابێ، چونكە ئیسلام وەكو خوێن لەهەموو ئۆرگانەكانی ژیاندا هاتوچۆ دەكات.

### *پەیوەندی حزب لەگەڵ رووداوە سیاسییەكاندا.*

لەبارەی پەیوەندی حزب بە ماركسیزمەوە، (مصر الفتاة)وانیشان دەدات كە گوتاری سۆسیالیستی بەخۆوە گرتووە، بەو پێیە باوەڕی وایە، كە لەئیسلامگەراییدا توخمی سۆسیالستی هەیەو، دیموكرتییەتیش وەك شورای ئیسلام وایە





بۆیە لەبەرنامەی حزبدا وا نیشاندراوە، كە (مصر الفتاة) سۆسیالیستییە نەك ماركسی، بۆچوونی حزب سەبارەت بەهەموو حزبەكان بەو شێوەیە یە:

– حزبی تەجەمموع رێبازێكی نیشتمانیو بەكەڵكی هەیە.

– رۆژنامەكانی حزبی ئەحرار رۆڵێكی گرنگیان بینیوە لەسەرهەڵدانی سیاسیدا.

– حزبی ئوممە كە (عەلییەدین ساڵح) دامەزرێنەریەتی چالاكییان هیواشەو هەستی پێناكرێت.

– حزبی كار، دروستكراوی دەستی ساداتە. و (ئیبراهیم شوكری) بۆ زیادكردنی ئەندامانیو بە جەماوەركردنی، حزبەكەی خۆی بەمیراتگری (مصر الفتاة)و (ئەحمەد حوسێن)ی سەرۆكی دەزانی، لەكاتێكدا كە حزب لەهیچ روویەكەوە درێژە پێدەری (مصر الفتاة)ی پێشوو نییە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو ئیئتیلافەیە كە لەنێوانی حزبیكار و ئیخواندا، پێك هات.

لەبابەت شەڕی عەرەبو ئیسرائیلەوە بۆچوونی حزب ئەوەیە كە بەزۆر بەرپابووەو، بەزۆریش نەبی كۆتایی نایەت. ناهاوسەنگی هێز لەوكاتەدا سەرەنجامی دانوستاندنی عادیلانە لەگەڵ ئەمریكاو ئیسرائیلدا پەسەند ناكات.

حزب پەیوەندییەكی تۆكمەی لەگەڵ لیبیاو سەرهەنگ قەزافیدا هەیەو. پشتگیری دەرچوونی ئەو رۆژنامەیەیان دەكات



www.pertwk.com

كە ناسرییەكان دەری دەكەن. ناسرییەكان لەم رۆژنامەیەدا پشتگیری لە بیرو بۆچوونەكانی قەزافی دەكەن. (عەلییەدین ساڵح) پێشنیازی یەكگرتنی لەگەڵ قەزافیدا كرد.

حزب لەبارەی شەڕی كەنداوو، بەردەوام دەستتێوەردانی بێگانە. هەڵوێستێكی ئاشكرای دەربڕی: ((ئەم كێشەیە لەبنەڕەتدا كێشەیەكی ناوخۆی عەرەبییەو پێویستە لەچوارچێوەی نیزامی عەرەبیدا چارەسەر بكرێت، دەستێوەردانی رژێمی ئەمریكا بەنیازی رووخاندنی هێزی عیراق بەقازانجی ئیسرائیل دەشكێتەوە))

لەبارەی قەیرانی رۆژئاواو لیبیا، حزب لاپەڕەی رۆژنامەكانی تەرخانكرد بۆ پشتگیریكردنی لیبیا.

### *جیابوونەوەكانی ناو حزب:*

ئەم حزبەش وەكو گەلێك لە حزبە ئۆپۆزسیۆنەكانیتر چەند جیابوونەوەیەكی بەخۆیەوە دیووە. یەكەمیان بەڕابەری ((سامی موبارەك))ی برای حوسنی موبارەك بوو. دوای راگەیاندنی ئەو جیابوونەوەیە كە لەئەنجامدا هەرەسی هێنا. لەسەرەتای شوباتی 1992دا (حسامەدین الدین كامیل) بەهاوكاری ژمارەیەك لە لایەنگرانی خۆیو كەڵك وەرگرتن لەهێزو دەسەلآت، بۆ ماوەی





شەش سەعات ناوەندی حزبی خستە ژێر كۆنترۆڵی خۆیەوە، دەركردنی (عەلییەدین ساڵح)و ئەندامانی شورای كۆمەڵەیەیان راگەیاندو ئەوەشیان راگەیاند كەكاتی دروستكردنی حزبێكی تازە هاتووەو لە كۆبوونەوەی گشتی ساڵانەی حزبیدا، هەڵبژاردنی ساڵحیان بەساختەكاری هەژماردو ئەوەشیان راگەیاند كە (ساڵح) سیاسەتی حزبی لەبەرامبەر حكومەتدا گۆڕیوە.

ئەم جیابوونەوەیە، لە بەدیهێنانی ئامانجەكانی خۆیدا، هەرەسی هێناو حزب تەنها لەدادگادا داوای خۆی پێشكەش كردو هەڵوێستێكیتری نەبوو. ئەم حزبە لە هەڵبژاردنی پارلەمانی ساڵی 1990دا كە ژمارەیەك لەكاندیدانی خۆی بۆ بەشداربوون لە هەڵبژاردن ناساند. سەركەوتوو نەبوو، چونكە لەناو خەڵكیدا جەماوەریان كەم بوو.

### *دوا گۆڕانكاری لەناو حزبدا*

لەهەشتی مایسی 1992دا كۆنگرەی حزب لە ئەسكەندەرییە بە ئامادەبوونی (1500) ئەندام بەستراو رایان وابوو كە (عەلییەدین ساڵح)ی سەرۆكی حزب لابرێ‌و لەشوێنی ئەو (عەبدوڵلا روشدی) بكرێت بەسەرۆك. كۆنگرە ئەم رایەی بەهەموو

www.pertwk.com

لیژنەکانی حزبدا بڵاوکردەوەو، راشگەیەنرا کە بڵاوکراوەی حزب دەوەستێنرێتو، کۆمیتەی حزبەکان لە 23/ مایسی 1992دا لەدوتوێی کۆبوونەوەیەکیدا پشتگیری لەم بڕیارانە کرد.

(عەلییەدین ساڵح) سەرەڕای ئەوەی کە ئەم بڕیارانەی پەسەند نەکرد، سەبارەت بەدەستێوەردانی کۆمیتەی حزبەکان لەدادگای ئیداری سکالأیەکی پێشکەش کرد وبانکەکانی ئاگادار کردەوە کە حیسابی حزب رابگرن تا ئەنجامی دادگا یەکلایی دەکرێتەوە. ئەم رووداوە گۆڕانکارییەکی نوێی لەهەڵسوکەوتی دەسەڵاتدا، بەرامبەر بەحزبە سیاسییەکان دیاریکرد، تا ئەم کاتە کۆمیتەی حزبەکان لەکاروباری ناوخۆی حزبەکاندا خۆی تێدا هەڵنەقورتاندبوو، ئەم ناڕەزاییە هەموو حزبە سیاسییەکانی گرتەوەو، لە بەرامبەر ئەمەدا ناڕەزاییان پێشکەش کرد. (ئیخوانو لموسلمین) (ئیبراهیم شوکری سەرۆکی حزبی کار) (مستەفا کامیل موراد سەرۆکی حزبی ئەحرار)، (فواد سراجەدین سەرۆکی حزبی وەفد) لەگەڵ (حزبی ناسریدا) لە دەرکردنی بەیانێکدا سەرۆکایەتی( عەلییەدین ساڵحیان) سەلماندو، دەستیێوەردانی کۆمیتەی حزبەکانیان تاوانبار کرد.



(عەلییەدین ساڵح) لەساڵی 1991دا لە هەڵوێستێکی تووندا بەرامبەر بەعەرەبستانی سعودی لەگەڵ ناردنی چەند پەیامێك بۆ سەرۆکی دەوڵەتە ئیسلامییەکان، کەتێیدا، داوای ئەوەی کردبوو، کە بەڕێوەبردنی کاروباری (هەردوو مزگەوتی، مەککەو مەدینە. (الحرمين الشريفين)و کاروباری حەج بەنێو دەوڵەتی بکرێت، دەشگوترێت عەرەبستانی سعودی لەو گۆڕینەدا پلانێکی راستەوخۆو دیاری هەیە.

www.pertwk.com

# بەشی حەوتەم

## حزبی ناسری.



www.pertwk.com

### *1ـ مێژووی ناسریزم و پێكهاتەكەی.*

131

گروپێك كەپێی دەگوترا ناسری بەناونیشانی هێزێكی سیاسی سنووردار لەرێی پێكهاتنی یەكێتی لاوانی سۆسیالیستەوە لەساڵی 1965دا لەكاتی دەسەڵاتی (جەمال عبدولناسر)دا دەركەوت.

لە كۆتایی هاوینی ئەم ساڵەدا یەكێتی خوێندكارانی زانكۆ كۆمێتەیەكی سیاسی و فەرهەنگیان پێك هێنا، كە ئەمە پێشەكییەك بوو بۆ سیمینارێك بەناونیشانی لێكۆڵینەوە لە بیرو هزرەكانی ناسر. ئەمەش لەسێپتەمبەری ساڵی 1971دابوو.

ناسریەكان لەیەكەمین ساڵرۆژی كۆچی دوایی (جەمال عەبدولناسر)دا، بەجەماوەرێكی زۆرەوە لە رێپێوانێكدا چوونە سەر گۆڕەكەی، ئەم كارە هاوكارییەكی چالاكانەی ناسرییەكانی دەردەخست، لە خۆپیشاندانەكانی حوزەیرانی 1972دا كە لەزانكۆكانی میسردا دەستی پێكرد، داواكاری خۆپیشەندەرەكان، هەڵگیرسانی شەڕبوو دژی ئیسرائیل بۆ



ئازادكردنی خاكی عەرەب، لەساڵی 1972 لەزانكۆكانی میسردا بەتایبەتی زانكۆی (عین الشمس و قاهیرە)دا كۆمەڵەی هزری ناسری خۆی نواندو كەوتەروو، ئەم كۆمیتانە، بۆ تۆكمەكردن و نەخشەی هێڵی بنەڕەتی و گرنگی ناسریزم هاتنە ئاراوە.

دوای دەستپێكردنی جەنگی ئۆكتۆبەری ساڵی 1973 ناسرییەكان، بەئەندامیەتی كۆمیتەكانی‌خۆبەخشی جەماوەری بەرگری شارستانی هاتنەئاراوەو لەگەڵ سەرهەڵدانی بەرگری میللی كە (شێخ حافز سەلامە)وباڵی ئیسلامییەكان لە سوێس رابەریان دەكرد، پەیوەندیان كرد. ناسرییەكان لەگەڵ سیاسەتی ئابووری دەرگا كراوەكان و لە بەیاننامەی ئۆكتۆبەردا كەبڕیاریدا لەساڵی 1975 هێزەكانی هەڵوەشێنێتەوە، رای جیاوازی نواند.

هزری ناسرییەكان سەرچاوەی لەهزری شۆڕشی تەممووزەوە گرتووە. لەیەكێك لە تایبەتمەندییەكانی بەرنامەكەیان، بڕیاری دوژمنایەتی ئەمریكابوو. وخۆشیان لەهێزە ماركسیەكان بەجیاوازتر دەزانی. یەكێتی و پێكهاتنی میللەتیان وەك پێگەیەكی جەماوەری دەبینی و لەخەڵكیان داوا دەكرد كە لەهەڵبژاردنی كۆمیتەی ناوەندی یەكێتی سۆسیالیستی، لە بنەماوە هەتا لوتكە هاوبەشی بكەن.

لەوسەردەمەدا خوێندكارانی زانكۆ لەبەرامبەر بزوتنەوەی كرێكاراندا سەرەڕای ئامادەبوونی هەندێ لەئەندامانی ئەو

بزوتنەوەیە لەسەر گۆڕەپانی چالاکی سیاسی بەڵام کرۆکی ناوەندی ناسریزم هەر لەخوێندکاران پێك هاتبووز چونکە ئەم توێژە یەکێك بوو توێژە کۆمەڵایەتییە کە زۆرترین کاریگەری لەسەر شۆڕش هەبوو.

یەکەم: پێکهێنانی ئەنجومەنێکی عەرەبی لەپێناو مانەوەی حکومەتی (جەمال عەبدولناسر) بەدرێژایی تەمەنی.

ناسری.

دووەم: پێکهێنانی ئەنجومەنی خوێندکارانی یەکگرتووی ناسری.



لەساڵی 1972دا بیرکردنەوە لە پێکهێنانی سازمانی ناسری لە دەرەوەیچوارچێوەی دەزگاکانی دەوڵەتدا دەستی پێکردو، لەپێناو بەردەوامبوونی حکومەتی (جەمال عەبدولناسر) بەدرێژایی تەمەنی، پێشنیازکرا، بە پێکهێنانی کۆمیتەیەکی عەرەبی. دوولەسەر سیٚ ئەو کۆمیتەیە لە دامەزرێنەرە عەرەبەکانی سوریاو لبنانو لیبیاو فەلەستینو یەمەنی سەروبوون بڕیاری لەسەردرا. ئەم کۆمیتەیە بەئاراستەی لایەنگیری نەتەوایەتی، لە ساڵی1975 بەژمارەی (2038)کە لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بڕیاری لەسەردراو، بەرنامەی خۆی تۆمار کرد. (ئەنجومەنی خوێندکارانی یەکگرتووی ناسری) بەهاوکاری عەرەبە ناسرییەکانی زانکۆی (عین الشمس)

حزبە سیاسییەکانی میسر

بەئامانجی (ململانیٚ لەپێناو پێکهێنانی ئەنجومەنی یەکێتی ناسری) لەساڵی 1972دا پێکهات. ئەم ئەنجومەنە بە پێکهێنانی کۆڕو دەرکردنی بەیاننامە، لەپێناو بەرگریکردن لە شۆڕشو جەخت کردن لەسەر بەرەنگاری چەکدارانە لەپێناو ئازادکردنی فەلەستیندا چالاکییەکانی خۆی ئاشکرا کرد. ناسرییەکان هەمیشە لەرێی یەکێتی خوێندکارانەوە، بیروڕای خۆیان، دەردەخست.

ئەنوەر سادات لەساڵی 1971دا لەڕێی کەسانی بنیاتنەری ناسرییەوە دەستی بەگۆڕانکاریو چاکسازی لەمیسردا کرد کەهەمیشە لەپارێزدابوون بۆ ئەوەی لە رێبازی ناسری لانەدا.



ئەم کەسانە بەهۆکاری یاسابییەوە کەڵکیان لە سادات وەردەگرت. بەڵام بەگشتی کارە گرنگەکانی وڵات لەدەست ئەواندا بوون. توانای ئەم گروپانە گەیشتە رادەیەك کە لەماڵو نوسینگەی ساداتدا دامەزراوەی بیستنیان هەبێت، بەڵام لەئەنجامدا سادات توانی ئەو گروپانە دووربخاتەوە، ئەمەشی بەشۆڕشێکی چاکسازی دەزانی، وهێزە بنەڕەتیو سەرچاوەکانیانی بەدادگا گەیاند لەوانە دەتوانرێت ئاماژە بە (سامی شەریفو شەعراوی جومعەو محەمەد فەوزیو محەمەد فایەق وزیائەدین داود) وچەند کەسانێکیتر بکرێت.

www.pertwk.com

لەباڵی ناسریدا هەندێك گروپ مابوون، کە دەیانتوانی لەگەڵ هەر رژێمێکدابێ خۆیان بگونجێنن. ئەمانە لەیەکێتی سۆسیالیستدا بەهاوکاری سادات گەشەیان کردو لەدواییدا توانییان لەفراکسیۆنەکان و حزبەکاندا بەشداری بکەن. لەنێوان ئەو کەسانەدا دەتوانین ئاماژە بە(رەفعەت مەحجوب) بکەین و ئەمانەش زۆریان پەیوەندییان بە دەزگاکانی دەوڵەتەوە هەبوو، لەوکەسانەش (ئوسامەئەلجازو دکتور مستەفا ئەلفەقی و دکتور مەحمود ئەلشەریف وکەمال ئەلشازلی) ئەم کەسایەتیانە مەبەستیان بوو رێبازی ناسری و تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی تەمموز لە سیستمی دەسەڵاتدا پیادە بکەن و ئەوەشیان نیشاندەدا کە ئەو دەسەڵاتە میراتگری ئاسایی شۆڕشی تەممووزە.

بەدوای ئەو هەڵوێستانەدا، ناسرییە توندرەوەکان بەتۆمەتی جۆراوجۆر خرانە زیندانەوە. سەرەڕای ئەوەش خوێندکارانی بیری ناسری کەوتنە رەخنەگرتن لە حکومەت و کۆمەڵێکیان پێك هێنا، بەناوی (شۆڕشگێڕانی بیری ناسری). ئەم دوو گروپە رووداوەکانی دژە ناسرییان نیشاندەدا لەدواییدا گۆڕا بەحزبی ناسری. لە کاتێکدا کەباس لە پێکهێنانی فراکسیۆنەکان کەوتە روو، بزوتنەوەی ناسری. بەرابەری خوالێخۆشبوو (کەمالەدین رەفعەت) (کە یەکێکە لە کەسایەتیەکانی سەردەمی جەمال عەبدولناسر) لەبارەی پێك هێنانی فراکسیۆنی سۆسیالیستی





ناسری، لە بەیاننامەیەکدا کە بەبۆنەی پێکهێنانی فراکسیۆنەوەیە 23/ شوباتی 1976دا رایگەیاند وگوتی:

(هەوڵدان بۆ گۆڕینی سەرمایەداری نیشتمانی بەسەرمایەداری شوێنکەوتە وامان لێدەکات پەیوەندیمان لەگەڵ بازاڕای سەرمایەداری جیهانیدا ببێ. لەوکاتەدا سەربەخۆیی ئابووریمان دەکەوێتە ژێر باری مەترسییەوە، ئەوەش ئەم خاڵەبوو کە بەیاننامەی ئۆکتۆبەریش ئاماژەی پێکردبوو.)

کۆمەڵێکی زۆر لە ناسرییەکان بۆ ئەندامێتی لەم فراکسیۆنەدا، کە لایەنگری بەرنامەکانی ناسری‌بوون، کۆبوونەوە، بەڵام سادات لەپێکهێنانی ئەم فراکسیۆنە رازی نەبوو، رەخنەیەکی زۆری لێگرتن بەو پێیە ئەم هەڵوێستە دوچاری شکست هات.

لەساڵی 1976دا سەبارەت بەچوونە ناو حزبی تەجەمموعەوە لەناو ناسرییەکاندا ناکۆکیەکی زۆر روویدا، لەئەنجامدا گەیشتنە ئەوەی کەچوونە ناوحزبی تەجەمووعەوە، دەبێ بەپێی خواست و ئارەزووی کەسەکەوە وبەشێوەی تاکی دەبێت، بۆیە کۆمەڵێك لەناسرییەکان بۆ ئەنجامدانی چالاکی سیاسی خۆیان لەڕێی یاساییەوە چوونە ناو حزبی تەجەمموعەوە، لەرووداوەکانی حوزەیرانی ساڵی 1977دا کەسادات ئەو خۆپیشاندانەی ناو ناوبوو خۆپیشاندانی برسێتی، یان بزووتنەوەی نایاسایی، باڵی راست و ناسرییەکان لەبەرامبەر دەوڵەتدا بەرپرسیاری ئەم رووداوەیان خستە ئەستۆو. لەدوای



www.pertwk.com

ئەم رووداوە چالاکییەکانیان وەستاند، دیارە دەستخستنە ناوکاری واوە کارێکی عاقڵانە نەبوو، لەبەرئەوەی ئەم رووداوانە کاری چەند بزووتنەوەیەکی میللی بوون، بۆ بەرهەڵستکردن لە بەرزبوونەوەی نرخ ئەنجامداربوو، بۆیە بەئامادەبوونی سوپا لەشەقامو کۆڵانەکاندا کپ نەبووەوە، راسترەوەکانو ناسرییەکان دوای پەیدابوونی راوبۆچوونی ئیسلامی لەزانکۆکانداو بەشێوەیەکی گشتیش لەناو خەڵکدا، بۆ دەستکەوتی سیاسیو زامنکردنی کەڵکی تایبەتی خۆیان لەم خۆپیشاندانانەدا، پەیوەندییان ئاشکراو راستەوخۆ بوو، دوای ئەم رووداوانە کۆمەڵانی هرزی ناسری بەشێوەیەکی نهێنی، ناوەندێکیان بەناوی (پێشڕەوانی پێکهاتەی بیری ناسری) دروستکرد، ناوەندەکە لەو کەسانە پێکهاتبوو کەجێگەی بڕوا بوونو، ئامانجیان پێکهێنانی یەک دەستەی پێشڕەو شۆڕشگێڕبوو، لەپێناوی رێکخستنی کۆمەڵانی خەڵك، بەپێی ئەو هەلومەرجانەی لەو کاتەدا دەستی دەدا. ئەم کۆمەڵە 1977–1980 بەردەام بووو، دوایی لەبەر جیابوونەوەو ناکۆکی ناوخۆیان لەناوچوو.

لەنێوان سالآنی 1981–1986دا ناسرییەکان بەپەروەردەکردنی کادری سیاسییەوە خەریك بوون، بەتایبەتی سەندیکای پیشەوەرانو سەندیکای کرێکارانو رۆژنامەنووسانو رێکخراوەکانی هاوشێوە. ناسرییەکان دوای تیرۆرکردنی



ساداتو ئازادبوونیان لەبەندیخانەکانو دەستکەوتنی فرمانی یاسایی بۆ رێپێدانی چالاکی سیاسییان سەرلەنوێ دەستیانکردەوە بەچالاکی سیاسی بەتایبەتی، موبارەك کەلەرابردوودا هیچ جۆرە ناکۆکییەکی لەگەڵ ئەم جۆرە رووداوانەدا نەبوو، لەساڵی 1986دا (کەمال ئەحمەد) کەیەکێکە بوو لەناسرییەکان داوایەکی پێشکەشکرد بۆ دروستکردنی حزبی ناسری لەژێر دروشمی یەکگرتنی کرێکاران، بەڵام کۆمیتەی حزبەکان ئەم داوایەی پەسەند نەکردو، کێشەکەی نارده بەردەم دادگاو دادگاش داواکەی خستە داوەوە.

لەشوباتی 1987دا بەنیازی پێکهێنانی حزبی سۆسیالیستی عەرەبی ناسری بەڕابەری (فەرید عەبدولکەریم) کەیەکێك بوو لەسەرکردەکانی سەردەمی (عەبدولناسر) یەکەمین سیمیناری دامەزراندنی حزبەکەی پێك هێناو لەوێدا بڕیاردرا کەهیچ گروپێك داواکاری پێکهێنانی حزب پێشکەش نەکات، هەتا داواکردنی هێزەکانی ئیئتیلافی کرێکاران بەقۆناغی کۆتایی نەگات، ئامانج لەم هەڵوێستە ئەوەبوو کەیەکێتی ناسرییەکان لەناو حزبدا پتەوبێ، خۆ ئەگەر ئیئتیلافی هیزی کرێکاران مۆڵەتی رەسمی پێدرا، تا پەیوەندی بکەن بەو حزبەوە، با ناکۆکیشیان لەگەڵیاندا هەبێ، حزبی سۆسیالیستی عەرەبی ناسری بۆ دامەزراندنی، داوای راپرسی دەکرد.

چالاكییەكانی یەكەمین كۆنفرانسی حزبی سۆسیالیستی عەرەبی ناسری لەشوباتی 1987دا لەهۆڵی (جەمال عەبدولناسر)ی حزبی تەجەمموعدا كۆبوونەوەكانی دەستیپێكردو لەكردنەوەی كۆبوونەوەی یەكەمدا، نوێنەری چەند وڵاتێك بەشدارییان كرد، لەمیسر حزبی تەجەمموع، حزبی كار، حزبی كۆمۆنیست، لەوڵاتە عەرەبییەكانیشەوە دەستەی راپەڕاندنی گەلی ناسری، بەرەی سیانزەی حوزەیرانی لەیەمەنی سەروو، حزبی بەرەی ئازادیخوازی جەزائیر، كۆمەڵەی دیموكراتیخوازانی كوێت، سەرەڕای ئەوەش كەسایەتییەكی زۆری ناوخۆو وڵاتانی عەرەبی بەشدارییان تێدا كرد، لەبەیاننامەی حزبدا، رایانگەیاند، كەڕەوابوونی حزب وەك واقیعێك، چاو لەوە دەپۆشێ كەرەوای یاسایی بەدەستبهێنێ چونكە هێزی گەل‌و كرێكاران حزب پێك دەهێنن. لەپێكهاتنی سكرتاریەتی گشتی حزبدا كەڵك لەشێوەی دامەزراندن وەرگیراو لەلیستێكی (25) كەسیدا، كەدوانزەیان لەدامەزرێنرابوون.



لەدامەزراندنی سكرتاریەتی گشتی حزبدا، ئەوەی نەوەی نوێ‌و بەتەمەنەكانی لەیەكتر جیادەكردەوە ئەوەبوو نەوەی نوێ دەیویست بەشێوەی دیموكراسییانە سكرتاریەت هەڵبژێرن لەكاتێكدا بەتەمەنەكان رێی دامەزراندنیانی بەچارەسەر دەزانی.



دەركەوتنی ناكۆكییەكانی نێوان دامەزرێنەرانی حزبی سۆسیالیستی عەرەبی ناسری، لەبارەی هەڵبژاردن‌و، بایەخنەدان بەڕابەرانی هەندێ لەگروپەكان، نیشانەی بێتوانایی رابەریكردنی حزب‌و گۆڕینی بنەماو سەرەتاكانی دەگەیاند، وچالاكییەكانیشی لەسنووری بەشداریكردنی هەندێك بۆنە، تێنەپەڕی‌و لەساڵی 1989وە چالاكییە جەماوەرییەكانی بەرەو نزمبوونەوە رۆیشت‌و حزب نەیتوانی تواناى خۆی كەلەدەهەزار ئەندام زیاتر بوو، لەبزووتنەوەیەكی سیاسی بەهێزدا پیشانبدات‌و بەرنامەو پێشنیازەكانی خۆی رابگەیەنێ.

لەوكاتەدا لەپێكهاتەی ناسرییەكاندا سێ‌بەشی گرنگ هەبوون. (كۆمەڵەی كۆمسیۆنی عەرەبی بۆ رێزلێنان لە (جەمال عەبدولناسر) (حزبی ناسری، ئیئتیلافی هێزی كرێكاران) (حزبی سۆسیالیستی عەرەبی ناسری) ئەمانە لەسەروبەندی دامەزراندندا بوون.



كاتێك كە دادگای حزبەكان سەبارەت بەچالاكییەكانی حزبی ئیئتیلاف لە نیسانی 1990دا ناكۆك بوون، هەموو هیوایەكان بەرەوڕووی حزبی سۆسیالیستی عەرەبی ناسری‌و بەردەوامبوونی نەخشەی حزبی بوونەوە، بەڵام (زیائەدین داود) كەكێك بوو لەرابەرەكانی حزب لە تەمووزی ساڵی 1990دا داوایەكی پێشكەش بەكۆمیتەی حزبەكان كرد، بەناوی حزبی

www.pertwk.com

دیموکراتی عەرەبی– ناسری و هێزەکانی حزبی سۆسیالیستی عەرەبی– ناسریش پەیوەندییان پێوە کرد.. بەرنامەی ئەو حزبە لەشێوەدا لە حزبی سۆسیالیستی عەرەبی– ناسری نزیك بوو، لەواقیعدا ئەم کارە، کەمۆڵەتی حکومەتی پێدرا بۆ ئەوەی لەلایەن ناسرییەکانەوە حزبێك دروست بێ و، رێگری بوو لەهەر گروپێك ئەگەر بیویستایە داوای حزبێکی ناسری تر بکات و، وەك ئەمەی کە (کەمال ئەحمەد) لەساڵی 1983دا دەیویست حزبی ئیئتیلافی هێزەکانی خەڵکی کرێکار پێکبهێنێ و لە بارەیەوە داواکەی خستەبەردەم کۆمیتەی حزبەکانەوە، حزبی سۆسیالیستی عەرەبی بۆ ماوەی حەوت ساڵ لەپێشکەشکردنی داواکەی بێ بەشکرا. کۆمیتەی حزبەکان سەبارەت بەپێکهێنانی حزب دیموکراتی عەرەبی– ناسری نارازی بوو، بەبەڵگەی ئەوەی کەبەرنامەی ئەو حزبە لەشێوەی بەرنامەی حزبەکانیتردا دەبینیی و دامەزرێنەرەکەشی تاوانبار کرابوو بەنواندنی چالاکی لەناو دامەزراوە سەربازییەکاندا. (زیائەدین داود) دژی کۆمیتەی حزبەکان لەدادگای ئیداری سکالایەکی پێشکەشکرد، ولەمایسی ساڵی 1992دا دادگا رەزامەندی لەسەر پێکهێنانی ئەو حزبەدا، ئەمەش کێشەیەکی دوورو درێژ بووکە لەساڵی 1976، هەتا ساڵی 1992ی خایاند، بەم پێیە ناسرییەکان توانیان لەپێناو پێکهێنانی حزبێکی یاساییدا هەوڵەکانیان سەر بخەن، لەواقیعدا



ئەم حزبە لەرووبەڕووبوونەوەی حزبی (وەفدی جەدیدو ئیخوانو لمسلمین هەروەها حزبی فەرمانڕەوا) (سەرەڕای قازانجی هاوبەشی لەنێوانیاندا) توانی لەونێوانەدا پێی لەزەوی گیربکات، بەگشتی دەتوانین ئەوە بڵێین، هاتنی ئەو حزبە وەکو هاتنی یانزەهەمین حزب، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەناوەندی سیاسی حزبەکانیتردا دروستکرد.

### 2ـ حزبی فەرمانڕەواو ناسریزم:

ناکۆکی نێوان حزبی فەرمانڕەواو ناسرییەکان بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە، لەهەموویان ئاشکراتر لەبارەی شەرعیەتی رەسەنایەتی شۆڕشی ساڵی 1952وە بوو، حزب سیستمی رژێم و پێشهاتەکانی شۆڕشی تەمووزی بەبەڵگەی سیاسی و شەرعی خۆی دەزانی، لەبەرامبەر ئەوەشدا ناسرییەکان بەم کارە رازی نەبوون و بۆیە حکومەت لەبەرامبەریاندا وەك هێزێك و بۆچوونی سیاسی لەناو کۆمەڵدا پەنای بردەبەر رێبازی سۆسیالیزمی.

رێبازو سیستمی رژێمی فەرمانڕەوا لەبەرامبەر ناسرییەکاندا بەم چەند خاڵانەی خوارەوە دەستنیشان دەکرێن:

1. پەیڕەویکردنی سیاسەتی راکێشانی ناسرییەکان، ئەمەش، لەکاتێکدا سادات دەستی دایە کەلەگەڵ رێبازو رێڕەوی

(عەبدولناسر)دا هەڵسوکەوتی دەکرد. ناسرییە میانڕەوەکانی بەلای خۆیدا راکێشا، لەو کاتەدا کەلەجەنگ رزگاریان ببوو، رابەرە توندڕەوەکانی ناسری زینداني کردو لەم کارەشیدا سەرکەوتوو بوو.

2ـ نەناساندنی ناسرییەکان بەشێوەیەکی رەسمی وەك حزبێك، ئەویش بەرەتکردنەوەیان لەلایەن کۆمیتەی حزبەکانەوەو، جەختکردن لەسەر یاسایی بوونی رەسەنایەتی شۆڕشی تەمووزو لاوازکردنی جێ پێی ناسرییەکان کەلەبەیاننامەیەکی سیاسی رەسمیدا بڵاوکرایەوە، سەرەڕای لایەنی مێژوویی ناسرییەکانو ئەوەش کەلەکۆمیتەی حزیەکاندا مۆڵەتیان پێ نەدراو دەزگای هێزەکانی میللەت وەك حزبی دیموکراتیکی عەرەبی– ناسری ڕازیی نەبوون، ئەگەر چی لەدواییدا لەڕێگای دادگای حزبەکانەوە ئەو مۆڵەتەیان پێدرا.

دانوستاندن لەگەڵ کەسانێکدا کەلەسەردەمی (عەبدولناسر)دا، بەرپرسیارییەتیان هەبووو، گەڕانەوە بۆ ئەو کەنالانەی کەراستەوخۆ پەیوەندی بەوانەوە دەکاتو بۆ کەڵك وەرگرتن لەوان تاوەکو ئارامی لەنێوان نەوەی نوێی ناسری پێکبهێنیو، کەڵك وەرگرتن لەکۆنە پیاوانی سەربازی، بەوناونیشانەی کەئەوان هەڵگری پەیامی خۆیانن، بۆ





گفتوگۆکردن لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکانی عەرەبی وەکو لیبیا و سوریادا.

### *3ـ ناسرییەکانو هەڵبژاردنی پارلەمان*

باڵەکانی ناسری کەبەشێوەیەکی ئاشکرا بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵێ 1987و 1990دا کرد، دەستەیەك لەوانە لەڕێی حزبی میللی فەرمانڕەواوەو دەستەیەکی تر لە رێی حزبی تەجەمموعو گروپی سێیەمیش وەك پاڵێوراوی سەربەخۆ بەشدارییان کرد.

لەهەڵبژاردنی ساڵی 1987دا حزبی سۆسیالیستی عەرەبی– ناسری، بەبیانووی ئەوەی کە هەڵبژاردن یاسایی نەبووەو، ئەو یاسایانەی کەئازادی سنووردارکردووە، حزبەکەیانی لەمەیدان دوور خستۆتەوە، بۆیە بەشێوەیەکی رەسمی رایگەیاند کەبەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گەلدا ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا رێی لەخۆ هەڵبژاردنی سەربەخۆ نەگرت، ناسرییەکان لەم هەڵبژاردنەدا لەسویس یەك کورسییان بەدەست هێنا.

لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی گەلی ساڵی 1990دا کادرەکانی ناو دەزگاکانی ناسری ولەسەر چۆنییەتی چالاکی سیاسییانەوە ناکۆکییان کەوتە ناوەوە. ئەم هەڵبژاردنەش بۆ هەوڵی چوونە ناو



www.pertwk.com

پارلەمانەوە هەلێكی سیاسی واقعی بووو، دەستكەوتێكیش بوو بۆ ئەوەی بەمافی یاساییەوە لەئەنجومەندا بەشداری بكەن.

ژمارەی كاندیدكراوەكانی باڵی ناسری گەیشتە (31)كەس، كە (24)یان ئەندامانی حزب بوون و پێنج كەسیش كاندیدكراوی سەربەخۆبوون دوانەكەی‌تریش لەحزبی تەجەمموع بوون، هەواڵەكانی پەیوەست بەم هەڵبژاردنە لەچاپەمەنی ناسرییەكاندا لەژێر ناونیشانی (رێبازی ئێمە شایستەیی و یەكسانییە)دا بڵاودەبۆوە.

لەو هەڵبژاردنەدا پێنج كەس لەناسرییەكان سەركەوتنیان بەدەستهێنا، سێ كەسیان لەقۆناغی یەكەمدا چوونە ناو ئەنجومەنەوە، ئەوانیش (زیائەدین داود، مەحمود زینهەم، فاروق متوەلی) بوون و لەقۆناغی دووەمشدا حەوت كاندیدكراو بەشدارییان كرد كەتەنیا دوانیان كە ئەوانیش (سەبری ئەبوزنەو، محەمەد بەدری شینی) سەركەوتنیان بەدەستهێنا، دوای ئەوەی كەحكومی یەكجارەكی لەسەر رەوابوونی ناسرییەكان درا تاچالاكی سیاسی یاسایی بنوێنن، هەڵی ئەوە رەخسا كەیەك فراكسیۆنی پارلەمانی ناسری لەناو ئەنجومەندا وەك ئۆپۆزسیۆنێك پێك بێت.





### 4ـ ناسرییەكان و توندوتیژی:



ساڵی 1987 كۆمەڵێكی‌تر بەناوی ناسرییەكانەوە، بەناونیشانی (دەستەی چەكداری ناسری) دروست بووو، لەشوباتی ساڵی 1987دا سەرهەڵدانی خۆیان ئاشكرا كرد. بەڵام لەدادگاكاندا ئەو تاوانانەیان دەدرایە پاڵ: (گۆڕینەوەی دەنگ و باس و چالاكی سیاسی لەگەڵ لیبیادا دژی میسرو نكوڵێكردن لەبوونی ئیسرائیل و وەستان دژی بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا لەناوچەكەدا، بانگەوازیكردن بۆ یەك دەزگای ناسیۆنالیستی عەرەبی و دروستكردنی دەوڵەتێكی عەرەبی یەكگرتوو، پابەندبوون بەبیرو بۆچوونی ناسیۆنالیستی ناسرییەوە).

لەم دادگایەدا دەزگایەكی‌تریش كەناوی (شۆڕشی میسر) بوو، چوارتاوانی خستبووە پاڵ بەم شێوەیەی خوارەوە:

1ـ هەوڵی تیرۆركردنی لێپرسراوی ئاسایشی باڵیۆزخانەی ئیسرائیلی لەقاهیرە، لەمانگی تەمموزی ساڵی 1984دا.

2ـ كوشتنی یەكێك لە بەرپرسانی باڵیۆزخانەی ئیسرائیلی لەئابی ساڵی 1985دا.

www.pertwk.com

3ـ کوشتن‌و بریندارکردنی چەند کارمەندێکی ئیسرائیلی لە پێشانگای نێو دەوڵەتی لە قاهیرەدا کە لەمارتی ساڵی 1986دا کرابووەوە.

4ـ هەستان بەتیرۆر کردنی چەند کارمەندێکی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە مایسی 1987دا.

(ئەندامانی ئەم دەزگایە سەرەڕای ئەوەی کە لەکەسانی هێزی چەکدارو ئاسایش پێکهاتبوون (خالید عەبدولناسر)و کوڕی (حوسێن ئەلشافی)کە جێگری سەرۆك کۆماربوو لەسەردەمی ناسردا بەوە تاوانبار دەکران کە پەیوەندیان بەم دەزگایەوە هەیە.

ئامانجەکانی ئەم دەزگایە، زامنکردنی یەکسانی کۆمەڵایەتی‌و دیموکراسی واقیعی‌و یەکێتی عەرەب ناونیشانی‌بووو، لە بەیاننامەیەکی ئەم کۆمەڵەدا کە بڵاوکرابووەوە. دەستەپاچەیی حکومەتیان مەحکوم دەکرد، لەبەرامبەر ئەو هەموو سوکایەتیەی کە ئەمەریکاو ئیسرائیل دووبارەیان دەکردە وداوایان دەکرد رێکەوتننامەی کامپ دیڤید هەڵبوەشێتەوە، لەم بەیاننامەیەدا حزبی (وەفدی جەدید)یان بەدوژمنی سەرەکی خۆیان دەزانی‌و وەك حزبێك ئاماژەیان بۆ دەکرد، کەخوێنی گەلی میسر دەمژێت‌و بۆ لەناوبردنی شۆڕشی تەمموز لەگەڵ لایەنە ئیمپریالیزمەکاندا پەیمانی بەستوە.





### 5ـ ناسرییەکان‌و بزووتنەوەی ئیسلامی

سەرەڕای رکەبەراتی نێوان ناسرییەکانی‌و بزوتنەوەی ئیسلامی بەتایبەتی (ئیخوانو لمسلمین) هەندێك لەبەرپرسانی ناسری ساڵی 1987 داوای دانوستاندێکیان لەگەڵ باڵێکی ئیسلامیدا کردو، وتیان ناسریزم بەرنامەیەکی کلتووریە وئیسلام یەکێکە لەپایە بنەڕەتییەکانی ئەو کلتوورە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستەی جیهادی ئیسلامی کەیەکێك بوو لەتوندرەوترین گروپ، لەناو باڵە ئیسلامییەکاندا، لەگەڵ ناسرییەکان کەوتە گفتوگۆوە، دیارە رابردووی نێوان ئەم باڵە کەهیچ کاتێك لەگەڵ ناسرییەکاندا دەستەو یەخەنەبووو، ئامانجی سەرەکی ناسرییەکانیش کێشکردنی ئەم گروپە بوو بەلای خۆیاندا، تاوەکو لەنێوان ئەو باڵەو (ئیخوانو لمسلمین)دا کێشەیەك دروستببێ کە بەدوژمنی سەرەکی خۆیان دەزانی، سەرەڕای ئەوەش ناسرییەکان دەیانویست ئەو وێنەیەی کەلە شۆڕشی تەمموز بەرچاو کەوتبوو، کەگوایە دوژمنی بزووتنەوەی ئیسلامین، لەو رێگەیەوە ئەوەش لەزەینی خەڵکدا بسڕنەوە. ناسرییەکان کەداواکاری گفتوگۆبوون لەگەڵ باڵی ئیسلامیدا، خۆیان لەچالاکی دوژمنکارانەی ئەو باڵەی ناسری کە لەسەردەمی جەمال عەبدولناسردا هەیان بوو بەدوور دەگرت‌و لەوباوەڕەدابوون، باڵی ئیسلامی کەجیهاد نوێنەریانە لەگەڵ هەڵسوڕاوانی ئیخواندا



www.pertwk.com

پەیوەندییان هەیە. لە ئەنجامدا گفتوگۆکەیان گەیشتە ئاستی پێشنیازێك بۆ یەکگرتنی هەردوو گروپەکە، تالەژێر ئالأی ئیسلامیدا وهەربەیەکیشە هەڵوێست لەدژی رۆژئاوا وەربگرن.

(جیهاد) بەشێوەیەکی بنبڕ، ئەم گفتوگۆیانەی پێ باش نەبوو ناسرییەکان، کەناسریزمیان بەناونیشانی مارکسیزمی جیهانی سێیەمو، بەرنامەیەکی زانستی ناسیۆنالیستی سۆسیالیستی دەزانی، ئەم گفتوگۆیەیان رەتکردەوە. نێوانی هەندێك لەناسرییەکان کەدوایی بەشێوەیەك پەیوەندییان بەلایەنە ئیسلامییەکانەوە هەبووو، هەندێك لەئیسلامییەکانیش کەلەدامەزراوەکانی جیهاددا پەیوەندییان هەبوو، لەنێوان ئەمانەدا چەند کۆبوونەوەیەك لەئەنجامدرا، بەلام کۆبوونەوەکان، سەرکەوتوونەبوون، تەنها وەکو سونبولێك لەنێوانیادا مایەوە. بۆ دۆزینەوەی هاوسەنگییەك لەنێوان ناسریو ئیسلامییەکاندا، هەوڵو تەقەلای (فەرید عەبدولکەریم) رابەری ناسرییەکان لەگەڵ (عادل حوسێنو تاریق ئەلبوشراو محەممەد عەمارە و حەسەن حەنەفی) کەئەمانە کەسانی ناوداربوون لەناو ئیسلامییەکانداو، هەوڵیان دەدا، بەلام لەبەرئەوەی ئەم کەسانەی کەناویان برا، کاریگەرییەکی بەهێزییان لەسەر کۆمەلانی خەڵك نەبووبەئەنجام نەگەیشتنو (زیائەدین داود) هاوکاری لەگەڵ ئیسلامگەرایەکان





دەخستە داوەوە، بەڵکو هاوکاری لەگەڵ حزبی فەرمانڕەواو بزوتنەوی ئیسلامی پەسەند دەکرد.

### 6ـ تایبەتمەندییەکانی بیری ناسریزمو شێوەی پێکهاتەکەی:

هەروەکو وتمان حزبی دیموکراتی ناسری عەرەبی کە جێگری حزبی سۆسیالیستی ناسرییەو، زۆربەی رابەرەکانی حزبی سۆسیالیستی لەئەندامانی حزبی دیموکرات پێکهاتبوون، بەرنامەکەیان لەیەکترییەوە نزیك بوو، لەبەرئەوەیە کە تایبەتمەندییەکانی بیری ناسریزم لە رێوڕەسمی بیرو باوەڕی حزبی سۆسیالیستی ناسری سەرچاوەی گرتووە.

هەرچۆنێك بێ بنیاتنانی دامەزراندن، یەکێکە لەکێشە تیۆرییەکانی ناسریزمو هەوڵو تەقەلایان بۆ ئەوەبوو، شێوەیەك لەرێکخستن دروست بکەن جیاوازبێ لە رێوڕەسمی حزبەکانی پێش ساڵی 1952.

بەم شێوەیە کەرابەری بزووتنەوەی ناسریزم رژێمی پێش ساڵی 1952ی سەرەنگون کرد، بۆچوونێکی تیۆریو ئایدیۆلۆژی دیاریکراوی نەخستەڕوو، لەواقیعدا بەڵگەی ئەم کارەش رێڕەوی حکومەتکردنیبوو کە لەڕووی کار ئاراییەوە، ئەزموونێکی بۆ پەیداکرد، کەئەم کارە بارودۆخی بەرەو ئەوە برد، کەلەدەزگاکانی حکومەتی ناسرییدا سستیو ناتەواوی دروست



www.pertwk.com

بکاتو، نەتوانن دەزگایەکی پێکهاتە، بۆ حکومەتی ناسری پێك بهێنن. ئەم کارە لەسیاسەتی سەرهەڵدانو گۆڕانکاری جۆراوجۆردا، لەچوارچێوەیەکدا کاریگەریی خۆی دەهێڵێتەوە.

لەزەمینەی هەوڵدانو کۆششی لێپرسراواندا سێ تەوەرە، بوون بەناوەندی کارەکان، دەستەی نووسەران، یەکێتی سۆسیالیستی، یەکێتی سۆسیالیستی عەرەبی، کەلەشێوەی ئیئتیلافی هێزی کۆمەڵانی خەڵکی کرێکاران دامەزرا، بەو پێیە کرێکارانو جوتیارانو رووناکبیرانی شۆڕش، سەبازانو سەرمایەدارانی نیشتمانی تێیدا بوون بەئەندام. لەگەڵ سستبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی ناسرییەکان کەبوونە سێبەری دەزگاکانی دەوڵەتو بێتوانایی ئەوان لەناو کۆمەڵانی خەڵکداو لەناچوونی چالاکییە سیاسییەکانیان، دەستەیەکی پێشڕەو پێکهات بەناوی پێشڕەوانی سۆسیالیزم، کەئەوە لەناوجەرگەی یەکێتی سۆسیالیستیو لەبیروبۆچوونی گروپەکانی ناسریدا هاتەئاراوە. ڕێکخستنی دامەزراوەیی یەکێکە لەکارە گرنگو هەستیارەکان، ئەم گروپانە تەقەللایەکی فراوانیاندا بۆ دۆزینەوەی دەزگایەکی وا کەبتوانێ هەموو جەماوەری ناسریو کادرەکانیان لەوێدا ڕێکبخات، ئەم کارە بوو بەهۆی ئەوەی کەهەندێ لەنەوەکانی سێیەمی ناسری کەهێشتا ئەزموونێکی





ئەوتۆیان پەیدا نەکردبوو، لەناو دەستەی پێشڕەواندا، یان لەناو پێکهاتەی لاواندا بەشداری بکەن.

لەچوارچێوەی یاساییدا حزب هەستا بەپێکهێنانی بنکە لەناو زانکۆکانداو لەناو هەندێ لە (اتحادی)یەکاندا بەنوێنەری ئەم گروپانە، بۆ کۆکردنەوەی لاوان لەپێکهاتەیاندا نەخشەیەکی تایبەتیان هەبوو. لەدەیەی حەفتاو هەشتای سەدەی رابردوواو هەتا ئەم کاتە، بەتایبەت لە زەمینەی راگەیاندندا ئەو نەخشەیە جێبەجێ دەکات.

ناسرییەکان هەتا ئێستا حاڵەتێکی لاسەنگ بەسەر دەبەنو لەبارەی چۆنییەتی پێکهاتەی خۆیانەوە دڵنیانین: ئایا پێکهاتەی ئەوان بۆ ئیئتیلافی هێزەکانی کۆمەڵەی کرێکارانە؟ ئەگەر ئەمە وابێ، ئایا ئێستا هێزەکانی ئیئتیلاف هەر ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەن کەلەپێشەوە هەبوونو دەزگاکانی حکومەتی ناسریان پێکدەهێنا؟ ئایا ئەو دامەزراوەیە بۆ شۆڕشێکی ناسرییانە خۆی ئامادە دەکات؟ لەکاتێکدا کەحزب دەستەبەری ئیدیۆمەکانی چالاکی سیاسیو لیبڕالییە؟ ئایا ئەم سازمانە میسرییە لە ولاتێکی ترەوە سەرچاوەی گرتووە، یان لەناسیۆنالیستی عەرەبی کەبەم شێوەیە لەمەرزەکانی میسر تێدەپەڕێو دەچێتە شێوەی دامەزراوەیی حزبی بەعسەوە.

لەپەیوەندی ئەم کارەدا دوو تیۆر لەئارادایە:



www.pertwk.com

1. گروپێك باوەڕیان وایە کەسیاسەتی چەند لایەنەو فرەحزبی ببێتە سێبەرێك کەلەژێرییدا بڕیارەکان تاوتویێ بکرێن، وەکو هۆکارێك بۆ گەیشتن بەحکومەت، لەڕێگەی سندوقەکانی هەڵبژاردنەوە، کەلەئەنجامدا چەمکی کۆمەڵەی ناسری پەیدا دەکات، هەروەکو لەئەزموونێکی مێژوییدا ئەوە بەدەست هات بەواتا پێکهاتەیەکی کرێکاران، جوتیاران، رووناکبیرانی شۆڕشگێڕ، سەربازان‌و سەرمایەدارانی نیشتمانی، پەیوەندییان لەناو ئەم گروپەدا پەیدا کردوو، باوەڕیان وابوو کە لەناو یاسای سەرمایەدارییدا باڵێك هەیە کەتازە دەبێتە سەرمایەداری نیشتمانی‌و تێکەڵی سەرمایەداری  ئازادنەبووە، بۆیە پێویستە ئەم باڵە هەلێکی بۆ بڕەخسێنرێت تا لەچوارچێوەی  پێکهاتەی کۆمەڵەی ناسریزمدا رۆڵی خۆی ببینیێ.

ئەم تیۆرە بەناونیشانی پیشنیازێکی ناسیۆنالیستی لەنێوان نەوەی سەربازەکۆنەکان‌و تەمەن مام ناوەندییەکان وهەموو ناسرییەکان لایەنگری لێدەکەرێ.

2ـ گروپی دووەم باوەڕیان وایە کەسیاسەتی چەند لایەنەو رێگا چارەی لیبراڵی، یەکێکە لەئەندێشەی باو لە ناو میسردا، سەبارەت بەوەی کەناسریزم ئەزموونێکی شۆڕگێڕی ناسیۆنالیستییە، لەپێناوی بیناکردنی یەك حکومەتی شۆڕشگێڕانە، کەراستەوخۆ لەرێی دەستەی شۆڕشگێڕانەوە



رۆڵی بۆ دیاری دەکرێت، کەئەم سەرکردایەتی شۆڕشە، کایەکانی پارلەمان‌و دەزگای چەند حزبی پشتی بەسیاسەتێکی بەرفراوان بەستووە، بەڵام لەهەموو ئەوانەدا پێکهاتەی حزبێکی شۆڕشگێڕانە بۆ ئەو سوودبەخشەو ئەم کارە گرنگییەکی مێژوویی هەیە، بۆ ئەوەی هێزەکانی شۆڕش، لەدەزگاکانی کرێکاران‌و جوتیاران‌و رووناکبیرانی شۆڕشگێڕیداو لەناو ئەفسەراندا بڵاو بکاتەوە. بەو پێیەی کەلە شیکارێکی پێشوودا سەبارەت بەنەبوونی سەرمایەداری نیشتمانی لەمیسردا  نییەو رژێمێکی سەرمایەداری سەر بەرۆژئاوا هەیە. سەرمایەداری نیشتمانی بەناونیشانی دەزگایەك لەبەرچاو ناگیرێ، تاقیکردنەوە مێژووییەکانی رابردوو (سەردەمی سادات) پەیوەستی سەرمایەداری میسر، بەیاسای سەرمایەداری جیهان‌و ئیمپریالیزمی ئەمریکی‌و رۆژئاوا چەسپ کردبوو،و ئەم تیورە وا دەگەیەنێ کەناسریزم لەپلەی مارکیسیزمی جیهانی سێهەم‌و، سۆسیالیزمی زانستی‌دا ئاماژەی پێبکرێ، کەبەهۆی کەسانێکەوە لەنەوەی سێیەمی بزووتنەوە دەخرێتە روو، هەندێك لە کەسانی‌تر پشتگیری لێدەکەن، بێگومان ئەم ناکۆکییە ئایدیۆلۆژییە رەنگدانەوەی کەشی فەرمانڕەوایی بزووتنەوەی ناسریزمە، لەڕێ‌و رەسمی 14/تەمموزی/1988دا کەچەند هەزار کەسێك لەبارەگای (یەکێتیی پارێزەران) کۆبوونەوە (فەرید

www.pertwk.com

عەبدولکەریم) نوێنەری دامەزرێنەری حزبی سۆسیالیستی عەرەبی– ناسری، لەبارەی رێڕەو سەرەتاکانی حزبەوە وتی: (سێ کوچکەی شوومی ولایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل و کۆنەپەرستی عەرەبی) لەبەرامبەر حزبی ناسریدا گەلەکۆمەکییان کرد، چونکە ئەم حزبە هەڕەشەیەکی جدی بوو، بۆ سەرئەوان.

بۆ تاوانبارکردنی دەسەڵاتی ئەمریکاو ئیسرائیل دژی میسرو بەرژەوەندییەکانی ((حزبی تەجەمموع)) کە سەروەت و سامانی خەڵکیان بەتاڵان بردوو خوێنیان مژین و لەبەرامبەر ئەوەشدا هەڕەشەیان ئاراستەکرد.

(زیائەدین داود) سکرتێری گشتی حزب، داوای ئەوەی کرد، کە بەگشتی بەرگری تووند لەو رووداوانەی کە بەرەو رووی راپەڕینی فەلەستینیەکان دەبنەوەو بکەن لەم بارەیەوە وتی: (هەرجۆرە چارەسەرێك بەپێی قۆناغەکە نەبی لە دیدگای ستراتیژی ململانێکەدا، ناکۆك دەردەچێت، ونابێ مافی مێژویی کەچەسپاوە پابەندبکرێت بە بزوتنەوەی جیهادی عەرەبییەوە.)

سەرەڕای وەرچەرخان و نەرمییەك کە لەڕێڕەوی جیهادی فەلەستینیدا، لەئەنجامی ئەوەی کەڕابەری بەرەی رزگاری خوازی فەلەستین ململانێ و تیرۆری لە ڕێبازەکەی لادا، سکرتاریەتی حزب پیرۆزبایی لە پێکهێنانی دەوڵەتی فەلەستین کردو پشتگیری





لێکرد، لەنێوان ئەوەو بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی جیاوازییەك بەرچاو نەدەکەوت.

(زیائەدین داود) لەبارەی پەیوەندی ناسری لەگەڵ حزبی نیشتمانیدا وتی: (دوای پێکهێنانی حزب هیچ رێگرێ نییە بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ حزبی میللی یان هەر حزبێکی تردا) لەبارەی پەیوەندی لەگەڵ حزبی تەجەمموعدا ئاشکرای کرد ((پەیوەندی ناسرییەکان لەگەڵ حزبی تەجەمموعدا پەیوەندییەکی مێژویی قوول و ریشە دارە. دەرگاکانی تەجەمموع لەرووی ناسرییەکاندا کراوەیە، بارەگای حزبی تەجەمموع جێگەی کۆبوونەوەو کۆنفرانسەکانی حزب بوون لەکاتی دروست بوونیدا. تەجەمموع هەموو توانای خۆی لەبەردەستی ئێمەدا دانابوو، بۆیە حزبی ناسری پێی باشە کە تەجەمموع بەتواناو چالاك بێ، چونکە زەمینەی هاوکاری هەردوو حزب پتەوتر دەبێ و هیوامان وایە زەمینەی کارو هەڵوێستە هاوبەشەکانمان رۆژ بەرۆژ فراوانتربێ و هیچ جۆرە ناکۆکییەك لە نێوان حزبی ناسری و ناسرییەکانی ترداو لەگەڵ حزبەکانی تریشدا نەبێ، ئەوەش ئاسایی بوو کە ناسرییەکان دوای بێبەشبوونیان بۆ ماوەیەکی زۆر لە دامەزراندنی حزبێکی سەربەخۆ، بۆ خۆیان ببنە ئەندامی هەر حزبێکی تر. ئەمەش واقعییەتێکە کە ئێمە پێشوازی لێدەکەین، لەنێوان ئەو حاڵەتەو دروستبوونی حزبێکی ناسریدا



www.pertwk.com

دەزگاکانی حزبیمان لەبەردەم هەموو ناسرییەکاندا ئاوەڵەیەو ئەوەش هیچ جۆرە ناکۆکیەك ناهێنێتە ئاراوە)).

(زیائەدین داود) لەبارەی پەیوەندییان و دەربارەی چالاکییە ئیسلامییەکان وتی: (سەرهەڵدانی ئیسلامگەرایی وەك گروپێکی سیاسی، گرنگی خۆی هەیەو ناتوانرێت بوونی رەت بکرێتەوە. سیاسەتی ئێمەش ئەوەیە لەگەڵ هیچ گروپێکدا یان لەگەڵ هیچ حزبێکی سیاسی و سەرهەڵدانی حزبی ئیسلامیدا دوژمنایەتی ناکەین و، ئێمە دەزانین کە هەڕەشەکانی دەرەوە لەسەر هەموو موسڵمانانەو لەرووی لۆژیکی و مەزهەبییەوە پێویستە هەمووومان لەبەرامبەر ئەو هەڕەشانە یەکبگرین و ناکۆکیەکانمان بخەینە لاوە. بۆیە پێویستە زەمینەیەکی هاوبەش بدۆزینەوە چونکە بەردەوامی پەیوەندی لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیسلامی و هەموو هێزە سیاسیەکانی‌تردا کارێکی پێویستەو دەبێ هەمووومان هەوڵی خۆمانی بۆ بدەین).

### 7. هێڵە بنچینەییەکانی بیرو باوەڕی حزبی دیموکراتی عەرەبی-ناسری:



(زیائەدین داود) سکرتێری گشتی کاتی حزبی دیموکراتی عەرەبی ناسری لەیەکەمین کۆنفرانسی رۆژنامەگەریدا وتی:



((ناسرییەکان خاوەنی ئەزموونی شۆڕشی تەمموزن، کە لە بیناکردنی وڵاتێکی سەربەخۆدا ولە مێژووی هاوچەرخی میسردا بەگرنگترین قۆناغ دێتە هەژمار، شێوازی. دەربڕینی بیروڕای ناسیونالیستی حزب لەپاڵ پشتیکردنی شۆڕشی تەمموز بەرابەری (جەمال عەبدولناسر) هاتۆتە کایەوە، ئەوەش لە فراوانبوونێکی سەربەخۆدا ئەوە دەگەیەنێ کە تەنها رێگای دەرچوون، لەدواکەوتن و دۆزینەوەی یەکسانیی کۆمەڵایەتی، بەناونیشانی یەکێك لەپایەگرنگەکانی سەربەخۆیی جەختی لەسەر کراوەتەوە. ئەو فراوانبوونە سەربەخۆیەش لەدابەشکردنی سەرلەنوێی سامان و پشت بەستن بە بەهاکانی مەعنەوی و ئایینی‌یەوە دێتەدی، کەئەو بەهایانەش فرمان بەدادپەروەری دەکەن، زۆرداری رەتدەکەنەوەو فەرهەنگی نیشتمانی و رابردووی میللەت بەزمانی واقیعییەوە دەبەستنەوەو ناسنامەی گەل دەپارێزن.))

(زیائەدین داود) لەبارەی عەرەبایەتی میسرەوە، جەختی لەسەر پەیوەندی ئایندە کردو تاقیکردنەوەکانی بیست ساڵی رابردوو، ولاوازی دەوڵەتەکانی ناوچەکە نیشاندەدات، کەهیچ کێشەیەکی نەتەوەی عەرەبی چارەسەر نەکردو، هەر لەکێشەی خۆراك پێدان و ئاسایشی ناوچەکەوە تا دەگاتە رووبەروو بونەوەی زایۆنیزم و. گەڕانەوەی خەڵکی فەلەستین بۆسەر خاکی



www.pertwk.com

عەرەبی کە یەکێکە لەکێشە گەورەکان، هەموو ئەو کێشانە پێویستی بەسازدانی یەکێتی عەرەبی هەیە. هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کە ناسرییەکان لەگۆڕانکارییەکانی گۆڕەپانی سیاسەتی میسردا. رووبەرووی عەرەبو جیهان دەبنەوەو، پێویستە ئەو گۆڕانکارییانە واقیعیانە ببینرێنو لەهەوڵو تەقەلای چارەسەریاندا درێغی نەکرێت.

(زیائەدین داود) لەوتووێژێکی چاپەمەنیدا سەبارەت بەدانوستاندنی رێککەوتن لەگەڵ ئیسرائیلدا گوتی: ((دوای ئاشکرابوونی هەموو گەمەکان دانو ستاندن نەگەیشتە هیچ ئەنجامێك، بتوانێت مەرجەکانی هەڵوێستی ئەمریکا بگۆڕێتو گوشار بخاتە سەر ئیسرائیل. کەبەلای ئەوەوە بەمەرجی زیانبەخش دەژمێردرانو هەر لێپرسینەوەیەك لەم بارەیەوە دەخرێتە خانەی هەڵەوە. چونکە هیچ جۆرە گوشارێك نەخرایە سەر ئیسرائیلو بەڵکو هەمیشە گوشار لەسەر عەرەب بووە، بۆ پاشە کشەکردنیو زووتر گەیشتن بەدوا خاڵی پاشەکشێیەکە کە ئەوەش بە لەدەستدانی هەموو مافەکانی عەرەب دەژمێردرێت.))

لەرووی هێرشە تازەکانی رۆژئاواوە، کە بەیەکسانی فەرمانڕەواوخەڵکیان کردبوو بەئامانج ،ئاماژەی بەوەکرد کە





ئەمانە هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان. هەتا ئەوکاتەی رژێمەکەیان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکیدا ناکۆك بێ لەژێر باری هەڕەشەدا ناچنە دەرەوە. (داود) بانگەوازی لە کۆمەڵانی خەڵك کرد کە لەحاڵەتیسستی دەربچنو بەیەکێتیو شێوازی بیروڕای گشتی رووبەرووی ئیمپریالزمو ستراتیژە بەدناوەکەیان بوەوستنەوەو پشت بە ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵك ببەستن (زیائەدین داود) ئەو داخوازیانەی لە (کۆمیتەی کۆمەك بە جەماوەری لیبیا لە بەرامبەر هەڵوێستی ئەمریکا)دا لە نیسانیساڵی (1992)دا کە بەبۆنەی دامەزراندنی ساندیکای پارێزەرانەوەگرێدرا، راگەیاند.

### *8ـ کورتەیەك دەربارەی ژیانو چالاکییەکانی (زیائەدین داود).*

لە دایکبووی ناوچەی ((دمیات–دمیاط))ە، ژیانی خۆی بۆ چالاکی سیاسی تەرخان کردوەو خێزانی پێك نەهێناوە.

کارو پیشەی پارێزەرییە، ژیانی سیاسی لە ئۆرگانەکانی دامەزراوەی حکومەتی ناسرییەوە دەست پێکردوە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی یەکێتی سۆسیالیست بووەو لە سەردەمی (عەبدولناسر)دا وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی بوو، کاتی



www.pertwk.com

شۆڕشی چاکسازی ساڵی 1971، سادات، دووری خستەوەو لەکێشەیەکی ناسراو بە ململانێی لەسەر دەسەڵات زیندانی کرا. سەرەڕای ئەوەی کە ناسرییەکی پتەو بوو، بەڵام بەپێچەوانەوە هەندێك لە رابەرانی پێشووی ناسری واقیعیانە بۆیان دەڕوانی، بەڵام بەهۆی هۆش و زیرەکی خۆیەوە، لەرابەری بزوتنەوەی ناسریدا زیاتر سەرکەوتووبوو. هەرچەند دوژمنایەتی مێژویی نێوان ناسرییەکان و حزبی (وەفدی جەدیدو ئیخوانو لمسلمین و داود) بۆ گەڕانەوەی حزبی ناسری بۆ رووبەری چالاکی سیاسی دەگەڕێتەوەو لەپێناو ئەوەی لە حزبی ئیخوان و وەفدەوە هێرشی نەکرێتەسەر، بۆ ماوەیەکی لەگەڵ حزبی میللی جۆرێك لە سازشی نواندو، لێیان نزیك بۆوە. پەیوەندی ئەم دوو حزبە لەسەر ئەو بنچینەیەبوو کەڕەوایەتی هەردووك لایان بۆ شۆڕشی ساڵی 1952وە دەگەڕایەوە.

***9. تێبینییەکان:***

دەرکەوتنی حزبی ناسری لەم کاتەدا، بێگومان بەومانایە بوو، کە رژێم و دەسەڵات بۆ بەرگریکردن لە فراوانبوونی بزوتنەوەی ئیسلامی و بەرهەڵستکردنیان ناسرییەکانی بەکارهێنا.

حزبە سیاسییەکانی میسر

هەر بەوشێوەیەی کە سادات بۆ سەرکوتکردنی ناسرییەکان پەنای بردە بەر ئیسلامگەرییەکان لەو کارەیدا سەرکەوتوو بوو، دەتوانین بڵێین لەسەر گۆڕەپانی سیاسی میسردا چوارهێزی گرنگ کە رۆڵیان لەپلانداناندا هەیە:

1. حزبی دیموکراتی میللی (حزبی فەرمانڕەوا).
2. هێزە ئیسلامییەکان.
3. حزبی وەفدی جەدید.
4ـ هێزەکانی (حزبی تەجەمموع، حزبی ناسری، حزبی دیموکراتی خەڵك و حزبی میسرو لفەتاة).

ئیئتیلاف لەنێوان ئەم هێزانە، بەپێی ئەو گریمانانەی بەدەستمان گەیشتووە بەوشێوەیەی خوارەوە پۆلێن دەکرێن:

+ ((تەجەمموع، ناسری، گەل، میسرولفەتات)) بەهاوکاری حزبی دیموکراتی میللی لە بەرامبەر ((ئیخوان و وەفدی جەدیدو کارگەرو ئەحراردا)).

+حزبی دیموکراتی میللی و ناسری لە بەرامبەر وئیخوان و وەفدو عەمەل دا.

+ حزبی ناسری‌و تەجەمموع‌و کارگەر (عەمەل) لە بەرامبەر حزبی دیموکراتی میللی.



لەناو حزبی ناسریدا دووباڵ هەن، باڵی یەکەم کە (زیائەدین داود) نوێنەریانە، بەپلەی یەکەم بەلای حزبی دیموکراتی میللیدا دەچن‌و بەپلەی دووەم لەگەڵ حزبی تەجەمموعدا هاوکاری‌و هاوئاهەنگیان هەیە. باڵی دووەم کە نوێنەری ئەوانیش (فەرید عەبدولکەریم)ە بەلای هاوکاری حزبی کارگەردا دەچن‌و لەرووپۆشێکی ئیسلامیدا خۆیان دەنوێنن. ئەمەش بەو واتایەیە کە لەکاتێکدا حزبی کارگەر بەهاوکاری حزبی ناسری رازی بێت‌و ئیخوان لەو پێکهاتنە دەردەچن کە لەگەل حزبی کارگەردا هەیانەو، هەرگیز نابێت بەهەر مەرجێك بێت ئیخوان لەگەڵ ناسرییەکاندا پێك بێن. دیارە بەوە رەوایەتی خۆیان لەدەست دەدەن. چونکە گەلێك لە ئەندامانی ئیخوان کە دوچاری ئەشکەنجە هاتوون لە ئەندامانیحزبی ناسری بوون‌و لە هەڵبژاردنی ساڵی 1987 کە کارگەرو ئەحرار ئیئتیلافیان کردبوو، بەهاتنی تەجەمموع‌و ناسرییەکان بۆناو ئەو ئیئتیلافە، ئیخوانەکان لە ئیئتیلافەکە هاتنە دەرەوە وپێی رازی نەبوون.





بەشێوەیەکی گشتی بوونی حزبی ناسری( ئیئتیلافی نێوان ئیخوان‌و کارگەر) دەخاتە مەترسییەوە. ئەگەر ناسرییەکان رەوایەتی جەماوەری بەحزبی کارگەر بدەن لەوانەیە ئیتر نیازیان بەئیخوان‌و دەسەڵاتیان نەمێنێ. هەندێك لە ئیسلامگەراییەکان، ئەم بابەتەی حزبی کارگەر بەو شێوەیە لێکدەدەنەوە، کە بزوتنەوەی ناسرییەکان بەلای ئیسلامییەکاندا رادەکێشرێن، لەدوای ئەوەشدا یەك سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی میانڕەو لە سەر گۆڕەپانی میسردا دێتە ئاراوە.

# بەشی هەشتەم

## ((حزبی الأمة))و ((حزبی الخضر))

حزبە سیاسییەکانی میسر



www.pertwk.com

### 1ــ حزبی (( الأمە ))

165

### کورتەیەك لەمێژووی دامەزراندنی حزب:

حزبی الامە لە میسردا بەیەکەمین حزب دەژمێردری کە لەلایەن دەوڵەتەوە مۆڵەتی رەسمی دامەزراندنی پێدراوە. ((ئەحمەد ئەلسباحی)) سەرۆکی حزب یەکێك بوو لە قورئان خوێنە ناسراوەکان‌و فاڵچییەکی دیاریش بوو، چەندین دانراوی لەسەر ئەو بابەتە هەیە. گەلێك لەسەرمایەدارە ناسراوەکانی عەرەب دۆستی ئەون.

(سەباحی) ژیانی سیاسی خۆی لەناو کۆمۆنیستەکانەوە دەست پێکردو لەدواییدا پەیوەندیکردوە بەحزبی (میسرو لفەتاتەوە) ودواجار لە حزبی سۆسیالیستدا ناوبانگی دەرکرد. لە شۆڕشی تەممووزدا چالاکی دیاری هەبوو وپشتگیری راستەوخۆی لەشۆڕش دەکرد، کاتێك کە (عەبدولناسر) هاوردەی



چاو قاوەی قەدەغەکرد، لەئاستی خزمەت گوزاری بەرژێم‌و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەوڵەت، لەگیای کێوی میسر خواردنەوەی جۆراوجۆری وەکو چاو قاوەی دەرهێنا. لەسەردەمێکدا کە حزبەکان دەستیان کرد بەچوونە ناو حزبی کارەوەو ئەندامانی (میسرولفەتاتیش) هەر بەوشێوەیە پەیوەندییان کرد، بەڵام ئەو لەحزبدا نەماو چووە دەرەوەو کەوتە تەقەلای دامەزراندنی حزبی (الامە) (سەباحی) لەبارەی پێك هێنانی حزبەوە دەڵێت:

بیرکردنەوە لەپێك هێنانی ئەو حزبە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1979و بەپێی یاسا، فۆرمی داواکاریم پێشکەش کرد بەڵام کۆمیتەی پێکهێنانی حزبەکان داواکەمیان پەسەند نەکرد، دوای ئەوە لە دادگای ئیداری داوایەکم خستەگەڕ، هەتا فرمانی پێکهێنانی حزبم لە 25/تەممووزی 1983دا بۆ دەرچوو، ئامانجی سەرەکی حزب پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئیسلامییە بەپێی بڕگەی 8 لە دەستووری میسردا کە دەڵێت:

(( ئاینی ئیسلام ئاینی رەسمی ولاتەو سەرچاوەی رەسەنی یاساگەرییە)) ئامانجی حزب پێکهێنانی حکومەتێکی گەورەی ئیسلامییە.

*- ئەزموونەکانی هەڵبژاردن:*

لــە هەڵبژاردنــەكانی نــاوخۆی ســاڵی 1984دا لەچــەند ناوچـەیەكدا بەشـداریكردو لەیـەكێك لـە ناوچـەكان سـەركەوتنی بەدەست هێنا. لەم ناوچەیەدا (ئەحمەد تەها) نوێنەری پارلەمان‌و (( كۆمۆنیســت))ی بـەناوبانگ كـە لـەرێی حزبــی (الامــە)وە بــۆ هەڵبــژاردن كاندیــدكرابوو، ســەركەوتنی بەدەســت هێنــاو ئــەو سەركەوتنەش بەهۆی ئەوەوە بوو كە جەماوەری زۆربوو. حزبی (الأمـە) بەشـداری گـەلێك هەڵبـژاردنی كـرد. بـەڵام لەچـوونە نـاو پەرلەمان یان ئەنجومەنی شوراوە سەرنەكەوت.

لەســەرەتای چـالاكییەكانی حزبــدا واپێشــنیازكرا كــە (شــیخ متـەوەلی شـەعراوی) بكرێتـە سـەرۆك بـەڵام (سـەباحی) پەسـەندی نـەكرد. دان‌وسـتاندنی نێـوان (ئەحمـەد سـەباحی‌و ئیخـوان) بـۆ ئەوەی بڕیار بدەن كە تواناكانی حزب بخەنە بەردەستی ئیخوان بــۆ ئەمــەش رێگایــەكی یاســاییان دۆزییــەوە، بــەڵام لەئەنجامــدا گفتوگۆكــان ســەریان نــەگرت. واش دەردەكــەوت كــە دەوڵــەت مۆڵەتی ئەوەی پیٚ نەدابن. پێكهاتەی حزبی الامە، یەكلایەنەبوو، بەشـێوەی گشـتی بنەماڵـەو تایەفەگـەری‌و تیرەگـەری بەیەكییـەوە بەسـتبوونەوە. بۆیـە دووربـوو لـەناو حزبەكـەدا لێـك هەڵوەشـاندن دروست ببی، چونكە زۆربەی ئەندامە باڵاكانی حزبێك لە تیرەیەك پێــك هاتبــیٚ دیــارە ئــەو حزبــە پــارێزراو دەبێــت‌و لــەدادگای ئیداریشــدا یــەكێك لــەو تێبینیانــەی كــە وەك ناونیشــان بەســەر





حزبەكــەوە دیــاربوو ئــەو تایبەتمەنــدی هۆزگەرییــە بــوو، بــەڵام یاســایەك نــەبوو ئــەو كــارە قەدەغــە بكــات. هەرچــەندە بــەهۆی ژمارەیــەك لــە ئەنــدامانی حــزب كەلەچــەند ســەد كەســێك زیــاتر نــەبوون چــەند كــەرتبوونێك رویانــدا، هۆیەكەشــی بــۆ ئــەوە دەگەڕێتــەوە كــە حــزب لــەناو هــەموو حزبــەكانی‌تر، لــەڕێبازی ئیسلامی نزیك ببوو، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ كام لە ئیسلام گەراكان پەیوەندیان بەوانەوە نەكرد. كاتێك كە مۆڵـەتی چالاكییان پێدرا، یەكــەمین بەیاننامــەی حزبییــان بــەم ناونیشــانە: (مــن خومــەینی میسرم) بڵاوكردەوە



### دیدگا سیاسیەكانی حزب

سەرۆكی حزبی لە ماوەی جەنگی ئێران –عێراقدا، پێشنیازی كــرد كــە موســڵمانان، لەجــەنگ بكشــێنەوە و لــەنێوان هــەردوو سوپادا قورئان بـەرز بكەنـەوە. دوای شـەڕی عێـراق‌و كویت حزب بانگــەوازی بــۆ ئــەوەكرد كــە ئاشــتبوونەوەیەكی سەرانســەری لــەنێوان عــەرەب‌و ئیســلام پێــك بێــت، بــەپیٚی چــەند بنەمایــەك، رابــەری سیاســی هــەبیٚ‌و بــەپیٚی یاســای دیموكراســی لەهــەموو وڵاتــانی ئیســلامیدا ئەنجومــەنی شــورا پێكبهێنرێــت‌و لەلایــەن پەرلەمانی عەرەبی ئیسلامیەوە پشتیوانی لێبكرێت.

www.pertwk.com

پێکهێنـانی پـەیمانێکی سـەربازی ئیسـلامی لـە بەرامبـەر پـەیمانی ئەتلەسیدا، بـۆ بـەرگریکردن لـە موسـڵمانان‌و ئـەنجامی چـالاکییە ئابوورییـەکان لـەژێر ئـالای ئـابووری ئیسـلامیداو ئـەم کـارو کردەوانــە بــە فرمــانی رابــەرێکی زانــای موســوڵمانان بەناونیشانی (پێشەوای موسڵمانان) ئەنجام بدرێت.

ئـەوەش لـەنێوان کۆنفرانسـێکی نێـو دەوڵـەتی ئیسـلامی گـەورەترین زانایـانی ئیسـلامی هەڵبـژێردرێت‌و باڵوێزەکـانی وڵاتـانی ئیسـلامی بۆتـاو تـوێکردنی‌و هـەنگاونان بـۆ ئەنجامـدانی بەڕێوەچوونی ئەو کارە بانگهێشت بکرێن.

(سـەباحی) لـەبارەی حـزب‌و چـۆنیەتی ریبازییـەوە دەڵێـت: ((ئێمـە حزبێکی نەیارنین بەڵکو حزبی دۆستایەتین‌و، لەیاسـادا شـتێك نییە بـەناوی حزبـی نـەیارەوە بـەڵکو لەناونیشـانی حزبـی سیاسـی ئامـاژەی پێکـراوە، جالەبـەر ئەوە هەڵوێستی میانـەرەومان هەڵبـژاردووە، کـە هەمیشـە پابەنـدی یاساو واقیعییەتە. ئەم بابەتە حکومەت هەرچۆنێك پێی هەڵبستێ یان حزبە دژەکـان، لەدیـدو بۆچـوونی ئێمـەدا یەکسـانە. بـەم پێیـە پەیوەنـدی نێـوان ئێمەو هەموو حزبە نەیارەکان، پەیوەندییەکی هەمیشەییە، ئەگەر هەڵوێستی ئـەوان بەسـوودی جـەماوەر بێـت ئێمـە پشـتگیرییان لێ دەکـەین دیـارە ئـەم پشـتگیرییەش بەمـەرجی ئەوەیـە، هـاو ئاهـەنگیمان لەگەڵـدا بکـەن‌و، ئەگـەر حزبی حاکم کارێکی بەسوود بۆ جەماوەر بکات ئێمە لایەنگری ئەویشین.))

سەباحی درێژە بەقسەکانی دەدات‌و دەڵێت:

((ئێمـە نـاتوانین رێبازێـك کـە بـەهۆی بـەڕێز موبارەکـەوە ئاشـکرا کرابێـت، رەخنـەی لێ بگـرین، لەبـەر ئـەوەی دەسـەڵات بەدەسـت





ئەوەوەیـە هەرچـی بیـەوێت دەیکـات‌و. ئـەو لەبەرامبـەر جـەماوەردا بەرپرسـیاری لـە ئەسـتۆگرتووە، مـن نـاتوانم بـە موبـارەك بڵـێم کـەتۆ لەفلانــە بڕیــاردا هەڵــەت کــردوە، چــونکە بــەلای مــن ئــەو کــارە سووکایەتی پێکردنـە، لەبـەر ئـەوەی چەندین یاریدەدەری هەیە کە بەرپرسـیاریەتی راسـتەوخۆ ئاراسـتەی ئـەوان دەکرێـت. نـاڕەزایی ئێمە وەکو حزبێك ئاراستەی حکومەت دەکرێت نەك سەرۆك کۆمار، کاتێك حکومەت یاسایەکی تایبەتی دادەڕێژێت ئێمە هەقی ئـەوەمان هەیــە لێــی بــدوێین‌و تــاوتوێی بکــەین‌و، بۆشمــان هەیــە دژی بوەستینەوە بەڵام بڕیارەکانی سەرەك کۆمار بڕیاری قانونین‌و ئێمـە ناتوانین ئەو سنوورە ببەزێنین.))

لـەکاتی جـەنگی کەنـداودا، (حزبـی الامـە) خـۆی خسـتەپاڵ دەوڵـەتی میسـرو هێرشـە مووشـەکیەکانی بۆسـەر ئیسـرائیلی تاوانبـار کـرد. ویـەکگرتنی نێـو دەوڵـەتی بـۆ ئـازادکردنی کـوێتی پەسـەند کـردو پشـتگیری لێکـرد. بـەڵام پەیماننامـەی تێکـدانی هێزی عێراق‌و لەناوبردنی چەکە کۆکوژەکانی رەتکردەوە.

(سـەباحی) لـەرێی موبارەکـەوە بەئەنـدامی ئەنجومـەنی شـورا دامـەزرێنرا. ئـەم کـارەش وادەهاتـە بەرچـاو کـە موبـارەك پشـتی پێدەبەسـتێ لەلایـەك‌و لەلایـەکی تـرەوە، حـزب دەتـوانێ لـەم رێگایـەوە، لـە ئەنجومەنـدا کێشـەکانی نـاوخۆو دەرەوە چارەسـەر بکـات. وادێتـە بەرچـاو دکتـور (زەکـەریا ئەلعـەزمی) سـکرتێری گشـتی دیـوانی سـەرۆکایەتی کۆمـاری، کـە (بـرازای ئەحمـەد



www.pertwk.com

سەباحی) بوو لە کاندیدکردنەکەدا نەخشەی بۆ مامی دارششتبێ تالەو پلەیە دابمەزرێ.

(سـەباحی) کاتێـك لـە کۆبوونـەوەکانی ئەنجومـەنی شـورادا بەشـــێوەیەکی تـــازە دەرکـــەوت، کـــە تەربووشـــێکی میســـری لەســـەرکردبوو بۆینباغەکەشـــی نەخشـــەی ئـــاڵای کـــۆنی میسری(پێش شۆڕش) لەسەربوو، وەك بەڵگەیەك، کە دەیویست نیشـــانی بـــدات دەگەڕێتـــەوە بـــۆ میســـری کـــۆن و بـــەهۆی تەربووشەکەشـــیەوە کەســـایەتی میللـــی خـــۆی پێدەناســـێنێ. سیاســـەتمەداران و رووناکبیران، (ئەحمـــەد ئەلســـەباحی) یـــان بەکەســـێکی لاســـەنگ دەهاتـــە بەرچـــاوو، دوور لـــە ئامـــانجێکی سیاسی دەیانناسی.



### 2ـ حزبی سەوز (الخضر)

#### دامەزراندنی حزبی سەوز بەرنامەو ئاما نجەکانی.

حزبی سەوز یەکەمین حزبی سیاسیە کە سیاسەت بە هۆکارێك دەزانێـت نـەك ئامـانج. لەسـەر بنچینەی دابەشـکردنی سیاسـیدا بەیەکێك لەحزبە ئۆپۆزسیۆنەکاندا دەست نیشان دەکرێت. بەڵام ئەو خۆی بەحزبێکی ئۆپۆزسیون نازانـێ و هـەروەها جیاوازی راو بۆچوونی لەگەل حزبەکانیتردا بەتایبـەتی حزبـی گـەلی فرمـانڕەوا رەتدەکاتەوە، ئەم حزبە یەکەمین حزبە کە دروشم و نـاوو ئامـانجی



خـۆی لـە رەنگـی سـەوزدا دیـاریکردووە. (حەسـەن رەجـەب) دامەزرێنـەری ئـەو حزبـە سـەبارەت بـە هۆکارەکـانی دامەزرانـدنی دەڵێـت: (دوای شـیواوی رەنگـی سـەوز لەکۆمـەڵگای میسـریداو پیسبوونی زیاتری ژینگە، کە ئەمانە هەڕەشە لـەژیانی خـەڵکی دەکـەن. ئێمـە لـەرێی چـەند وتـارێکی، (عەبدولسـلام داود)ەوە کـە یەکێکـە لـە رۆژنامەنووسان و لەرۆژنامـەی (ئـەخبار)دا سـەبارەت بـەپێکهێنانی ئـەم حزبـە وتارەکـانی بڵاودەکـردەوە. دەربـارەی پێکهێنـانی ئـەو حزبـە داوامـان لەخـەڵك کـرد دەسـتبەکاربن وئەم بانگەوازەش بەفراوانی لەلایـەن رووناکبیران پێشوازی لێکراوبوو بەهۆی ئەوە کە بەجدی بیر لە دامەزراندنی حزبەکە بکەنەوە.

حـزب بـەهۆی دەسـتکورتی ونەبوونی داراییـەوە، هـەتا ئێسـتا نـەیتوانیوە رۆژنامەیـەك بلاوبکاتـەوە. بۆیـە تـەنها بەشـێوەی راگەیانـدن هـەوڵ دەدات بیرو بۆچوونەکانی بەخـەڵکی رابگەیـەنێ ئـەویش لەهەنـدێك کاتـدا بـەهۆی ئـەو بەیاننامانەوەیـە کـە تاوتوێکردنی بیروباوەڕی حزبی تێدایە لەگەڵ هەندێك کێشەیتر.



جیـاوازی حزبـی (الخضـر) لەگـەڵ حزبـەکانیتردا، ئەوەیـە کـە فەلسـەفەی سیاسـی خـۆی لـەوەدا دەبینـێ کـە ژینگـە بپـارێزە، بـەپێی نـەریتی بـاو ئـەو حزبـە حزبێکـی سیاسـی نییـە، بـەڵکو سیاسـەتی ئەو پارێزگاریکردنـە لەژینگـە، نـەك دەسـتبخاتە کـاری ئایدیۆلۆژییـەوە،وەك سۆسـیالیزم یـا سـەرمایەداری بۆیـە هـیچ

www.pertwk.com

ناکۆکییەکی لەگەڵ حزبەکانیتردا نییەو هیچ کێشەیەك لە نێوانیاندا پەیدانەبووە. حزب هەرچەندە، چەند مانگێك بەسەر دامەزراندنیدا تێپەڕیبوو، بەڵام چالاکییەکانی خۆی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1990دا ئاشکراکردو هەژدە کاندیدکراوی خۆی بەخەڵکی ناساند ئەگەرچی لەم هەڵبژاردنەدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، ئەمەش بەهۆی ئەمەبوو، کەلەلای دەنگدەران نەناسرابوو، سەرەڕای ئەوەش تەنها پشتی بە ڕووناکبیران بەستبوو، ئەمەش لەکاری حزبایەتیدا زۆر جێی بایەخ پێدان نییە. بەو شێوەیە حزب لە بنەمای فراوانی جەماوەر نائومێد بوو، حزبێك هەموو پێویستە پێکهاتەکەی لەشێوەی هەرەمی بێت واتە لە بنەمایەکی فراوانەوە دەست پێبکات و لەکۆتاییشدا توێژی ڕووناکبیران لەسەروو هەرەمەکەوەبن. هۆی گەیشتنی بیرو بۆچوونەکانی حزب بەجەماوەر پێویستە لەڕێی کۆبوونەوەو ئاگاداریو بەیاننامەکانەوە بێت. بەگشتی بەرنامەکانی حزب خۆیان لەم چەند تەوەرەدا دەبیننەوە:

1. دیموکراسی
2. ئازادی چاپەمەنی

3ـ چاکسازی ئابووریو ئامانجی بنەڕەتی حزبیش پارێزگاریکردنە لە ژینگە.



لەماوەی جەنگی کەنداودا حزب بێ پشوودان لەڕێی بەیاننامەکانی خۆیەوە کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوی دەکردنەوە هەڵوێستی خۆی دیاری دەکرد. لەم ڕووەوە پشتگیری لە هەڵوێستەکانی دەوڵەت دەکرد. سەرۆکی حزب (حەسەن ڕەجەب) باڵوێزی کۆنی میسر بوو لەوڵاتی چین و یەکەمین کەس بوو کە کشتوکاڵی (پاپیرۆس)ی (کە گیایەکی سەردەمی فیرعەونەکانە)- بوژاندەوە.

www.pertwk.com

# بەشی نۆیەم
# حزبی وەفد

حزبە سیاسییەکانی میسر



www.pertwk.com

***1ـ مێژووی دامەزراندنی حزب.***



حـزب وەفـدی پێشـوو جـەماوەرترین حـزب بـوو لەسـەردەمی رژێمـی پاشـایەتی لەمیسـردا، لـەناو بزوتنـەوەکانی جـەماوەری لەساڵی 1919 کە دژ بـەداگیرکردنی ئینگلیزبوون، هاتەکایـەوەو، ئەم حزبە بەناوی }جەلالیبی ئابی)) (کەواشینەکان) خۆی ناساند



}جـەلابیت کـۆی (جلبـاب)ە جـۆرە کەوایەکـە جوتیـارانی میسـر لەبـەری دەکـەن{ و سـەرۆکی ئـەم حزبـە (سـعد زغلـول)بـوو کـە بەناونیشـانی رابـەری هـەژاران دەناسـرا. ئـەم حزبـە چـەند جارێك لـەڕێی هەڵبژاردنـەوە گەیشـتە دەسـەڵات بـەڵام دوای مـۆرکردنی پـــەیمانی ســـاڵی 1936 لەگـــەڵ ئینگلیـــزدا، ئەمـــەیان بـــەداگیرکردنێکی یاســـایی لەقەڵەمـــدا، لـــە جـــەماوەری خـــەڵك جیابۆوەو ناوی وەك بەکرێگیراوێکی ئینگلیز بڵاوبۆوە

لـە سـاڵی 1942 ئـەم حزبـە بەپشـتیوانی تانکـەکانی ئینگلیـز گەیشـتەوە دەسـەڵات، ئەمـەش بـوو بەلەکەیـەکی ناشـیرین‌و هـەتا ئێسـتاش بـەداوێنی ئـەو حزبەوەیـەو لێـی نەبۆتـەوە. لەگـەڵ ئـەم هەڵوێستەشدا، لەمێـژووی ئـەم حزبـەدا رۆڵێکـی گـرنگ بەدیـدەکرا لـە ململانـێ نهێنییـەکانی ناوچـەی کـەناڵی سـویس کـە لەسـاڵی 1951دا روویاندا. ئەم حزبە لەسـەردەمی حـوکمڕانی خۆیـداو لـە بەرامبـــەر نەیارەکانیـــدا ســـوودی لەکوشـــتن‌و بـــڕین‌و ئـــازاردان وەرنـــەدەگرت‌و بـــەکاری نـــەهێنان، ئەمـــەش یەکێکـــە لـــە تایبەتمەندییـەکانی ئـەو حزبـە کـە وای‌لێکـرد لـەکاتی دەسـەڵات‌و حکومەتـــدا لاوازی پێـــوە دیاربـــێ. حزبـــی وەفـــد لـــەکاتی دەسـتپێکردنی چـالاکی سیاسـی خۆیـەوە شـێوەیەکی مەزهـەبی نەگرتە خۆی‌و کارەکانی. دروشمـەکانی ((ئایین لـەپێناوی خـواو نیشـتماندا بـۆ هـەمووان)) و((هـەق لەسـەروو دەسـەڵات‌و میللـەت

www.pertwk.com

لەسەرووی حکومەتەوەیە)) بەرزکردبۆوە. لەسەردەمی بوونیدا چەند جارێك ناكۆكی و جیابوونەوە كەوتە ناو حزبەوە، دەستەی سەرەكی حزب كە لەشەش ئەندام پێك هاتبوو، لەناو ئەواندا تەنها (سەعد زەغلول) موسڵمان بوو، وهەمیشە بەیەك كەناڵی سیاسی دەناسران وزۆربەی مەسیحییەكان هاتبوونە ناو ریزەكانی حزب و لەوێوە دەستیان دابووە چالاكی سیاسی. وهەر لەم كاتەوە هەتا ئێستا ئەم لاوازییە مێژووییە لەحزبی تازەشدا تاڕادەیەك هەستی پێدەكرێت و لەشۆڕشی تەممووزدا كەحزبەكانی هەڵوەشاندەوە حزبی وەفد بەحزبێكی گەندەڵ وخراپەكار تاوانباركراو زۆربەی سەركردەكانی درانە دادگا.

سەردەمێك كە سادات بۆ جارێكی‌تر ژیانی سیاسی لەبەردەم حزبە سیاسیەكانی میسردا كردەوە، یەكێك لەمەرجەكانی چالاكی تازەی حزبەكان ئەوەبوو كە حزبە كۆنەكان نەگەڕێنەوە سەر گۆڕەپانی سیاسی. بەڵام حزبی وەفد بەناوی (حزبی جەدیدی وەفد)ەوە گەڕایەوە سەر گۆڕەپانی سیاسی و هۆی ئەوەش ئەوەبوو كە هەندێك لە نوێنەرانی پارلەمان لە ئۆكتۆبەری ساڵی 1977دا داوایان كرد كە حزبی وەفد بەپێی یاسای پێكهێنانی حزبەكان دروست بكەن. ئەمە داواكارییەكی یاسایی‌بوو، لە شوباتی ساڵی 1978دا دروست بوونی حزبی





وەفد راگەیەنراو، لەماوەی یەك رۆژدا بەگەورەترین حزبی ئۆپۆزسیۆن دەركەوت و ژمارەیەكی زۆر خەڵك بۆ پەیوەندیكردن بەحزبەوە سەرەیان دەگرت و ئەمەش یەكەم حزبێك بوو كە جیا لەنەخشەی حكومەت دروست ببێت.

یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی تری حزب ئەوەبوو كە گروپە جیاوازەكان و باڵە جیاجیاكانی لەناویدا چالاكییان دەنواندو لەوانەش كە وەكو تاكە كەسی پەیوەندییان بەحزبەوە هەبوو، هەندێك لە ئەفسەرانی شۆڕشی تەمموزبوون لەوانە((عەلەوی حافز، سەلاح ئەبو ئیسماعیل و دكتور محەمەد حیلمی موراد)) لە میسری فەتاتەوەو لە وەزارەتەكانی حكومەتی (عەبدولناسر) گروپێك لە فەرماندەی پۆلیس و سوپاو((ئەحمەد خواجا))ی سەرۆكی سەندیكای پارێزەران كە یەكێك بوو لە كەسایەتییە ناسراوەكانی رێكخراوی نەوجەوانانی سەردەمی عەبدولناسرو، هەروەها پاشایەكی كۆن ((ئال سیراجەدین وئال بەدرانی )) سەرۆكی پێشووی سەندیكاكانی سەردەمی پاشایەتی و ژمارەیەك لە وەزیرەكانی سەردەمی پاشایەتی لەوانە (ئبراهیم فەرەج پاشاو عەبدولفەتاح حەسەن)و چەند گروپێكی تر كەمەزهەبی نەبوون وەك گروپی فەرەج فودە[1] و لایەنگرەكانی، وپێشڕەوانی وەفدو، بەشێكی تریش كە باڵی راستی حزبی



[1] لە 1992/6/19 بەدەستی گروپی جیهاد تیرۆركرا.

www.pertwk.com

وەفدبوون و (دكتور عەبدولمحسن حەممودە) نوێنەریان بوو، وگەلێك لە مامۆستایانی زانكۆو، بەتایبەتی مافناسی وەكو (نوعمان جومعە).

حزبی وەفد لەجێگەی هەموو هێزەكان و كۆمەڵی باڵە نەیارەكان هاتەكایەوە، كە نیازیان لە چالاكییەكانیان دژایەتی رژێمی دەسەلاتداربوو، سەرەڕای ئەوەی كە ئەم حزبە بنەمای هەڵگیرسانیبزوتنەوەی ساڵی 1919بوو و، دیموكراسی خوازبوو ولەیادگارەكانی حكومەتی پاشایش بوو. گروپە جیاوازەكان هاتنە پاڵی. ئەندامە كۆنەكانی وەفد بە (وەفدییەكان) ناو دەبران. بەڵام ئەوكەسانەی دوای بوژانەوەی وەفد پەیوەندییان بەحزبەوە كرد ناونران ((بەوەفدبووەكان – المستوفدين)) لەگەڵ ئەوەشدا داخوازییەكانی سەروو وەفد، كەوتە ناو گۆڕەپانێكەوە كە هۆكاری ناكۆكی و جیابوونەوە بوو. حزبی وەفد حكومەتی دیكتاتۆرو نادیمكراتی بەلاوە قێزەون بوو وهەمیشە هێرشی دەكردە سەریان، چونكە بەلایەوە ئەوە دەبوو بەهۆی زیادبوونی هات و هووتی سیاسی، لەم رووەشەوە، رەخنەی لە راسترەوەكان و لە لەسادات دەگرت و پشتگیری جەماوەری هەمیشە لەفراوان بووندا بوو، بۆیە حزبی وەفد، بووە هۆی نارەزایی سادات.

حزبە سیاسییەكانی میسر

لەماوەی نێوان ساڵی 1978 هەتا مایسی 1979 خوولی وەستانی چالاكی حزبەكان بوو لە میسردا، سادات دەستیدایە كاری تووندوتیژی و زۆر بەتوندیش لە راسترەوەكانیدا كەمەبەستی سەرەكیشی حزبی وەفد بوو، لە ئەنجامی ئەم رووداوانە لە رۆژی 2/ حوزەیرانی/ 1978 حزبی وەفد چالاكییەكانی خۆی راگرت.

بەجەماوەربوونی حزبی وەفد، ساداتی دڵگران كرد، ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی كە حزبی پێشووی گەل بژێنێتەوەو پەنای بردەبەر رابردوو وریشەی مێژوویی ئەم حزبە تاوەكو لەرێگەی پشتیوانی كەسانێك كە لەرابردوودا پەیوەندییان هەبووە، بەلای خۆیدا رایانبكێشێت.

لەلایەكیترەوە سادات فرمانی بە (ئیبراهیم شوكری)دا كەحزبی سۆسیالیستی كار دروست بكات وەك درێژە پێدانێك بۆ (حزبی فتاه). بەم شێوەیە كایەی چالاكی حزبەكانی بەبێ ئامادەبوونی حزبی وەفد پەرەی سەند، لەكاتێكدا ژمارەی ئەندامانی حزب لەكاتی وەستانی چالاكییەكانی نزیكەی (50) هەزار ئەندام دەبوون كە لەناویاندا هەبوو تەنها دوو مانگ بوو پەیوەندی بەحزبەكەوە كردبوو، هەر لەوكاتەشدابوو كە(24) كەس لە ئەنجومەنی گەلدا ئەندامی حزبی وەفدبوون.

www.pertwk.com

**کاتێ موبارەك دوای تیرۆرکردنی سادات لەساڵی 1981دا دەسەڵاتی کەوتە دەست کەسایەتییە نەیارەکانی، لەوانە رابەرەکانی حزبی وەفدی ئازادکردو. لە کۆشکی (عابدین) موبارەك پێشوازی لێکردن‌و لەپێناو هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوی لەژیانی سیاسی میسردا، هاوئاهەنگی پەیدا بوو وبەپێی حکومێکی یاسایی وەفد سەرلەنوێ هاتەوە ناو گۆڕەپانی سیاسییەوە.**

**دوای پێك هاتن لەگەڵ ئیخواندا، وەفد بۆیەکەمجار لەهەڵبژاردنی مایسی ساڵی 1984دا بەشداریکردو لەم هەڵبژاردنەدا (57)کورسی بەدەست هێنا. بەڵام حزبی کارو ئەحرارو تەجەمموع لەبەر ئەوە کە لە(8٪)ی دەنگیان بەدەست نەهێنا، هیچ کورسییەکیان دەست نەکەوت.**

**ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی بەم شێوەیە بوو:**

1. حزبی گەل 3.7 ملیۆن دەنگ.
2. حزبی وەفد 778 هەزار دەنگ.
3. حزبی کار 364 هەزار دەنگ.
4. حزبی تەجەمموع 214 هەزار دەنگ.
5. حزبی ئەحرار 33هەزار دەنگ.




### ***2. جیابوونەوەو رووبەروو بوونەوە.***

**سەردەمێك کە وەفد چالاکییەکانی خۆی وەستاند، لەناو ریزەکانیدا چەندین جیابوونەوە روویاندا.**

**پێشڕەوەکانیان بە رابەرایەتی (دکتور عەبدولحوسێن حەمودە)وباڵە نامەزهەبییەکان کەوەك نیشانەیەك لە هاوکاری وەفد لەگەڵ ئیخواندا بەنیازبوون حزبێکی سەربەخۆ دروستکەن، بەڵام بەئاشکرا، دەرکەوت هەتا ئێستا لە دامەزراندنی ئەو حزبەدا سەرکەوتوو نەبوون‌و هەروەها (ئیبراهیم تەلعەت‌و کەمال خالید) لە حزب چوونە دەرەوە لەپێناو دامەزراندنی حزبێك بەناوی (حزبی وەفدی پارێزگاران) هەنگاویان هەڵگرت.**

**بەنیازی بەشدارکردنی ئیخوان لە کۆبوونەوەیەکی بزوتنەوەی ئیسلامی لە مزگەوتی (النور)دا بۆ بانگەوازی جیبەجێکردنی شەرعیەتی ئیسلامی، (سەلاح ئەبو ئیسماعیل)وئیخوان لەحزبی وەفد رووبەرووی یەکتری بوونەوە. ئەم کارە بوو بەهۆی چوونە دەرەوەی ئیخوانەکان لەناو حزبی وەفداو لەناو وەفدەکانیش گروپێك بەرابەری (فواد سراجەدین) ، وبەناوی ئەفسەرە ئازادەکانەوە لە حزب چوونە دەرەوە، ناویان لەخۆیان نا وەفدە ئازادیخوازەکان. وەفد لەساڵی 1990دا (43) کەسی لە ئەندامانی خۆی بەهۆی سەرپێچیان لەو پەیماننامانەی لەحزب**

www.pertwk.com

دەرچووبوون بۆ بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردندا دەکرد کە (11) کەسیان لەوانە ئەنداماني دەستەی پارلەمانی وەفدبوون‌و دووکەسی‌تر (( عەلەوی حافزو مونا موکەرەم عوبید)) ئەندامانی شورای باڵای وەفدبوون. لەحزبی وەفدا لەنێوان رابەرە تازەکان‌و رابەرە کۆنەکان روو بەروو بوونەوە دروستبوو، ئەم پێداهەڵپژانە لەدژی کاری دەسەڵات‌و لایەنگیری کۆمەڵایەتی‌و چۆنیەتی ئەنجامدانی چالاکی سیاسی‌و، بەپلەی دووەمیش پێداهەڵبژانی نێوان لایەنگرانی رابەرە تازەکان بووو، ئەم دەرگیریانە ئاراستەی کارەکانی حکومەت دەکران، بەڵام هەندێ کات رووێکی کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە دەبینی، وا دەهاتە بەرچاو کە ناکۆکی نێوان لیبرالیزمی سیاسی‌و ئابووری نێوان خاوەن بەرژەوەندییەکان لەناو حزبدا، لە چەمکێکی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوتن، کە کارلێکەری تاکەکەسی رۆڵی سەرەکی تێدا دەبینی.

سەردەمێك کە حزبی وەفد دەستی بەنواندنی چالاکی کرد، لەپەیڕەوی کاتی ناوخۆیدا، ئاماژە بەوە کرابوو سەرۆکی حزب کە (فواد سراجەدین) تایەك ساڵ سەرۆکایەتی لەئەستۆدا بێ، بۆ ئەوەی بنیات نان‌و ریزی ریکخراوەکان بەهێز بکات، دوای ئەوە بەناونیشانی باوکی رۆحانی حزب بمێنێتەوە، بەڵام فواد سراجەدین تا ئێستا لەپۆستی سەرۆکایەتیدا ماوەتەوەو یاسای





حزبی گۆڕی بەپشتیوانی هەندێ لە ئەندامە کۆنەکان‌و لەناو ریزەکانی‌حزبدا جۆرێك لە دیکتاتۆری سەپاند.

گرنگترین کەسێك لەوەفدییە کۆنەکان کە پارێزگارییان لە(فواد سراجەدین)کرد و بەنیازبوون لەدوای ئەوبین بەسەرۆك، ئەوانیش (یاسین سراجەدین)ی برای‌و، (ئیبراهیم فەرەج) سکرتێری گشتی‌و (عەلی سەلامە)ی پارێزەرو (فواد بەدراوی) کە سکرتێری تایبەتی (سراجەدین) بوو وکچەکەیشی خواست‌و بوو بەزاوای.

کۆمەڵێك لەرابەرە گەنجەکان کە (دکتور نوعمان جومعە) رابەریان بوو، ئەویش لە کەسایەتیە بەهێزەکانی وەفد بوو سەرۆکی زانکۆی یاسابوو لەقاهیرەو جێگری سەرۆکی حزب بوو ولەلایەن وەفدییە رەسەنەکانەوە پارێزگاری لێدەکراو زۆربەشیان پارێزەربوون، وبەشێکی زۆری پێکهێنەرانی حزب بوون‌و چاوەڕوان دەکرا، دوای چۆڵبوونی پۆستی سەرۆکایەتی باشترین کەسێك ئەوبێ ئەو پۆستە پڕبکاتەوە. لەسەرەتای حوزەیرانی ساڵی 1989دا یەکەمین کۆنگرەی گشتی حزب بەسترا، ((50))کەس بوون بەئەندامی باڵای شوراو (10) کەس لە لیژنەی ناوەندیدا دەستنیشان کران. تایبەتمەندی گرنگی ئەنجامی هەڵبژاردن، زاڵبوونی تەواوی نەوەی لاوان لەشورای باڵاداو هاوسەنگیەیەك لەنێوان رابەرە کۆنەکاندا لە لیژنەی ناوەندیدا بەدیدەکرا. ئەنجامی هەڵبژاردنەکان نەبوو بەهۆی لەیەکتر

www.pertwk.com

هەڵپژانی رابەرەكان سەبارەت بەجێنشینی رابەری حزب، لایەنە گرنگەكان، پابەندی هەڵوێستی خۆیان بوونو گومانیش لەوەدا نییە كەپێشینەی مێژوویی كەسێتی (فواد سراجەدین)هۆی سەرهەڵ نەدانی دەرگیریو جیاوازی ناو حزب بوو.

(فواد سراجەدین) تەمەنی خۆی لە (80) ساڵیدەداو، تواناو شایستەی ئەو لەئاستی پێویستدا نەمابوو، بەڵام هەموو لایەنەكانی، بەلادانی ئەو رازی نەبوون. (فواد سراجەدین) بۆ توانای دەسەڵاتی خۆیو مانەوەی لەپۆستی سەرۆكایەتیدا، پەیڕەوێكی تازەی دانابوو. بەپێی ئەو پەیڕەوە سەرۆكی حزب بۆی هەبوو ئەندامانی لیژنە حزبیەكانو نووسینگەكان دابنیٚوسەرۆكی كۆمیتەكان لەناوەندو شارۆچكەكاندا دابمەزرێنیٚ. ئەم ماددەیە پێچەوانەی پەیڕەوی كۆن بوو كە لەرۆژی (27) حوزەیرانی 1986دا گۆڕاو. بەپێی پەیڕەوی پێشوو ئەندامانی كۆنگرەی گشتی تەنها لەناو ئەندامانی دامەزرێنەری حزبدا هەڵدەبژێردران كە ژمارەیان (224) ئەندامە، یان ئەو كارمەندانەی لە حزبدا ئیش دەكەن. بەم شێوەیە (سراجەدین) بەئارەزووی خۆی لەناو كۆنگرەی گشتی حزبدا هەڵدەسووڕا. لەپەیڕەوی ناوخۆی حزبدا شورای باڵا لە (50) ئەندام پێك دەهات كە ئەمەش لەڕێی كۆنگرەی گشتیەوە بەهەڵبژاردنی نهێنی بۆ ماوەی (5) ساڵ هەڵدەبژێردران. تازە



حزبە سیاسییەكانی میسر

كردنەوەی ماوەی ئەندامێتی ئەوانە بۆ ماوەی (5) ساڵ یان زیاتر رێی پیٚدرا، شورای باڵا لەنێو ئەندامانی خۆیدا سیٚ جێگری سەرۆكو سكرتێرێكی گشتیو چوار یاریدەدەری سكرتێری گشتی لەگەڵ لێپرسراوی داراییو جێگرێك هەڵدەبژێرێت.

بەپیٚی ئەو بڕیارانە (50) ئەندامانی شورای باڵا لە 13/ تەمموزی ساڵی 1989دا هەڵبژێردران كە لەسەرەوویی هەموویانەوە (ئیبراهیم فەرەج)بوو كە پیاوێكی مەسیحیولەسەردەمی پاشایەتیدا وەزیربوو. بۆ ئەمە زۆرترین دەنگی بەدەست هێناو بەرای گشتی بۆ سكرتێری گشتی هەڵبژێردرا.

لەشورای باڵادا (ئەحمەد ئەبازەوعەبدولحەمید حەشیشو نوعمان جومعە) بەناونیشانی جێگرانی (فواد سراجەدین)ی سەرۆكی حزب دیاریكران. وجێگرەكانی سكرتێری گشتی بریتیبوون لە (عەلی سەلامەو دكتور ئیبراهیم دەسوقیو كەرەم زێدانو فواد بەدراوی)و هەروەها (دكتور عەبدولقادر شەناوی) بەناونیشانی خەزنەدار دەستنیشان كرا.لە دواییدا (دكتور حەشیش) جێگەی ئەوی گرت كە بەپۆستی یاریدەدەری سەرۆك هەڵبژێردراو (دكتور خاتو مەكرەم عوبێد) بە ئەندامی شورای باڵا هەڵبژێردرا. ئەمەش پەنایەكی دروستكرد بۆ پارێزگاری دیانەكان لەشورای باڵادا، (دوای ئەوە كە لەلایەن سەرۆك



www.pertwk.com

کۆمارەوە بەنوێنەری ئەنجومەنی گەل دامەزراو ئەمەشی پەسەند کرد) لە شورای باڵا دوورخرایەوە چونکە بەپێی بەیاننامەی حزب نەدەبوو کەسێك لە ئەنجومەنی گەلدا بەشداری بکاتو یان حوکمی دامەزراندن پەسند بکات.

ئێستا، لەم کاتەدا( فواد سراجەدین) بەلێکدانەوەی کاری کۆمیتەکانی حزبەوە، خەریکەو هەوڵدەدا بۆ پێکهێنانی کۆنگرەیەگی گشتی کە زۆربەی لایەنگرەکانی خۆی تێیدا بەشداربن نەك نەیارەکانی، بۆ نموونە پێشڕەوانی وەفد یان کۆمەڵەی وەفدییە ئازادەکان. کێشەیەك کەلەو کاتەدا ڕووبەڕووی (سراجەدین) بووەتەوە، نەبوونی کەسانی چالاکی ئەوتۆیە کە بەبێ پێشڕەوەکانی وەفد، یان نەیارەکان بتوانن ئەم کۆنگرەیە پێك بهێنن تاوەکو بەئارەزووی خۆیان سەرۆکی حزب شورایەکی باڵا دروست ببێ.

ئەم هەوڵو تەقەلایەی( سراجەدین) بۆ ڕێگرتن لە پێشکەوتنی پێشڕەوەکان ئەنجامیدا سەبارەت بەتێکدانی شورای باڵا ئەویش بەپێی بەرزکردنەوەی داوایەکی یاسایی، پێشڕەوانی وەفد بوو، سەبارەت بەپێکهێنانی کۆنگرەی گشتی پێشوو وقۆناغەکانی ئەندامانو ئاشکراکردنی ئەنجامەکانی وەك بەڵگە بەدەستیانەوە بوو ولایەنەکەی تریان بەپووچەڵ دەزانی. وپێشڕەوان لە داواکەی خۆیاندا سەرۆکی حزبییان تاوانبار دەکرد کە ژمارەی





نوێنەران بۆ دەنگدان لەلایەن خۆیەوە بڕیاری لەسەردابوو کە ئەوەش کاری دەکردە سەرتێکدانی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن.

### 3ـ بەرنامەی حزبی وەفدو گۆڕانکارییە ئایدیۆلۆژییەکان

بەرنامەی حزبی وەفد، ئەوەی کە دیاربوو، بەئاشکرا لە بەرامبەر شێوەی سیاسی ڕژێمو دەسەڵاتدا بەتایبەتی لەزەمینەی ناوخۆدا، بەوریاییەوە هەڵسوکەوتی دەکرد، لەبەرنامەی خۆیدا کە پشتگیری لێکرابوو، سەرەتاکانی شۆڕشی 1952و لەگەڵ مایسی 1971ی پشتگوی خستبوو، سەرەڕای ئەوەش سووربوو لەسەر گۆڕینی ڕژێمی حکومەتی سەرۆکایەتی، تاوەکو ڕژێمێکی پارلەمانی بێتەکایەوەو سنوورێك بۆ دەسەڵاتی سەرۆك کۆمار دابنرێت.

وتەبێژانی وەفد لەو سەردەمەدا، لەسەرووی هەموویانەوە، (فواد سراجەدینو عەبدولفەتاح حەسەنو دکتور حیلمی موراد) ئەو (کاتی لەکارکەوتنی حزبی وەفد پەیوەندی بەحزبی کارەوە کرد)و (ئیبراهیم فەرەج) سکرتێری گشتی بڕیاریان دا حکومەتی سادات بخەنە ژێر فشارو ڕەخنە گرتنەوە. ورژێمەکەیان بەدیکتاتۆریو زۆردار ناودەبرد. وداوای دیموکراتیو بەرفراوان ئازادی چاپەمەنییان دەکردو، حکومەتیان لەئاستی چارەسەری کێشە ئابوورییەکاندا بەبێ توانا ناو دەبرد. سەرباری ئەوەی

بەرنامەی حزب لەپێشەوە بایەخی بەچاکسازی سیاسیو یاسایی دەدا، بەناونیشانی ئەوەی کە ڕێچارەیەك بۆ کێشەی ئابووریو کۆمەڵایەتی دەدۆزێتەوە، خۆیان بە ئازادی ئابوورییەوە دەبەستەوە. بەڵام حزب وردە وردە، بۆ واڵاکردنەوەی باری ئابووریو کاری بانکەکانی دەرەوەو کۆنترۆڵکردنی نرخەکانیان هەنگاوی هەڵگرت ولەرووی بڵاوکردنەوەی گشتیو لەزەمینەی ستراتیژییەکان پارێزگاری کردو بۆ پەروەردەکردنو لەپێناو دابین کردنی شوێنی نیشتەجێبوونیخەڵکی لەلایەن دەوڵەتەوە پێدادەگرت.



حزبی وەفد لەهەڵبژاردنی ساڵی 1987داو هەروەها لەساڵی 1984یشدا بەرنامەی کاری خۆی ئاشکرا نەکرد، لەراستیشدا هەردوو بەرنامە،کەوەفد دیاریکردبوون، بەرنامەی گشتی، یەکەمیان ئەوەبوو کە لەساڵی 1977دا لەبارەی دامەزراندنی حزبەوە دابووی بەکۆمیتەی حزبەکانو دووەمیشیان کە دوابەدوای یەکەمدا چەند گۆڕانکاری تێدا کردبوو، بەبێ گۆڕینی سەرەتاکانی بیرو بۆچوونیان، ئەوەش لەساڵی 1984دا دەرچوو. بەپێی خوێندنەوەی بەرنامەی دووەمی حزب کە ساڵی 1984 دەریکرد لەواقیعدا بەرنامەی ساڵی 1987 لێیەوە نزیك بوو وزیاتر لەیەکتری دەچوون کە بەهۆیانەوە دەگەینە ئەم ئانجامانە:

حزبە سیاسییەکانی میسر

یەکەمین بەرنامەی حزبی لەئێستاو رابردوودا کەبایەخی پێبدرێ سەبارەت بە ئازادییە گشتییەکانو گۆڕانکاری یاساییەکە، ئەمە گەلێك کاروبار دەگرێتەوە، وەکو: هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارو یاریدەدەری لەڕێی هەڵبژاردنی راستەوخۆوە، لەنێو کاندیدکراوەکانیدا، بەشێوەیەك کە هەر دانیشتوانێك مافی سیاسی تەواوی هەبوو، بتوانێ خۆی کاندید بکات.

نزم بوونەوەی سنووری یاسای فەرمانڕەوا لەناو ئەنجومەنی گەلدا سەبارەت بەباوەڕپێدان بە دەوڵەت، دەسەڵاتی تەواو بدرێتە دەست ئەنجومەن، کەدەبێ موتابقی ئەو وەزیفەیەبێ کە لەسەر شانییەتی. نەگۆڕین لەنێوان ئەندامان لەناو ئەنجومەنی میلliو بوونی کاری دەوڵەتی یان کار لەکەرتی گشتی، وهەڵوەشاندنەوەی مادەی(74)ی یاسایی بنچینەیی کە بەهۆیەوە لەکاتێکدا مەترسییەك کەوتە سەر یەکێتی گەل یان دامەزراوەکانی دەوڵەتی سەرۆکی کۆمار بۆی هەبێ. بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەو حاڵەتە حاڵەتی نائاسایی رابگەیەنێ هەروەها ئەم بەرنامەیە، بانگەوازی پشتگیری پایەکانو بنەماکانی دیموکراسی دەکاتو. شێوەی هەڵبژاردنێك کە بریتی بێ لەزۆرینەیەکی رەها لەبەرامبەر شێوەی رێژەیی رەتدەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش سەربەخۆیی یاساو دەسەڵاتدان بەکاری



www.pertwk.com

یاسایی، بۆ ئەنجومەنی شوراو رەتکردنەوەی هەموو ئەو یاسا نائاساییانەو سنووردانان بۆ چاپەمەنیشدەخاتە دواوە.

سەبارەت بەکاروباری ئایینی، حزبی وەفد لەپێش هەموو کارەکانیەوە بایەخی پێدەداو، ئەم بابەتە پێش ئەوەی لایەنگیری بنەرەتی وەفدبێت، بۆخۆی کارێك بوو لە مەرجە سیاسییەکانی هەڵبژاردن لەو سەردەمەدا دەهاتە هەژمار، هەروەکو لە دەستووردا، ئاماژەی پێکراوە کە ئاینی ئیسلام سەرچاوەی یاسادانانە، لەبەرنامەی وەفدا بەشێوەیەکی کورتکراوە دەڵێت: (ئەم دەقە باشترین یەکخستنە بۆ یەکێتی گەلو ئارامی کۆمەڵایەتی)و لەدوای ئەوەش رستەیەکی تریش هاتووە دەڵێت: (ئیسلام مافی خاوەنەکەی دەپارێزێ ئەگەرچی خاوەن ماف ئیسلامیش نەبێ..) شایەنی باسە ئەو دەقە لەسەردەمی ئیئتیلافی وەفدو ئیخواندا بۆ هەڵبژاردنی ساڵی 1984 خرایە بەرنامەی هەڵبژاردنەوە.

بەڵام لەبەرنامەی ساڵی 1978دا، بارودۆخ جۆرێکی تربووو، هەڵوێستێکی تر هەبوو: (حزب باوەڕی وایە کە ئایینی ئیسلام پێویستە لەوڵاتدا سەرچاوەی یاسابێ. لەیاسای بنەڕەتی میسردا سادات ئەو رستەیەی بەو شێوەیە گۆڕی: (ئاینی ئیسلام سەرچاوەی بنەڕەتیو پلەیەکی یاسادانانە) بەم شێوەیە سادات لەبەرامبەر بەرنامەی وەفدا جەختی لەسەر یەکێتی گەل دەکرد



بەتایبەتی لەنێوان موسڵمانانو دیانەکانداو، ئەمە بۆ موسڵمانان پارێزگارییەکی تایبەتبوو، وبەبڕوای وەفد ئەم یەکێتییە بەرهەمی بزوتنەوەی میللی ساڵی 1919بوو. بەڵام بەرنامەی ئایینی لەلای وەفد پەیوەست بوو بە بایەخدانی پسپۆرانی کلتووری ئاینیو پەروەردە, لەرووی پێگەیاندنی باوەڕە مەزهەبییەکانەوە، بەخەڵکەوە تایبەت کراوە، بەم شێوەیەش لەدەزگا راگەیاندنەکاندا نەخشەیەکی تایبەتی لەبەرچاو گرتبوو. بەراوێژکارییو پشتیوانی کردنیان لەلای وەفدەوە، قسەکردنو راگەیاندنو رێنمایی ناو ئەزهەرو تازەکردنەوەی سازمانی زانایانی گەورە، جێی پشتیوانیکردنو پارێزگاری جزب بوون. حزبی وەفد باوەڕی وایە کە پەیماننامەی کامپ دیڤید لەبنەرەتدا بێپایەو بێ بابەتی خۆی، هەر لەسەرەتاوە لەدەست داوەو. هەروەها ئیسرائیل کەخۆی وابەستەی پەیمانەکە نییە نابێ چاوەڕوانی ئەوە بێ کە میسر بڕیارەکانی ئاشتی جێبەجێ بکات.

وەفد لەبەرنامەی خۆیدا داواکاری پەیوەندی سەرانسەری عەرەب بوو لەگەڵ میسردا. یەکێتی عەرەبەکانو فراوانکردنی پەیوەندی میسر بەجیهانی ئیسلامییەوەو پێویستیرێگاچارەی هەمەلایەنەو عادیلانەی بۆ کێشەی فەلەستین پەسەندەکرد، ئەو بەرنامەیە داخوازی باشبوونو پێشکەوتنی میسرو سۆدانو

www.pertwk.com

پەیوەندی میسرو ئەفریقیاو سیاسەتی بێلایەنەو نەخشەی سیاسی میسری بەئاراستەی بەرژەوەندییەکانیدا والاَدەکرد.

لەڕووی ئابوورییەوە پێویستە ئاماژە بەوەبکرێت کە تایبەتمەندی لیبرالی رووتو ئاشکرای نییە. هۆی ئەوەش ئەوەیە لەکاتی دانانی ئەم بەرنامەیە، جەختکردن لەسەر تایبەتمەندی لیبرالیزم دەبوو بەهۆی لەدەست چوونی جەماوەری حزب، ئەوەتا لەپێشەکی بەرنامەدا، جەخت لەسەر ئەوە دەکات:

(سۆسیالیزم بەناونیشانی سیستمێکی ئابووریو کۆمەلاَیەتییەو لێی لانادەینو لەرووی ئابووریو کۆمەلاَیەتیو دارایی بۆچینە چەوساوەکانو جوتیارانو کرێکاران لەبەجێهێنانیدا چاوپۆشی ناکەین)

لەم بەرنامەیەدا، والاَکردنی ئابووری بەپێی بڕیارێك کە سەرکەوتن زامن بکات پشتگیری لێدەکراو لەم بەرنامەیەدا چالاکی بانکە دەرەکییەکان لەمیسردا جێی رەخنەبوو. بەلاَم لەڕووی کەرتی گشتییەوە حزب داواکاری کارگێڕییەکی راست بوو. لەسایەی مەرجەکانی ئابووری رێكوپێکدا تاچاو بەوکۆمەڵە گیروگرفتانەدا بخشێنرێتەوە کە خرابوونەسەری. وداواکاری هاندانی کەرتی تایبەت بوو بۆکارکردن لەناو ئەو چالاکییانەی کە بەشێوەیەکی دڵنیاو ئارام دوور لەهەرشێوە تەنگو چەڵەمەیەك بەڕێوە بچێت.





واقیعەت ئەوەیە کە لەشیکارێکی ئاساندا لەبەرنامەی 1984ی وەفددا ئەم دەرئەنجامانە دەست گیر دەبن کە دەڵێت ئەم بەرنامەیە، تیشکدانەوەی فەلسەفەی تەواوی لیبرالیزم نییە. بەلاَم هەندێ چاکسازی لیبرالی لەبەرچاوگرتووە. ئەم بەرنامەیە زیاتر لەوەی کە داواکاری گۆڕانکاری ریشەکێشی بێ. هەر لە چوارچێوەی باردۆخی باودا بوو، بەشێوەیەك کە لەئابووری بازاڕو دەستپێشخەری تاکە کەسی، نەخشەی بەرچاو دەخست. بەرنامەی ساڵی 1987ی حزبی وەفد لەبارەی پێداویستی پێشکەوتنی سیستمی بەرهەم هێنانو کۆنترۆڵکردنی نرخی کالاَ–وەك لێدوانێك کە هاوتەرتیب بێ لەگەڵ شێوەی ناسیونالیستیو بایەخدان بەکاروبارە سەرەکیەکان، کە ئەمە پێچەوانەی بەرنامەی یەکەمیانە. لەم بارەیەوە بەندێکی دوورو درێژو سەرەکی بۆ ئەم بابەتە داڕشتبوو. لەوانەیە گرنگترین داخوازی کە لەبەرنامەی دووەمدا هاتووە تایبەتمەندی سەرمایەداریو والاَکردنی ئابووری بێ. لەکاتێکدا والاَکردنی ئابووری لەبەرنامەی پێشوودا خاڵی حەوتەم بوو. بەم شێوەیە ئەم بەرنامەیە سیاسەتی ئابووری راگەیەنراوی وەفدی زیاتر ئاشکراکردو بەسروشتی ئەو هێزانەی کە حزب لایەنگری بوون هاوئاهەنگی زیاتر هەبووو، وەفد لە هەر سەردەمی رابردوودا زیاتر، دەستی بەهاوئاهەنگی دروشمو بیرەکانی لیبرالی خۆیکرد.



www.pertwk.com

لەداواکاری چاکسازی سیاسی لەرژێمداو دامەزراندنی کۆڵەکەکانی دیموکراتی، ئەم سیاسەتانەی ئاشکراکردو، دیارکەوتووترین هەڵوێستێك کەبووە هۆی پتەوبوونی پشتگیری، ئەوەبوو رازی نەبوو بەهەڵبژاردنەوەی سەرلەنوێی (موبارەك) بۆ سەرۆکایەتی کۆماریو (سراجەدین) لەم بارەیەوە وتی:

(ئەم بڕیارە پەیوەندی بەکەسایەتی (موبارەکەوە) نییە بەڵکو پەیوەندی بەسیاسەتی گشتییەوە هەیە.)

هەروەها وتی:

(ئێمە لەگەڵ سیاسەتی عەرەبیو دەرەوەدا لەگەڵ موبارەکدا یەکین بەڵام لە سیاسەتی ناوخۆدا بەتەواوەتی ناکۆکین. هەڵوێستی ئەمڕۆی ئێمە هەڵوێستێکی تازە نییە بەڵکو درێژە پێدانی بیرو بۆچوونمانە، کە هەمووکاتێ بەرنامەی وەفد بەرەوپێشەوە دەڕوات. ئێمە داوای لابردنی یاسای نائاسایی (عورفی)و جێبەجێ نەکردنیدەکەینو هەروەها دانانی یاسای دەستووری تازە کەجەخت لەسەر دەسەڵاتی جەماوەرو پارێزگاری لە دیموکراسیەت بکاتو، ئێمە داوامانکردبوو، کە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار لەرێی هەڵبژاردنی ئازادو راستەوخۆوە بکرێت نەك لەرێی ریفراندۆمەوە ئەنجامدرێتو هەروەها داوامان کردبوو، ئەم داواکارییەمان بە درێژایی خوولی یەکەمی سەرۆکایەتی کۆمارییەوەو لە خوولی دووەمیشدا هیچ هەڵوێستێك لەبەرامبەر داواکارییەکانمان دیاری نەکرا.)

بەیاننامەی راگەیاندنی وەفد بۆ پێویستی چاکسازی سیاسیو جەختکردن لەسەر چاکسازی بنچینەییو یاسای





هەڵبژاردنو داواکردنی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی گەلو رەخنەگرتن لە شێوازی پاڵاوتنو هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار خرابووەروو، بەتووندی هێرشی کردبووە سەر (زەکی بەدر)ی وەزیری دەوڵەتو هێرشیشی کردبووە سەر شۆڕشی تەممووزی ساڵی 1952.

### *4. چالاکییەکانی پارلەمانی حزبی وەفد:*

نوێنەرەکانی وەفد لە پارلەمانی ساڵی 1984دا سەرکەوتوانە، رۆڵی بەرجەستەو دیاریان لەبەرامبەر نوێنەرە دامەزراوەکانی حزبی، دەسەڵاتدارو حزبی کاردا بینی. وەفدییەکان وەك ئۆپۆزسیۆن کە ژمارەیان زیاتر لە (50) نوێنەر بوو لەئاستی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەن (دکتور رەفعەت مەحجوب) دا بەبیانووی ئەوەی کە بەدامەزراندن، دانرابوو نارازی بوونو، ئەو هەڵوێستە چەند جارێك دووبارەبووەوە، وەفد لەبارەی دەرچوونی یاسای تازەی کەسایەتیو رەگەزنامەو ولەبارەی روداوی فڕاندنی فڕۆکەی میسرییەوە، لەگەڵ دەوڵەتدا هاوڕابوو. وەفدییەکان پشتیوانی بەیاننامەی دەوڵەتیان کردو پێشنیازی چەند یاسایەکیان کرد کە هەندێك لەوانە پەیوەندی بە تۆمارکردنی یاساییەوە هەبوو، لە ناو ئەواندا: پێشنیازێك بۆ بەردانی ئەو زیندانیانەی کە بەبیانووی شێواندنی ئاسایشی کێشوەرەوە



www.pertwk.com

زیندانی کرابوون، پێشنیازی لەدادگایی نەکردنی هاونیشتمانی مەدەنی لە دادگا سەربازییەکانو پێشنیازێك بۆ هەڵوەشاندنەوە دادگای تایبەتیو. پێشنیازێکیش بۆ ڕێگرتن لە لێپرسراوانی پایەبەرز لە وەرگرتنی دیاریدا، کە نرخی لە (50) جونەیی زیاتربێ، ئەمانەو گەلێك پێشنیازیتر. گرنگترین بابەتێك کە ئۆپۆزسیونی وەفد، لەدژی دەوەستا، بابەتی ڕوونکردنەوەی سیاسەتی دەوڵەت بوو لەجێبەجێکردنی وزەدا، چونکە بنیاتنانی وێزگەی وزەی ئەتۆم پێویستی بە سەرمایە ویارمەتی دەرکی بوو. وەفد ئەمەی بەکارێکی دژوار دەزانی چونکە توانای میسری لەم زەمینەیەدا بەرەو ژوور دەبردو کە دەبووە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی گشتی. سەرەڕای ئەوە سەرچاوەیتر لەجێی وزەی ئەتۆم بۆدابینکردنی وزە لەناو دەوڵەتدا هەبوو. ڕوونکردنەوەی دووەم تایبەت بوو بەدواکەوتنی هەڵبژاردنی پارلەمان. نوێنەرانی ئیخوان لەناو وەفددا بابەتی شەرعیەتی ئیسلامیان هێنایە گۆڕێ کە پێویستی بەدانیشتنی پارلەمان بوو، گروپی پارلەمانی وەفد لەساڵی 1987دا ڕۆڵی خۆیان بەباشی بینی. بەیاننامەی دەوڵەت لەشوباتی 1989دا، بەرنامەی ئەوانی لەبارەی هاوسەنگییەوە، لەو ساڵەدا خستە دواوەو لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شورادا بەشداریان نەکرد. (تەلعەت ڕۆسلان)ی نمایندەیان هەوڵیدا لە ئەنجومەندا لەمپەرێك لەبەردەم قسەکانی





وەزیری دەوڵەت دابنێو ئەنجومەن پشتگیری لێکرد. وەك دەڵێن وەزیری دەوڵەت لەوتارەکەیدا دوای نیشاندانی کاسێتێکی ڤیدیۆیی کە پەیوەست بوو بەڕۆژنامەنووسێکەوە بەناوی (ئەیمەن نور) کە لەڕۆژنامەی وەفد کاریدەکرد پڕبوو لەسوکایەتی کردنو خراپ باسکردنی ڕابەرانی وەفدو هێرشی کردبوە سەر هەموویان (ئەیمەن نور) لەو کاسێتە تەلەفزیۆنییەدا ڕاگەیاندنێکی خستەبەرچاو کە کەسایەتی (سراجەدین)ی لەکەدار دەکرد.

ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی (تەلعەت ڕۆسلان) ڕێ لە بڵاوکردنەوەی ئەو کاسێتە بگرێتو بەرپەچی قسەکانی وەزیری کیشوەر بداتەوەو بیوەستێنێو سەرکەوتووانە لەڕوویدا بوەستێتەوەو، وەڵامی بداتەوە. ئەم ڕووداوە بوو بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەندامێتی (ڕۆسلان) لە پارلەمانداو وەفدیش ئەم کارەی تاوانبارکرد, وەفد دەربارەی دەرنەچوونی حوکمی قەزایی تایبەت بە (78) کەس لە نوێنەرانی ئەنجومەن کە لەساڵی 1978دا ببون بە ئەندام مەحکوم کردو گروپی پارلەمانی وەفد لە ڕاپێدانی خۆیدا بۆ بەرژەوەندی سۆسیالیستەکانی جیهان دەنگی نەدا.

لەناو گرنگترین بابەتە سیاسییەکاندا کە نوێنەرانی وەفد لەپەرلەمانی ساڵی 1987–1990 پێشکەشیان کرد، دەتوانین پێشنیازی چاککردنی یاسای سزادان سەبارەت بەکەسانێك



www.pertwk.com

بەیاسای پێشوو زیندانی کراون وهەر لەژێر ئەشکەنجەدا ماونەتەوەو، چەند نموونەیەکیلەم بارەیەوە باسکردو پێشنیازی چاککردنی خەرجی دەوڵەتو، کەم کردنەوەی ماوەی خزمەتی کارمەندی بۆ کەسانێك کە قۆناغەکانی خوێندنیان نەبڕیووە، کردو لەگەڵ ئەوەشدا رێکخستنی پەیوەندی نێوان خاوەن موڵكو کرێچی، وپێشنیازیشی کردبوو کە لەبودجە دەوڵەت سندوقی دەرمان دروستبکرێت، زۆربەی ئەو پێشنیازانە لەلایەن وەفدەوە پێشکەش کران. وەفد هەمیشە داواکاری پێکهێنانی وەزارەتێك بوو بۆ کاروباری ژینگە لەگەڵ ئەوەشدا هاوئاهەنگی نرخ یبازاڕو مووچەی خستبووە بەرنامەکانی خۆیەوە.

وەفد چەندین روونکردنەوەی ئەنجام دا، گرنگترینیان ئەو روونکردنەوەیە بوو کە لەلایەن (عەلەوی حافز)ەوە دەربارەی گەندەڵی ئاشکراکرابوو ئەو دەوڵەتی بەسەرپۆشکردنو پارێزگاریکردنی لەلایەن پیاوانی ئاسایشەوە تاوانبارکرد. وناوی گەلێك کەسیشی هێنابوو لەناویاندا کەسانێك هەبوون کاریان لەسەر گواستنەوەی چەكو تەقەمەنی دەکردو کەسانێکی تریش کە بەکاروباری خواردەمەنی ماوە بەسەرچووە وە سەرقاڵ بوون، ئەوەش بوو بەهۆی چوونە دەرەوەی داراییەکی زۆر بەقاچاغ زیاتر لەوەی کە لەرێی هاوردەو ناردنە دەروەدا، میسر کاری لەسەر دەکرد.





### *5. هەڵوێستی وەفد سەبارەت بەهەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی گەل لەساڵی 1990دا:*

دوای ریفراندۆمێك لەناو جەماوەردا سەبارەت بەهەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی گەل کەلە (11) ئۆکتۆبەری لەساڵی 1990دا ئەنجام درا وەفد لەڕێی رۆژنامەی خۆیەوە بەتووندی هێرشی کردە سەر ئەم ریفراندۆمەو رایگەیاند کە بڕیارێك بۆ بانگهێشت کردنی جەماوەر لەلایەن سەرەك کۆمارەوە بەسەو، ئەم ریفراندۆمەش پووچەڵ دەبێتەوەو. بەپێی دەستوور دەستەی یاسایی لەدەرکردنی بڕیارە یاساییەکاندا بە نوێنەرایەتی گەل کاردەکەنن لەکاتێکدا کەبڕیار دەرچووبێ، نابێ کارێکیتر ئەنجام بدرێتو، ببێتە هۆی لاوازکردنی دەزگای یاسایی. هەموو ئەو بڕیارانەی کە لەڕێی دادگاوە بەشێوەیەکی یاسایی دەردەچێت، جیٚبەجێکردنی دەکەوێتە سەر ئەستۆی هەموو هێزەکانی دەوڵەت. بەوپێیە ئەگەر ئەنجومەن بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆی دابێ. سەرەنجامی ریفراندۆم لەوانەیە وڵات بخاتە ژێر باری مەترسییەوەو، رەنگە بەشێوەیەکی بەرچاو جەماوەر بۆ مانەوەی ئەنجومەن وەڵامی بە((بەڵێ)) بداتەوە، لەکاتێکدا لەرووی یاساییەوە ئەنجومەن هەڵوەشاوەتەوە، دەرەنجامی ریفراندۆمی لەوشێوەیە دەبێتە هۆی لەرزۆك کردنی بڕیارە یاساییەکان. ئامانجیش لەم کارە ئەوەیە کەهێزی

www.pertwk.com

جێبەجێکردن (تەنفیزی) بەسەر هێزی ((یاساییدا) باڵادەست بێ. وەفد هەڵوێستی خۆی بەوە دەرخست کە (سراجەدین) بەشداری ریفراندۆمەکەی نەکردو، وای نیشاندا کە پشتگیری لە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەن دەکات، بەڵام ریفراندۆمەکە پێویست نییە. وەفد هەروەکو هەموو حزبەکان یاسای تازەی هەڵبژاردنی پەسەند نەکرد، بەبیانووی ئەوەی کە دادگا بەتەواوەتی بەم یاسایەدا نەچۆتەوەو. یەکەم حزب بوو ئەوەی پەسەند نەکردو سەبارەت بە دابەشکردنی بنەکەکانی هەڵبژاردن کە بەرژەوەندی حزبی دەسەڵاتداری تێدابوو وناڕاستی خشتەکانی هەڵبژاردنی ڕەتدەکردەوە، سەرەڕای ئەوەی وەفد بڕیاریدابوو کە بەشداری لە هەڵبژاردندا نەکات، بەڵام هەر لەڕێی وەفدەوە (81) کەس دەستنیشان کرابوون بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن کە (42) کەس لەوانە بەرەسمی ناسێنراون‌و لەحزب دەرکران‌و (14) کەسی تریان بە پاڵێوراوانی سەربەخۆی هەواداری وەفدەوە لە هەڵبژاردندا سەرکەوتن بەڵام حزب رایگەیاند کە ئەوانە هیچ پەیوەندییەکیان بەحزبەوە نییە لەبەر ئەوەی وەفد بەشداری هەڵبژاردندا نەکردوە.

### *6ـ پەیوەندی وەفد بەرووداوە ئیسلامییەکانەوە:*





پەیوەندی وەفد بەسەرهەڵدانی ئیسلامییەوە بە لەرزۆکی دەستی پێکرد، هەرچەندە تایبەتمەندی بەرنامەی حزبی وەفد جەخت لەسەر یەکێتی گەل دەکاتو، ئاماژەکردن بە بابەتە ئایینیەکان لە کاروباری گشتی‌دا بەباشی دەزانێ خۆی بەدوورە پەرێز بگرێ. کاتێك کە ئیخوان لەساڵی1942دا بەنیازی هەڵبژاردن بوو، (حەسەن ئەلبەنا)بەیاوەری حەڤدە کەسی دی لەژێر سێبەری حکومەتی وەفدا دەستنیشان کران، ولەکاتی راگەیاندن بۆ خۆپاڵاوتنیان جەختیان لەسەر شەرعیەتی ئیسلامی دەکردەوە. نێوان وەفدو ئیخوان ناخۆشی تێکەوتو(نوحاس پاشا) رابەری ئیخوانەکان بەو بەڵگەی کە ئەوان گروپێکی ئاینین‌و ناتوانن کاری سیاسی بکەن‌و حزب دامەزرێنن‌و، لەبارەی دەستنیشان کردنی (حەسەن بەنا) بۆ هەڵبژاردن ناڕەزایی خۆی دەربڕی.

(فواد سراجەدین) وایدەرخست کە لەڕابردوودا پەیوەندی ئیخوان‌و وەفد باشبووەو هەمیشە وەفد لەهەڵبژاردنەکاندا هاوکاری‌بووە، ودەیگوت: (من یەکێك بووم لە ئەندامانی دەوڵەتی ئیئتیلافی کە ساڵی 1949 پێك هات. بەئاراستەی ئەو باوەڕی خۆم بۆ ئازادی گشتی میسر سەبارەت بە بەندکراوی ئیخوانەکان هەوڵێکی زیادم دەدا). لە حوزەیرانی ساڵی 1950دا کاتی وەفد حکومەتی پێکهێنا وەزیری دەوڵەت بڕیاری ئازادکردنی هەموو



www.pertwk.com

بەندکراوەکانی دەرکرد. لەساڵی 1984 دا لەنێوان ئیخوان و وەفداو بۆ کاروباری هەڵبژاردن پەیوەندییەکی هاوکاری لەنێوانیاندا دروست بوو،(ئەو راگەیەنراوانە دوای رەزامەندی وەفدو ئیخوانەکان لەپێناو بەیەکەوە بەشداریکردنیان لەهەڵبژاردندا لەساڵی 1984دادەرکەوتووە).

کاتێك کە ئیخوان لەگەڵ حزبیکارو ئەحرار ئیئتیلافیان پێك هێنا. (وەحیدرەئفەت) جێگری سەرۆکی حزب بەنیازی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ساڵی 1987 وتی:

((مەترسی واقیعیانەی ئەمڕۆ لەلای کۆمۆنیستەکانەوەو وەفدەوە کە نوێنەری چینی مام ناوەندییە نایە. بەڵکو ئەم ئیئتلافە کە ئیخوان لەگەڵ حزبی کاردا پێکهێناوەو کەڵك وەرگرتنی ئەو دوو حزبەو ئیئتیلاف کردنیان، دەسەڵات بەسەر هەڵبژاردندا دروست دەکات، بۆ نموونە حزبیکار لەهەڵبژاردنی ساڵی 1984 زیاتر (7.5٪) دەنگەکانی بەدەست نەهێنا، بۆیە ئیخوان مەرجەکانی خۆی خستەسەر ئەستۆی ئەوان و کەوتە ناکۆکی نانەوە بەدەوری حزبەکانیتردا. مەترسییەکیتر لەلایەن ئیخوانەوە ئەوەیە جێبەجێکردنی کتوپڕی یاساکانی ئیسلام بەئامانجی ئەوەی حکومەتی میسر بگۆڕن بەحکومەتێکی تیئۆکراسی و، بوونیان لەناو ئەنجومەندا بۆ دروستکردنی کۆسپ و کەلەبەرە لەڕێی حکومەتداو داواکردنی بەپەلەی جێبەجێکردنی یاسا ئیسلامییەکانە. لەراستیدا ئیئتیلافی ئەوان ئیئتیلافێکی سیاسییەو لەژێر پەردەی جێبەجێکردنی شەرعیەتی ئیسلامدایە تاوەکو بگەن بەدەسەڵات بۆ





پێکهێنانی حکومەتێکی ئاینی شاراوە. ئەم خاڵە پێویستە لەبەرچاو بگیری کە ئێمە دژی ئایین نین بەڵام پشتگیری لە پێشکەوتنی ئارام و لەسەرەخۆ دەکەین، بەڵام ئەو شتانەی ئەوان دەیڵێن لەپێناو گەیشتن بەدەسەڵاتە. ئەم کارە تاقیکردنەوەیەکی یەکجار ناخۆش بوو. ئێمە لایەنگری ئۆپۆزسیۆنە بەهێزەکان دەکەین بەڵام ئەمانە جۆرە نەیارێکن، ئامانجیان تێکدانی هەلومەرجە لەناو کۆمەڵگاداو گۆڕینی حکومەتە بۆ حکومەتێکی مەزهەبی تاوەکو لەوڵاتدا کەسایەتیەکانی ئایینی زاڵبن).

لەوەڵامی ئەم پرسیارانەدا ئەگەر بڵێین، ئایا حزبی وەفد لەکرداری خۆی پەشیمان نییە. لەکاتێکدا کە ئەمانە یەکەم کەس بوون کە هەلیان بۆ ئیخوان رەخساند لەرێی ئیئتیلافی نێوانیاندا بچنە ناو پارلەمانەوە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەمان لەرووی یاساییەوە حزبێکی قەدەغەکراوبوون. (وەحید رەئفەت) لە وەڵامی ئەمەدا وتی: (ئەم کارە بەمێژوونووسان دەسپێرم چونکە ئەوان بەپێشینەی کاروبارەکان ئاشنان و بەشێوەیەکی باشتر شیکاری بابەتەکان دەکەن.)

لە درێژەی قسەکانیدا رەئفەت وتی: ((ئیئتیلافی ئیسلامی لەراستیدا جگە لە ئیئتیلافێکی سیاسی شتێکیتر نییە چونکە ئیسلام بەهۆیەك بۆ گەیشتن بەئامانجی خۆی کەلەو حکومەتەدا دەیبینێ بڕیار لەسەر جێبەجێکردنی دەدا، وکەمتەرخەمی لەدەرکردنی یاسای ئیسلامییان بەپێشەوەچوونی وردو لەسەرخۆ، بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەی گرفتەکان کە لەسەر گۆڕەپانەکەدا بە



www.pertwk.com

پێویست دەزانرا، بەهەرحاڵ ئێمە دەربارەی ئەو شتانە نیازێکمان نییە))

سەرەڕای ئەوەی کە ئەو هەڵوێستانە دژ بەئیخوان و دیاردەکانی لەدوای ئیئتیلاف لەگەڵ کارو ئەحراردا دەرکەوتن لە هەڵبژاردنی ساڵی 1987دا وەفد هەوڵێکی زۆریدا بۆ راکێشانی کەسانی ناو جیهادی نەیار بەئیخوانەکان بۆ یارمەتیدانیان لە هەڵبژاردندا. ئەمانە لەرێی هەندێ لە کەناڵەکانی ئیسلامییەوە، لە یەکێتی پارێزەراندا پەیوەندییەکی شێوە دەزگاییان لەگەڵ سەرهەڵدانی جیهاددا هەبوو، پەیوەندی لەگەڵیاندا کەوتەسەر هێڵی خۆیی و ئەم هەڵوێستەش هەروەکو هەمان هەڵوێستی ساڵی 1984 بوو کە بۆ راکێشانی هەندێك لەکەسانی گروپە ئیسلامییەکان کە لەناو ئیخواندا نەبوون وەکو (شیخ حافز سەلامە، شیخ ئەحمەد ئەلمەحلاوی) بەهۆی کەڵك وەرگرتن، لەدەسەڵاتی (عمر تلمسانی) کە دوچاری شکست بوو، نەگەیشتە ئەنجام و، رۆژنامەی وەفد بەرگری لەم رووداوانە دەکردو لەئاستی لیژنەکانیدا ئەمیش هاودەردی خۆی نیشاندەدا، بەڵام دوای تێشکانی ئەم هەموو کارە راگەیاندنانەی، بەتیرۆریست و بونیادگەر ناوی دەبردن.

هەندێك لەرووی هەڵێنانەوەی ئەو هەنگاوە، بەئەنجامی شێوەکانی براگماتیزمی و بەرژەوەندییەکانی سیاسی حزب





لەرووی دۆزینەوەی هاوسەنگی سیاسی بۆ ئیئتیلافەکە دەزانن، بەو مانایەی کە وەفد دەیەوێ بۆ بەدەست هێنانی رای ئیسلامگەرایی ئارایشتێکی ئیسلامی بەخۆیدا بدات.

### 7ـ وەفدو سیاسەتی دەرەوە

بەشێوەیەکی گشتی وەفد لەزۆربەی کاروبارەکانیدەرەوەدا لەگەڵ حکومەت ناکۆکی نییە، وەفد ئارەزووی لە سیاسەتەکانی رۆژئاوایە، ئەگەرچی بانگەوازی سیاسەتی بێلایەنی راگەیاندووەو، پارێزگاری پەیوەندییەکانی میسرو ئەفریقیای لامەبەستەو یەکخستنی پەیوەندی میسرو سۆدان جێی بایەخ پێدانیەتی بەڵام بەرهەڵستی لە فراوانکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا دەکات.

وەفد نارەزایی خۆی سەبارەت بەداخستنی نووسینگەی رێکخراوی ئازادی بەخشی فەلەستین لە قاهیرە دەربڕی. وەفد هەڵس وکەوتی ناوخۆی سوریای تاوانبارکرد هەروەکو لە بەرامبەر تونسیشدا سەبارەت بەئەشکەنجەو ئازاردان، نارەزایی خۆی دەربڕی. کاتێك کویت لەلایەن عێراق داگیرکرا. وەفد لایەنگیری موبارەکی کردو لەگەڵ هەموو هەڵوێستەکانیدا بوو سەبارەت بەجەنگیکەنداو. وهەڵوێستی ئەم حزبە لەشەڕی عێراق و ئێراندا، لایەنی ئێرانی تاوانبار دەکرد.

www.pertwk.com

گەلێك لەوانەی کە لەکاروباری سیاسی دەکۆڵنەوە لایان وایە کە ئەمریکا پشتگیری لە سیاسەتی ئەم حزبە دەکات و یارمەتی دەدات و ئامادەی دەکات تا لەداهاتوودا جێی حزبی گەل بگرێتەوەو. پێی باشە هەروەکو ئەمریکا، لە میسریشدا دوو حزبی سەرەکی هەبێ و ئەم دوو حزبەش حزبی گەل و حزبی وەفد بن، تاوەکو دەسەڵات لە ڕێی کایە دیموکراسییەکانەوە لەنێوان ئەو دوو حزبەدا بێت و بچێت. زۆربەی رابەرەکانی وەفد نوێنەری کۆمپانیا ئابوورییە ئەوروپایی و ئەمریکاییەکانن و سەرۆکایەتی بانکەکانی دەرەوە لەقاهیرەدا لەسەرشانی ئەوانە.

### 8- سەرچاوەکانی دارایی حزب

دابینکردنی سەرچاوەکانی دارایی بۆ چالاکییەکانی حزب، کۆمەکی ئەندامانە، کە زۆربەی زۆریان سەرمایەدارانن.

بەپێچەوانەی هەموو حزبەکان، وەفد هیچ جۆرە کۆمەکێکی دەوڵەت وەرناگرێ و خۆی لێدوور دەخاتەوەو، بۆ دابینکردنی دارایی خۆی کەڵك لە فرۆشتنی رۆژنامەکەی وەردەگرێ، کە دەتوانین بڵێین لەوڵاتانی کەنداودا (40) هەزار دانەی بەنرخی دەرەوە لێدەفرۆشرێ ئەمەش سەرچاوەیەکی باشە بۆ دارایی حزب لە ئەنجامدا کۆمپانیاکانی ئابووری نەخشەیەکی گەورە بۆ دابینکردنی ئەو سەرچاوە داراییانە لەرێگای بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکانیان لە رۆژنامەکەدا پێك دەهێنن.





کۆمپانیاکانی سەرمایە گوزاری وەکو کۆمپانیای (رایان، ئەلسەعد، ئەلهودا،ئەلشەریف..) بۆ بڵاوکردنەوە ریکلامەکانی خۆیان لەم رۆژنامەیەدا چەند ملیۆن پاوەنێکی میسری پێشکەش دەکەن بۆ ئەوەی داخوازییە داراییەکانی حزبی پێ جێبەجێ ببێ ئەم هەڵوێستە بۆ بەرگریکردن بوو لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەڕێی حزبی وەفدەوە.

چاکترین کات بۆ دابینکردنی سەرچاوەی دارایی حزب کاتی هەڵبژاردنی گشتیبوو. بەتایبەتی لە یەکییەتی پارێزەراندا هەرکەسێك بیویستایە خۆی کاندید بکات دەبوایە دەیان هەزار جونەیهی بدایە. سەرەڕایی ئەوەی کە بودجەی چالاکییەکانیشی ئامادە بکردایە. دیاریترین شێوەی ئامادەکردنی پارە بۆ حزب لەڕێی ئەندامانەوە لەشێوەی (ئەحمەد خواجە)یە کە بۆ بەدەستهێنانی رای لایەنگرانی حزب، بۆ ئەوە پۆستی سەرۆکی یەکێتی پارێزەرانی دەست کەوێت دوو ملیۆن جونەیهی بەخشی و لەئەنجامدا حزب لە پشتگیری (ئەحمەد ناسر)و لایەنگرانی دەستی کێشایەوە وپشتیوانی لە (ئەحمەد خواجە)کردو لەئەنجامدا ئەویش سەرکەوت و توانی سەرۆکی یەکێتییەکە بەدەست بهێنێ.

( مستەفا شەردی) سەرنووسەری پێشووی رۆژنامەی وەفد وەك نوێنەری حزبی وەفد ئۆتۆمبێلێکی مارسیدس بنزی (200)ی لەسەدام حوسێنەوە پێشکەش کرا، بەڵام رەتی

www.pertwk.com

كـردەوەو وەرینـەگرت، ئەمـە لەكاتێكـدابوو كـە سەرنووسـەری رۆژنامـەكانیتر وەریـان گـرت.سـەرۆكی وەفـد ئـەم كـارەی بـەم شێوەیە لێكدایەوە: (ئەوكارە پێچەوانەی یاسایەو ئەو كەهەتا لـە دەوڵـەتی میسـر كۆمـەك وەرنـاگرێ چـۆن دەتوانـێ لەدەوڵـەتێكی عەرەبیتر دیاری قبوڵ بكات. سـەرەڕای ئـەوەش بـەدوور نـازانرێ ئەو دیاررییە هەر بۆ ئەوەبێ ببێت بەچەكێك‌و بۆ لێدانی حزبەكـە بەبیانووی دیاری وەرگرتن لە دەوڵـەتێكی عەرەبییـەوە سوودی لێ ببینرێ).

حزبە سیاسییەكانی میسر

www.pertwk.com

# پێڕست

211



| | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | سەرەتا | 5 |
| | بەشی یەکەم<br>مێژووی چالاکی حزبایەتی لەمیسردا | 27 |
| 1 | دامەزراندنی حزبەکان لەمیسردا | 29 |
| 2 | هۆکارەکانی سەرهەڵدانی سیستمی فرە حزبی لەسەردەمی ساداتدا | 30 |
| 3 | هەنگاونان رووەو فرە حزبی | 35 |
| 4 | سەرلەنوێ کاراتربوونەوەی چالاکی حزبەکان | 42 |



حزبە سیاسییەکانی میسر



| | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | بەشی دووەم<br>حزبی دیموکراتی گەل | 47 |
| 1 | سەرگوزەشتەی دامەزراندنی حزب | 49 |
| 2 | بنەما سەرەکییەکانی حزب | 50 |
| 3 | بنچینەی تەوەرەکانی حزب | 51 |
| 4 | پێگەی سیاسی حزبی گەل | 52 |
| 5 | حزبی دیموکراتی گەل– حزبی دەسەڵات | 53 |
| 6 | نزمبوونەوەی شوێنگەی حزب | 54 |
| | | |

| | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | بەشی سێیەم<br>حزبی سۆسیالیستی کار | 57 |
| 1 | مێژووی پێکهاتنی حزب | 59 |
| 2 | سەرچاوەی بنچینەو بەرنامەکانی حزب | 60 |
| 3 | گۆڕانکارییەکانی حزب لەدوای دەرکەوتنی ناکۆکییەکان | 63 |
| 4 | گۆڕانکارییەکانی حزب لەسەردەمی موبارەکدا | 65 |
| 5 | ئیئتیلافی ئیسلامی | 68 |
| 6 | فرمانەکانی پارلەمانی | 71 |
| 7 | پەرەسەندنی مەبەستە ئیسلامییەکان | 73 |



www.pertwk.com

| | | |
|---|---|---|
| 8 | ناکۆکییەکانی ناو حزب | 73 |
| 9 | لێکدانەوە لەسەر ئیئتیلافی کارو ئیخواندا | 77 |
| 10 | کورتەیەك دەربارەی ژیان و بەسەرهاتی ئیبراهیم شوکری | 81 |
| | بەشی چوارەم حزبی تەجمموع | 83 |
| 1 | مێژووی پێکهاتەی حزب | 85 |
| 2 | پەیرەوپرۆگرامی حزب | 89 |
| 3 | کێشەی لایەنگیری | 93 |
| 4 | بڵاوکراوە سیاسییەکان | 95 |
| 5 | دیدو بۆچوونەکانی حزب لە... | 98 |
| | بەشی پێنجەم حزبی سۆسیالیستی ئازادی خواز (أحرار) | 101 |
| 1 | مێژووی پێکهاتنی حزب | 103 |
| 2 | چوونە ناو ئیئتیلافی ئیسلامیەوە | 105 |
| 3 | گیروگرفتیکانی حزب | 107 |
| 4 | بەرقەراری پەیوەندی نزیك لەگەڵ حکومەتدا | 109 |
| 5 | سەرکردەکانی حزبی ئەحرار | 112 |







| | | |
|---|---|---|
| | بەشی شەشەم حزبی ئیتحادی دیموکراتی و حزبی میسرولفەتات | 115 |
| أ | حزبی ئیتحادی دیموکراتی | 117 |
| 1 | مێژووی دروستبوونی حزب | 117 |
| 2 | ئامانج و بەرنامەکانی حزی | 118 |
| 3 | هەڵوێستی سیاسی حزب | 121 |
| ب | حزبی میسرولفەتات | 122 |
| 1 | مێژووی دروستبوونی حزب | 122 |
| 2 | بەرنامەو ئامانجەکانی حزب | 123 |
| 3 | پەیوەندی حزب لەگەڵ رووداوە ئیسلامیەکانەوە | 125 |
| 4 | پەیوەندی حزب لەگەڵ رووداوە سیاسییەکاندا | 125 |
| 5 | جیابوونەوەکانی ناو حزب | 127 |
| 6 | دوا گۆڕانکاری ناو حزب | 128 |
| | بەشی حەوتەم حزبی ناسری | 131 |
| 1 | مێژووی ناسریزم و پێکهاتەکەی | 133 |
| 2 | حزبی فەرمانڕەواو ناسریزم | 143 |
| 3 | ناسرییەکان و هەڵبژاردنی پارلەمان | 145 |
| 4 | ناسرییەکان و ناو توندوتیژی | 147 |




www.pertwk.com

| | | |
|---|---|---|
| 5 | ناسرییەکان و بزوتنەوەی ئیسلامی | 148 |
| 6 | تایبەتمەندییەکانی بیری ناسریزم | 150 |
| 7 | هێڵە بنچینەییەکانی بیروباوەڕی حزبی... | 158 |
| 8 | کورتەیەک دەربارەی ژیان و چالاکییەکانی (زیائەدین داود) | 160 |
| 9 | تێبینییەکان | 161 |
| | بەشی هەشتەم<br>حزبی(الامة)و حزبی (الخضر) | 165 |
| أ | حزبی الامة | 167 |
| 1 | کورتەیەک لەمێژووی دامەزراندنی حزب | 167 |
| 2 | ئەزموونەکانی هەڵبژاردن | 168 |
| 3 | دیدگاکانی حزب | 170 |
| ب | حزیی سەوز(الخضر) | 173 |
| | دامەزراندنی حزبی سەوز | 173 |
| | بەشی نۆیەم<br>حزبی وەفد | 177 |
| 1 | مێژووی دامەزراندنی حزب | 179 |
| 2 | جیابوونەوەو رووبەڕووبوونەوە | 185 |








| | | |
|---|---|---|
| 3 | بەرنامەی حزبی وەفدو گۆڕانکارییەکان | 191 |
| 4 | چالاکییەکانی پارلەمانی حزب | 198 |
| 5 | هەڵوێستی وەفد سەبارەت بەهەڵوەشاندنەوەی پارلەمان | 202 |
| 6 | پەیوەندییەکان وەفد بەرووداوە ئیسلامیەکانەوە | 204 |
| 7 | وەفدو سیاسەتی دەرەوە | 208 |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |




www.pertwk.com